
ژنان
پووشپەڕی ۲۷۲۲ ی کوردی
گۆڤاری "یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان" ە
57
سیاسەتی ئابووری یان ئابووریی سیاسی؟
ڕوانینێک بۆ چەمکی فیمینیزم
چارەنووسی کۆرپەلە فڕێدراوەکان لە ئێران چییە
یەکی ژوئەن، ئەوڕۆژەی بۆ منداڵانە
جیاوازی ژنان و پیاوان لە پێوەندی دا
دەسکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی
دوای ۴۳ ساڵ دەسەڵاتداری
باسێک لە خۆڕاگرییەکەنی زارا محەممەدی
ژنێکی مەند بە وێنەی ئاوی زەریا
کورتەیەک لە ژیانی ئەدەبی فروزان فەزلی،
شاعیرو نوسەر وچەند هۆندراوەی
THIS IS Feminism


WOMEN
DEMOCRATIC WOMEN
UNION OF KURDISTAN
June 2022

# پێرستی بابەتەکان

سیاسەتی ئابووری یان ئابووریی سیاسی؟ ل ٤ -

ڕوانینێک بۆ چەمکی فیمینیزم ل ٧-

چارەنووسی کۆرپەلە فڕێدراوەکان لە ئێران چییە؟ ل ٩-

یەکی ژوئەن ئەو ڕۆژەی بۆ منداڵانە ل ١٠-

دیمانە ل. ١٢-

جیاوازی ژنان و پیاوان لە پێوەندیدا ل. ١٨-

دەستکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی لە (٤٣) ساڵ دەسەڵاتداری ل.٢٠-

باسێک لە خۆڕاگرییەکانی زارا محەممەدی ل. ٢١-

ژنێکی مەند بە وێنەی زەریا ل.٢٢-

کورتەیەک لە ژیانی ئەدەبیی فروزان فەزلی ...... ل. ٢٤-

## دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

ژمارە ٥٧ی گۆڤاری ژنان
ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان

بۆ پێوەندی کردن
بە یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان:
y.jnan.dk.@gmail.com
009647518770093

دیزاینی گۆڤار:
نەسرین یوسفزادە
بەرگ:
ع. ڕۆژهەڵات

# سیاسەتی ئابووری یان ئابووریی سیاسی؟



شەونم هەمزەیی

سیاسەتی ئابووری کۆمەڵێک ڕێکار و کارڕاپەڕاندنە کە دەوڵەت بە مەبەستی کار کردنە سەر چالاکییە ئابوورییەکان دەیکا کە کاریگەریی لەسەر دارشتنی ئابووری هەیە. واتە بریتییە لە بەرنامە و سیاسەتێکی گونجاو بۆ بەرهەمهێنان و گەشەپێدانی توانای ئابووری و... مەبەست لێی بەدیهێنانی پەرەپێدانی ئابووری، سەقامگیریی ئابووری و پاراستنی ئابووریی نیشتمانییە بە جۆرێک هەر وڵاتێک و دامەزراوەیەک بە سیستمە ئابوورییەکەی پێناسە دەکرێ و هەر ئەو سیستمەش پێکهاتە و کارایی ئابوورییەکەی دیاری دەکا.

سیاسەتی ئابووری بەتایبەتی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد و نەمانی سیستمی دووجەمسەری و ڕۆڵی سەرەکیی ڕۆژاوا، گرینگییەکی زیاتری پەیدا کرد. سیاسەتی ئابووری بۆ گەشەی ئابووری پێویستە و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە و پێوەندیی بە سەرچاوەی داهات و هێزی مرۆییی ئەو وڵاتەوە هەیە.

سەدەی بیستەم، سەدەیەکی پڕ لە قەیران و ڕکابەری و کێشەی وڵاتان بوو، هەڵگیرسانی دوو شەڕی گەورەی جیهانی، دارمانی ئیمپراتۆرییەکان و دروستبوونی دەیان حکوومەتی نەتەوەیی، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و نیزامی ئابووری و چەندین گۆڕانکاریی تر، سیمایەکی تری بە جیهان بەخشی کە لەم نێوەدا بەرژەوەندیی ئابووریی وڵاتان یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی سەرهەڵدانی ئەو ناکۆکییانە بوو، بەتایبەت دوای شەڕی جیهانیی یەکەم کە بێکارییەکی زۆر سەری هەڵدا و بوو بە دیاردەیەکی جیهانی، جیهان لە ساڵەکانی ١٩٢٩-١٩٣٣ بێبازارییەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی کە بووە هۆی زۆربوونی ژمارەی بێکاران، هەر ئەمەش بووە جێی مشتومڕ و بەدواداچوونی ئابووریناسان و وڵاتان بۆ گەیشتن بە چارەسەری بارگۆڕانی ئابووری لە ماوەی دوای شەڕ و نیو سەدەش دوای شەڕ.

لەم نێوەدا ئێرانیش کە وڵاتێکی پان و بەرین بوو و لە بواری سامانی سروشتییەوە دەوڵەمەند بە سەرچاوە ئابوورییەکان بوو و لە ڕووی ژێئۆپۆلیتیکیشەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەڵکەوتەیەکی باشی هەبوو، بەڵام بە ئاوڕدانەوەیەک لە دۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئێران دەزانین کەڵکی بەرچاو لەو سەرچاوانە وەرنەگیراوە و لە بەرژەوەندیی خەڵکدا بەکار نەهاتووە و بگرە لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە بە مەبەستی چەوساندنەوەی خەڵک بەکار هاتووە. لەو کاتەدا کە دەبوو سوود لەم بارودۆخە وەربگیرێ ببوو بە مەیدانی ڕمبازێنی وڵاتە زلهێزەکانی وەک ڕووسیە و بریتانیا. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم حکوومەتی ئێران لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە زۆر لاواز بوو، گوشارێکی زۆری ئابووری لەسەر خەڵک بوو، گرێبەستەکان لەگەڵ وڵاتانی




دەرەوە کە هیچ بەرژەوەندییەکی خەڵکی تێدا نەبوو، ڕۆژ بەڕۆژ قورساییی زیاتر دەکەوتە سەر ژیان و بژێوی خەڵک، بە جۆرێک خەڵک چیتر بۆیان تەحەممول نەکرا و بزووتنەوەیەکی لەژێر ناوی مەشرووتە بەمەبەستی بەرتەسککردنەوەی دەسەڵاتی شاهەنشاهی هاتە ئاراوە، هەرچەند کە دەرەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو و لەلایەن دەسەڵاتی پەهلەوییەوە ژێر پێ نرا.

ئەوەش زۆری نەخایاند و لە ئاکامدا پاش چەندین ساڵ دۆخی خراپی ژیانی خەڵک و هەروەها نەبوونی ئازادیی سیاسی بووە هۆی سەرهەڵدان و ڕاپەڕین و لە ڕێبەندانی ساڵی ٥٧دا شۆڕشی گەلانی ئێران سەر کەوت و قۆناغێکی تر لە ژیانی خەڵکی ئێران لەژێر سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەستی پێکرد. گەلانی ئێران لەو بڕوایەدا بوون بە سەرکەوتنی شۆڕش بە ئامانجەکانیان دەگەن و لە سێبەری ئازادی و دادپەروەری و خۆشگوزەرانیدا دەحەسێنەوە، بەڵام زوو دەرکەوت کە پێچەوانەی ویست و داخوازی خەڵک بوو.

لە ڕووی ئابوورییەوە سەرچاوە گرینگەکانی ئابووری لە بەرژەوەندیی خەڵکدا بەکار نەهێنرا، داهاتی ئەم وڵاتە لە بری وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان خەرجی شەڕ و دەستتێوەردان لە وڵاتانی ناوچە و ناردنە دەرەوەی شۆڕش و پشتیوانی لە گرووپە تێرۆریستەکان کرا. هەروەها پیتاندنی ئۆرانیۆم و پەرەدان بە چەکی ئەتۆمی جیا لە بەکارهێنانی سەرچاوەی ئابووریی ئەو وڵاتە هۆکارێکیش بووە بۆ دژایەتیی وڵاتان لەگەڵ ئێران و دژکردەوەی وڵاتانی ڕۆژاوا و گەمارۆ ئابوورییەکان، بە شێوەیەک کە دەتوانین بڵێین لە ئاکامی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، تەنیا خەڵکی ئەم وڵاتە تێدا زەرەرمەند بوون.

کێشەی سەرەکیی ئابووریی ئێران، هەر لە سەرەتای سەقامگیر بوونی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا، بوونی دامەزراوەی هاوتەریب لەگەڵ دەوڵەت یان هەمان ئابووریی سێبەر بووە، کە سەرچاوەی گەندەڵی و ڕێگری لە کەرتی تایبەتە، ئامانج لە

دانانی ئەم دامەزراوانە بە ڕواڵەت یارمەتیی کەسانی کەمداهاتی کۆمەڵگە بوو، بەڵام وردە وردە دەر کەوت ناوەندگەلێکن لە خزمەتی ئابووریی ڕانتی و گەندەڵیی ماڵی لە ئێراندا.

ئەم کێشە هەنووکەیی‌یانەی ئابووریی ئێران لە سۆنگەی سیاسەتی ئابووریی هەڵەوە سەری هەڵداوە و بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتەکانی پێش شۆڕش و بەکاربردنی شێوەی سزادان بۆ کۆنترۆڵی نرخ کە سەرچاوە گرتوو لە تێگەیشتنی هەڵە لە هەڵاوسان بوو. کۆنترۆڵی ئیداریی نرخ کە بووەتە هۆی هاوردەی بە لێشاوی شمەکی بیانی و خەساری بە کەرتی بەرهەمهێنانی نێوخۆ و بەشی هەناردە گەیاندووە و داهاتی ڕانتیی لێ‌کەوتووەتەوە. لە لایەکی تر ناکارامەیی تەرخان‌کردنی سەرچاوەی بوودجە و هۆگریی خەڵک بە کڕینی شمەکی ڕاوەستاو لە بەرامبەر هەڵاوسان وەک زێڕ و هەروەها سیاسەتی هاوردەی بەرفراوانی بەرهەمی کشتوکاڵ، لەگەڵ سووبسیدی بەکارهێنانی شارنشینان، کە کێشەی لە حەشیمەتی شارەکاندا دروست کردووە و سەرچاوەی زۆر کێشە و قەیرانی دیکەیە.

لە لایەکی تریش یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی خۆی لەمپەرە لە بەردەم پێشکەوتن و گەشەی ئابووریی ئەو وڵاتە، ئەم یاسایە ئەرکی زۆر قورسی وەک دابین‌کردنی بژیو، خانوو، تەندروستی و خۆش‌بژیویی خستووەتە سەر شانی سیستمی سیاسیی وڵات بێ‌ئەوەی لەمەڕ تێچووی بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکانە هیچ شتێکی گوتبێ، هەر لەم یاسایەدا ڕێگری کراوە و لەمپەر دانراوە لە بەردەم دروست‌بوونی پێوەندیی ئابووریی ئێران و ئابووریی جیهان و پێش‌گرتن لە دامەزراوە و کۆمپانیای کەرتی تایبەت کە هۆکاری گەشەی ئابووری و زیادبوونی بەرهەم‌هێنان لە هەو وڵاتێکدایە. ئەمە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتێکی گەورەی وەک چین -کە ئێران دوای گوشار و گەمارۆکان لەلایەن وڵاتانی ڕۆژاوا بۆ سات و سەودا کردن پەنای بۆ بردووە- کە لە دەیەی هەشتای زایینییەوە دەروازەی بازرگانی و پێوەندیی بە ڕووی وڵاتانی بیانی کردەوە و بووە بە یەکێک لە بازاڕە گەورەکانی جیهان لەم سەردەمەدا، بەتەواوی ناتەبایە.

ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێران دەیبینین بەرزبوونەوەیەکی بەردەوام و هەست پێ‌کراوە لە ئاستی گشتیی نرخەکاندا کە خواستێکی زۆر زیاتر هەیە لەچاو خستنەڕووی شمەک و خزمەتگوزارییەکان و تێیدا دەستاودەست کردنی پوول زۆر بووە بێ ئەوەی زیادبوونی قەبارەی شمەکی بەرهەم‌هێنراوی لەگەڵدا بێ، بە جۆرێک بووەتە هۆی دابەزینی هێزی کڕینی پوول و بەرزبوونەوەی لە ڕادەبەدەری نرخی پێویستییەکان و دروست‌بوونی هەڵاوسانی سەرکێش بەشێوەیەک سیستمی نەختینەییی ئەم وڵاتەی بەرەو هەرەس‌هێنان بردوە. وەک ئەوەی ساڵی ١٩٣٩ لە ئاڵمان ڕووی دا کە بە زۆری بەستراوەتەوە بە هەلومەرجی شەڕ و شۆڕش و جێگیر نەبوونی باری ڕامیاری، ئابووری و کۆمەڵایەتیی دەوڵەتەوە. لێرەدا ئەوە دەوڵەتە دەبێ هەوڵ بدا بە ڕێکار و بەرنامە و پلانی تۆکمە ئەم هەڵاوسانە لە ڕێگەی جۆراوجۆر کپ بکا کە بارێکی کاتییە، چونکە یان ئەوەیە دەسەڵات دەتوانێ باری ئابوورییەکە ڕاست بکاتەوە یان ئەوەیە بارەکە لەدەست دەردەچێ و بەرەو ئاڵۆزی دەچێ و کۆنترۆڵ‌کردنی سەخت دەبێ.

کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی ئاوساو و پڕکێشەیە، بەهۆی ناکارامەیی و بێ‌بەرنامەییی لە بواری بەڕێوەبەری و سیاسییەوە و بەهۆی ئەوەی لە قۆناغی پەڕینەوە لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی بۆ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنە، تووشی سەرلێشێواوی و ئاڵۆزی بووە. قەیرانە یەک لەدوای یەکەکان، بێ‌متمانەیی و بێ‌هیواییی خەڵک، بێ‌کاری و نەبوونی دۆخی کەسب‌وکار، قەیرانی ژینگەیی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لەو وڵاتەدا دۆخێکیان خولقاندوە کە ناڕەزایەتییەکان بە شێوەیەک پەنگیان خواردۆتەوە کە هەر کات ئەگەری ناڕەزایەتی و خۆپێشاندان و ڕووداوی چاوەڕوان‌نەکراو لە لایەن خەڵکەوە هەیە.

لە ساڵانی ڕابردوودا و بەتایبەت لە مانگی بەفرانباری ٩٦ بەملاوە زنجیرەیەک خۆپێشاندان لە نزیک بە ١٠٠ شاری ئێران هاتە ئاراوە کە بە خاڵێکی وەرچەرخان لە ئێران دادەنرێ. ئەمساڵیش لە مانگی بانەمەڕدا و لە درێژەی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵک ڕەوتێکی نوێ لە ناڕەزایەتی دەستی پێ‌کرد، خەڵک بە ئامانجی جۆراوجۆر لە خۆپێشاندانەکاندا بەشدارییان کرد و پاڵنەرەکانی بەشداریی خەڵک جۆراوجۆر بوون، لە لایەک بێزاری و تووڕەییی خەڵک لە سیستم و دەسەڵات بوو کە لەو خۆپێشاندانانەدا بە ڕاشکاوی سیستم و دەسەڵاتیان کردە نیشانە و لە لایەکی تریش دۆخی خراپی گوزەرانی خەڵک و گرانییە، بەشی زۆری خەڵکی ئێران لەژێر هێڵی هەژاری‌دا دەژین، ئەوە کارەساتە و ئەگەر ئەم ڕەوتە لە هەرەس‌هێنانی ئابووری بەردەوام بێ ڕێژەیەکی زیاتر لە خەڵک بۆ ژێر هێڵی هەژاری دادەبەزن و لەوانەیە لە داهاتوودا خەڵکێکی زیاتر بێنە نێو بازنەی ناڕەزایەتییەکانەوە.

ئێران لەگەڵ ئەوەی وڵاتێکی نەوت‌تەوەرە دەیتوانی لە ڕێگەی ئەو داهاتەی لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە دەستی دەکەوێ بەرەو ئابووریی دوای نەوت هەنگاو هەڵێنێتەوە و بەشێک لە کێشە ئابوورییەکانی چارەسەر بکا. لە جیاتی ئەوەی ئەم داهاتە سەرسوڕهێنەرە لە خزمەتی گەشەی وڵات‌دا بەکار بێنێ و ببێتە یەکێک لە ئابوورییە بەهێزەکان، بەڵام هەر لەو دۆخەدا ماوەتەوە و هیوایەکیش بۆ دەربازبوون نییە، چونکە بێ‌بەرنامەیی و ئیدئۆلۆگ بوونی سیستمی ئابووری و گەندەڵی، لە هۆکارە سەرەکییەکانی نەگەیشتن بە دوارۆژێکی ڕووناک لەم وڵاتەیە.

بەم پێیە لە کۆتایی‌دا دەتوانین ئاماژە بەو خاڵە گرنگە بکەین کە کۆماری ئیسلامی بەرنامە ئابوورییەکانی نەک لە خزمەتی خۆشبژیویی خەڵکدا نییە و نایهەوێ لە ڕێگەی بەرنامە و پلانێکی تۆکمە و هزرمەندانەوە، باری ژیانی خەڵک و گەشەی ئابووریی وڵات بەرەو پێش بەرێ، بەڵکوو ئەو ئابوورییەی بەتەواوی لە خزمەتی سیاسەتە شەڕەنگێزانەکەی‌دایە. بەجۆرێک کە سپای پاسدارانی کردووەتە گرنگترین ناوەندی ئابووریی ئێران و ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بە قاچاخ و بە ئاشکرا بەدەستی دێنێ، لە پرۆسەی چەکی ناوکی و پەلهاوێژی بۆ وڵاتانی دوور و نزیک و تێرۆریزمی دەوڵەتی‌دا خەرجی دەکا؛ بۆیە پێمان وایە ئەو سیستمە ئابوورییەی کە لە ئێراندا زاڵە، لە خزمەتی سیاسەت (ئیدئۆلۆژی)ـی حاکمدایە، نەک لە خزمەت گوزەرانی خەڵکدا.

# ڕوانینێک بۆ چەمکی فیمینیزم



شلێر باپیری

فیمینیزم لەو چەمکانەیە کە لە کۆمەڵگەی نێروەجاخی زۆرتر بە باری نەرێنی باس دەکرێ و بۆچوونی لەسەر دەنووسرێ. فێمینیزم چەمکێکە زۆرتر بە ڕۆژئاوایی و بۆ کۆمەڵگەی رۆژئاوا دەناسرێ و پێناسەکراوە. زۆرن ئەوانەی پێیان وایە کە فێمینیزم وەک چەمک بۆ کۆمەڵگەی کوردی ناگونجێ، بەڵام ئایا هۆکارەکەی چییە؟ زانستین یان هەر سەرزارەکی؟ ئایا تێگەیشتنی هەڵە لە خودی چەمکەکەیە یان قینێکە کە کۆمەڵگەی نێروەجاخی دژ بەو چەمکە ڕشتویەتی؟

لەو بابەتەدا پێم خۆشە تیشک بخەمە سەر تەوەری فێمینیزم لە ناوەڕۆکەکەیدا چی نیشان دەدات، بۆچی زۆرێک لە ژن و پیاولە کۆمەڵگەی کوردی و هەروەها کۆمەڵگەکانی دیکە هێشتا ڕقیان لێی دەبێتەوە و بە توندی بەرەنگاری دەبنەوە.

سەردەمی ئێستا وەک سەردەمێکی تەکنەلۆژی و دنیای بەرفراوانی ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا، بەدواداچوون بۆ داتاکان و دۆزینەوەی فاکتی لەسەر چەمکەکان ئاسان کردووە. لەم نێوەندەدا کاتێک هەواڵێک، لێکۆڵینەوەیەک، دێکۆمێنتارییەک لەسەر یەکسانی جێندەری، چەمکی فیمینیزم و باسەکانی پێوەندی بە یەکسانی دەخوێنینەوە، دەبینین کە ناکۆکییەکی توند لە نێوان مرۆڤەکاندا سەبارەت بەو بابەتانە و گرنگی یەکسانی جێندەری هەیە کە تاکی کورد و کۆمەڵگەی کوردی لەم نێوەدا بێبەش نین.

ئەو بۆچوونەجیاوازانەدەتوانم بەم شێوەیەی خوارەوەڕیزبەندی بکەم:

> **فیمینیزم:«باوەڕێکە کە دەبێ دەرفەتی وەک یەک بۆ هەموو تاکێک بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز فەراهەم بکرێت»**

زۆرن ئەو کەس، ناوەند و حیزبانەی کەپشتگیری لەو بیرۆکەیەناکەن کەپێویستەمافی یەکسان و دەرفەتی یەکسان بۆ ژن و پیاو هەبێت کە نمونە بۆ ئەوە بەتایبەت لە حیزبە ئیسلامییەکاندا زۆرە. زۆریشن ئەوانەی کە ئیدیعای یەکسانی دەکەن، بەڵام خۆیان باوەرێکیان بە یەکسانی نیە کە نمونەیان دەکرێ پارتە ئیسلامییەکان بێت.

هاوکات ژمارەی ئەو کەسانەش کەم نیەکەلەو باوەڕدان بۆ گەیشتن بەلوتکەی یەکسانی جێندەری ڕێگایەکی دووورودرێژمان لەبەرەبیبڕین و بەردەوام بۆ کورتکردنەوەی ڕێگەی گەیشتن بەیەکسانی هەوڵدەدەن.

جگەلەمانەش، کەسانێکی زۆر دەبینین کەباوەڕیان بەیەکسانی جێندەری هەیە، بەڵام «فێمینیزم» بەچەمک و بزووتنەوەیەک دەزانن کەکۆپی ئەزمونی وڵاتانی ڕۆژئاوایەو لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردی ناگونجێت. ئەو تێڕوانینەش تەواو هەڵەیەبەوپێیەهەمان ئەو کەسانەساڵانێکەکۆپی ئەزموونی دیموکراسی وڵاتانی رۆژئاوایان لەسەر مێزی سیاسی خۆیان داناوەو خەباتی بۆ دەکەن کەبەداخەوەهێشتا جێبەجێش نەبووە. لەدنیایەکدا دەژین هیچ بیرۆکەیەکی سیاسی مافی کەسێکی تایبەت نییەو هەرکەس و نەتەوەیەک خۆی لەگەڵ پێشکەوتنەکانی دنیادا دەگونجێنێ بێ ئەوەی بنەماکانی خۆی لەدەست بدا..

بەلێکدانەوەیەک بۆ ئەو بۆچوونانەی لەسەرێ ئاماژەم پێدان، زۆر ڕوون دەبینرێ کەزۆربەی بۆچوونەکان کەدەبیسترێن و دەبینرێن ڕەگ و ڕیشەیان لەئەزموونی کەسی و ڕاستەوخۆکانی تاکدا هەیە، نەک بنەمایەکی داتایی، لێکۆڵینەوەیەکی زانستی. ئەگەر بەجۆرێکی دیکەباسی بکەم ئەگەر بۆچوونەکان بەسەر ژنان و پیاواندا پۆلێن بەندی بکەین ئەوەئەو ژنانەی کەخۆیان توندوتیژی، هەڵاواردن، بێ مافی و زۆر نایەکسانی دیکەیان ئەزمون کردووەئەوەدەکەونەئەو خانەی کەیەکسانی جێندەری و هەروەها فیمینیزم وەک بزووتنەوەیەک بەزەرووڕەتێکی ئەمڕۆیی و سەردەمی دەزانن. هەروەها هەبوونی پیاوانیش لەنێو لایەنگرانی بۆچوونی یەکسانی جێندەری و بوونی فێمینیزم وەک بزووتنەوەیەک بۆ گەیشتن بەو یەکسانیە، کەم نین. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ زۆربەی بۆچوونەدژەکان پیاوان خاوەنی بن وەک لەژن، بەو ئارگومێنتەی کەپیاوان کەمتر ڕووبەڕووی ئەو توندوتیژی و هەڵاواردنانەی کۆمەڵگەدەبنەوەکەکۆمەڵگەی پیاوسالاری بنیاتی ناوەو ئیمتیازێکی لەسەرتری بەپیاوان داوەوەک لەژنان. بەڵام بەو واتایەش نیەکەپیاوان قوربانی کۆمەڵگەی نایەکسانی پیاوسالاری نین.

بەتێڕوانین لەم دابەشکارییەی سەرێ لەنێوان ژنان و پیاوان و بۆچوونی جیاوازی تاکەکان لەکۆمەڵگەکەماندا، پێویستە سەرەتا لەوەتێبگەین کەمەبەست لەبزووتنەوەی»فێمینیزم» چییە؟ بۆ دروست بووەو ئامانجی چییە.

ئەگەر چاو لەفەرهەنگەجیاوازەکانی ئۆکسفۆرد و هەروەها پێناسەی ناوەندی ژنانی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ فێمینیزم بکەین ئەوەزۆر کورت و ڕوون فیمینیزم بریتییەلەداکۆکیکردن لەمافەکانی ژنان لەسەر بنەمای یەکسانی جێندەری. تیۆرییەکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەبۆ یەکسانی جێندەری. هاوکات باوەڕێکەکەدەبێ دەرفەتی وەک یەک بۆ هەموو تاکێک بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز فەراهەم




بکرێ. فێمینیزم بۆ کورد دەکرێ ئاوا فۆرمولەبکرێت کەژن و پیاوی کورد بۆ ئەوەی خۆیان رزگار بکەن لەچەوسانەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، پێویستەسەرەتا لەسەر ئەم خاڵەرێک بکەون کەیەکسانن و رەگەز کێشەیەکی دیکەناخاتەسەر باری قورسی کورد وەک نەتەوە. دواتر قۆناخی ئەوەدەست پێدەکات کەئەگەر ژنێک مافی خۆی لەکۆمەڵگە ئەستاند، ئەستەمەلەمافەکانی خۆی بەرامبەر دەسەڵاتی داگیرکار خۆش بێ. بەکورتی من پێموایەئازادیی کورد لەئازادکردنی ژن و پیاوی کورد و ئاشتبوونەیەک لەسەر بنەمای یەکسانیی رەگەزی نێوان یەکتری دەست پێدەکا.

کەواتەدەتوانین بڵێین فێمینیزم لەناوەرۆکەکەیدا هەڵگری دەرفەتی یەکسانەبۆ هەموو تاکێک بەژن و پیاووەوەنەک «وەک یەکبوون». زۆر کەسیش زۆر خێرا ئەو وەڵامەدەدەنەوەکە«ژن ژنەو پیاویش پیاو» بۆیە یەکسانی مەحاڵە. وەڵامی فێمینیزم بۆ ئەو بۆچوونەئەوەیە: ژن مرۆڤەو پیاویش مرۆڤە، یەکسانن لەرووی سرووشتییەوەو ئەگەر

> **فیمینیزم: "هەڵگری دەرفەتی یەکسانە بۆ هەموو تاکێک بە ژن و پیاووەوە نەک «وەک یەکبوون»**

جیاکارییەک هەیەئەوەدەستکردی مرۆڤ و دەسەڵاتخوازیی پیاوە. بەڵام زۆربەی رەخنەگران یەکسەر ئاماژەبەهۆکاری بیۆلۆژی دەدەن و جیاوازی جەستەدەکەنەبەهانەیەک بۆ جیاوازی نێوان ژن و پیاو. جا ئەو جیاوازییەبیۆلۆژی و جەستەییانەدەکەنەدەریچەیەک کەبڵێن یەکسانی نێوان ژن و پیاو مەحاڵەو بێ ئاگان لەوەی سرووشت لەسەر ئەم دوو جیاوازییەبینات نراوەو تەنانەت خۆیان دەبوێرن لەوەی خۆیان بەرهەمی ئەم جیاوازییەبیۆلۆژیکییەن!

گرینگەلەوەتێبگەین کەواتای «یەکسان» بەواتای «وەک یەکبوون» نیە. باسەکەلێرەدا پێوەستەبەیەکسانی ماف و دەستراگەیشتن بەدەرفەتەکانەوەک یەک. جا هەربۆیەئەو بۆچوونەی کەبنەمای یەکسانی لەفۆرمی فیزیک و لەسەر بنەمای بیۆلۆژی پێناسەدەکەنەوە، بەتەواوی بۆچوونێکی هەڵەیە.

لێرەدا با نمونەیەک بێنمەوە، ئەگەر ئەگەر لە بنەماڵەیەکدا کوڕ و کچکێک هەبن، ئەوا دەرفەتی خوێندن وەک یەک بۆ کوڕ و کچەکە کەمتر دەگونجێندرێ. زۆرتر بۆ کوڕەکە دەرفەت دەدرێ بچێ لە شار و وڵاتێکی کە درێژە بە خوێندنی باڵا بدات بەڵام کچەکە رێگری لێدەکرێ. یان با چاو لە بازاڕی کار بکەین. تا ئێستاش رێژەیەکی زۆری ژنان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کار ناکەن کە هۆکارەکەی ئەوەیە کە بنەماڵەکان ئیزن نادەن کە ژن وکچەکان کار بکەن و بە نەنگی دەزانن. ژن بە ماڵەوە پێناسە دەکەن و پیاویش وەک سەرپەرست و هەروەها لە دەرەوەی ماڵ پێناسەی بۆ دەکرێت. هەزاران نموونەی دیکەی لەمجۆرە هەیە کە کچان بە هۆکاری جیاواز و لە کات و دۆخی جیاوازدا هەڵاواردراون و دەرفەتی وەک کوڕانیان نەدراوەتێ کە ئەوەش زۆربەڕوونی لە ئازادییەکانی منداڵی، قوتابخانە، درێژەدان بۆ خوێندنی باڵا و هەزاران نمونەی دیکە دیارن و ئەو دەرفەتە لە کچان دەستێنن بخوێنن و پێشبکەون و پێگەی خۆیان وەک تاک لە کۆمەڵگەدا ببیننەوە. جا ئەوکاتەیە دەبێ لەخۆمان بپرسین ئێمە لە کوێی یەکسانی جێدەریداین؟

پێم خۆشەلیرەدا چەند پرسیارێک بکەم لەهەموو ئەوانەی کەئەو بابەتەدەخوێننەوەو دەبینین و دەتوانن بەپێداچوونەوەبەناخی خۆیان و بیرەکانیان وەڵامی پرسیارەکان لای خۆیان بدەنەوە. دەکرێ هەمان ئەو پرسیارانەش لەداهاتوودا بکرێنە بناخەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی.

لەو باوەڕەدای کەدەبێ دەرفەتی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان هەبێت؟ ئەگەر وەڵامەکە«نا»یەهۆکارەکەی چییە؟

ئەگەر دژی ماف و دەرفەتی یەکسان و دەست پێراگەیشتنی بۆ هەموو تاکێک بەژن و پیاووەوە، چ شتێک لەگەیشتن بەو یەکسانیەنیگەرانت دەکات؟

پێت وایەکەدەستەیەک یان توێژێکی دیاریکراو مافی ئەوەیان هەیەدەستیان بەدەرفەت و مافی یەکسان

ڕابگات؟ جا ئەگەر پێت وایە، دەبێ چ گرووپ و توێژێک بێت و کێ بڕیار بدات بۆ ئەم توێژ و دەستەیە؟
زۆر خۆمانەبپرسم کەپێت وایەدادپەروەرانەیەکەژنان نیوەی مافیان هەبێت و بەڵام پیاوان مافی تەواو؟ ئەگەر وەڵامەکەبەڵێ بێ، پێویستە یەکسەر دەست بۆ گۆڕینی مانا و پێناسەی ماف ببەین، چونکەیەکەم ئەرکی ماف، دابینکردنی یەکسانییە. بیهێنەبەرچاوی خۆت بۆ دوو هاوسەر کەجیا دەبنەوەو مافی منداڵ زۆرتر دەدەن بەباوک و دایکی لێ بێبەش دەکەن؟ لەو نمونەیەورد ببەوەو جا وەڵامی پرسیارەکەبدەوە.
ئایا هیچ بابەتێک لەمیدیاکان لەپێوەند بەیەکسانی جێندەری دەخوێنیەوە یان هەر پێیدا تێدەپەڕی؟
لەخۆت بپرسەکەکۆمەڵگەیەک کەڕێگری لەتوێژێک بکات کەدەستیان وەماف و دەرفەتی یەکسان ڕابگات، دەبێتەکۆمەڵگەیەکی یەکسان و دادپەروەر و تەندروست بۆ هەمووان؟
ئەو کۆمەڵگەیەت قبوڵەکەژنان و کچان لەماف بێبەش بکات و ئیمتیازی تەواو تەنیا بەکوڕان و پیاوان بدات؟ ئەوکاتەوەڵامت بۆ ژنان، وەک منداڵ، خوشک، خێزان و نەوەچ دەبێت؟
لەدوایین پرسیاردا بیر لەوەبکەنەوەکەئەو هزر و باوەڕانەلەکوێوەوەسەرچاوەیان گرتووە؟ سەردەمی منداڵی؟ قوتابخانە؟ بنەماڵە؟ دەوروبەر؟ ئەزمونی تاکیت؟ میدیا؟ یان کلتوور بەگشتی؟
سەرنجم داوەتێ کەئەوانەی بەباوەڕیان بەیەکسانی ژن و پیاو هەیە، ناکۆکیان لەسەر شێوازی گەیشتن بەو یەکسانیەیە. زۆرێکیان دژ ئەوەن پێیان بگوترێت «فیمینیست» یان بەلایەنگر لەبزووتنەوەی فیمینیستی ناودێر بکرێن. زۆر بۆچوون لەلاپەڕەی سۆشیال مێدیادا دەبینم کەبزووتنەوەی فیمینیستی بەرۆژئاوایی دەزانن و گونجاو بۆ کۆمەڵگەی کوردی نازانن.
کەواتەبۆچی زۆر کەس ڕقیان لەفیمینیست و بزووتنەوەی فیمینیستیە؟
پێم خۆشەزۆر بەڕوونی ئاماژەبەچەند هۆکاری گرینگ بکەم:
یەکەم: پێناسەکردنی فێمینیزم وەک بزووتنەوەیەک بۆ چینی ژنانی خوێندەواری کۆمەڵگەکەناتوانێ وەڵامدەری خواستی هەموو ژنانی کۆمەڵگەبێ.
دووەم: کەم نین ئەو کەسانەی کەپێیان وایەفیمینیزم بەواتای دۆڕانی پیاوە. دۆڕان لەدەسەڵات، کاریگەری لەسەر بنەماڵەو کۆمەڵگە، هێزی ئەوتۆریتی و هەروەها دۆڕاندنی شانسی ئابووری.
سێیەم: لێکدانەوەی هەڵەکەفیمینیستەکان دەیانەوێت کۆنترۆڵی جیهان بکەن و پیاوان بڕوخێنن.
چوارەم: زۆر کەس ترسیان لەوەهەیەکەفیمینیزم نەریتی کۆمەڵگەبەلاڕێدا دەبات ئەو نەریتانەی کەلەسەردەمی ئەمڕۆ و دنیای دێموکراسیدا جێیان نابێتەوەوەک کوشتنی ژنان، بەشوودانی منداڵانی کچ، ژن بەژنەو زۆر نەریتی کۆنی دیکەی کۆمەڵگەی کوردی.
زۆر بەکورتی کەترسی زۆرێک لەتاکەکان ئەوەیەکەفێمینیزم و پێگەی یەکسانی ژن لەگەڵ پیاوان مەترسییەبۆ گۆڕانکاری نەرێنی لەپێوەندی هاوسەرگیری، کۆمەڵگە، کلتوور، دەسەڵات و داینامیکی دەسەڵات لەبوارەجیاوازەکاندا.
لەکۆتاییدا دەمهەوێ وتارەکەبەوەکۆبکەمەوەهەموو ئەو




ژنانەی کەئەمڕۆ دەسەڵاتی کوردی مانۆڕی پێ لێدەدات و بەبنەمای کۆمەڵگەی دێموکراسی دادەنێن بەرهەمی بزووتنەوەی فێمینسیتیە. ئەوەی کەژنان لەدەسەڵاتی بەڕێوەبەریدا بەشدارن هەرچەندەکەرێژەیەکی زۆر نیە، بەرهەمی بزووتنەوەی فێمینیستیە. هەربۆیەپێوەندکردنی بزووتنەوەی فێمینیستی بەتەنیا بەکۆمەڵگەی رۆژئاوایی بۆچونێکی هەڵەیە، چونکەهیچ کام لەبناغەو ئامانجەکانی فیمینیست و فیمینیستەکان دژی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی نین و بەڵام دژی کۆمەڵگەی پیاوسالارین کەتەرازوویەکی لاسەنگەبۆ ژنان و پیاوان.
لەکۆتاییدا بۆئەوەی باشتر، ڕوونتر و زۆر سادەبزانی لەبزووتنەوەی فیمینسیتی و چەمکی فیمینیزم بگەی، پێشنیار دەکەم چاو لە گوتاری نووسەری نێجیریایی «چیماماندا نگۆزی ئەدیچی» لە کۆنفراسی ساڵانەی تێد لە یوتیوب لەژێر ناوی «دەبێ هەموومان فیمینیست بین» بکەن. لەو گوتارەدا زۆر بە زمانێکی سادە چەمکی فیمینیزم و ئامانج لە فیمینیزم ڕوون دەکاتەوە.

Link for youtube video: https://www.bing.com/videos/search?q=we+should+all+be mi&٦٠٨٠٤٥٨٩٩٢١٥١٥٤٣٠٢=+feminist&docid d=AB٠٢٠C٤C٠٢٦CA٤٥٧B١٤CAB٠٢٠C٤C٠٢ ٦CA٤٥٧B١٤C&view=detail&FORM=VIRE


**سەرچاوەکان:**

١.Cathrine, Holst. ٢٠١٧. Hva er Feminisme. Oslo. Universitetsforlaget.
٢.Chimamanda Ngozi Adichie. ٢٠١٧. A feminist manifesto in fifteen suggestions. Alferd A. Knopf. USA.

# چارەنووسی کۆرپەلە فڕێدراوەکان لە ئێران چییە؟

نووسین و ئامادەکردن : چرۆ

لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٥٧ بەدوا و هاتنە مێدانی کۆماری ئیسلامی و پیادەکردنی سیستەمی ئاخوندی بۆ کۆمەڵگەی ئێران هەژاری و بێ دەرەتانی خەڵکی و زیاتر دووڵەمەند بوونی دەسەڵاتداران و لەش فرۆشی و ئاوارە بوون بۆ وڵاتانی تر و لەیەکترازانی بنەماڵە و نەهامەتی خەڵکیش نەک کەمی نەکرد لەدوای حکوومەتی پاشایەتییەوە بەڵکوو زۆر زیاتریش بووە.

دیرە پێشتر ئەوەی دەکرا بە ئاشکرا بوو و هیچ نەهێنییەک نەبوو بەڵام دوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی دەسەڵاتداری ئیسلامی هەموو شتێک بە فتوایەک حەڵاڵ و حەرام کرا تەنانەت لەشفرۆشی ژنان زۆر ئاسایی بە ناوی سیغە مۆرکی حەڵاڵی لەسەر دەدەن بەڵام ئەوەی کە حەڵاڵ دەکرێ تەنیا پێوەندی سێکسی نێوان دوو کەسە نەوەک ئەو منداڵەی لەو نێوانەدا د ڕوست دەبێ و بەداخەوە پەروەرشگاکان ساڵانە بە دەیان منداڵی فڕێدراو وەخۆ دەکرن ساڵیانە ڕووبەڕووی ڕووداوهایەکی ناخۆش لە مەڕ فڕێدانی کۆرپەلە دەبینەوە. لێرەدا باسێک لەسەر دەکەین.

بەم دوایانە فڕێ دانی کۆرپەلە لەسەر شەقامی شارە گەورەکانی ئێران و بە تایبەت شارەکانی تاران و کەرەج، قوم و مەشهەد،..(بەتایبەت ئەو شارانە کە ئاخوندێکی زۆری لێ بێ و بە ئاشکرا سیغە ڕێگا پێدراو بێ) ئێجگار زۆر بووە، کە دەتوانین لێرە باس لەسەر چەند هۆکارێکی سەرەکی بکەین تاکوو مرۆڤ واز لە منداڵی خۆی بهێنێ، یەکەم بێ دەسەڵاتی و هەژاری هەندێک لە بنەماڵەکان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ فڕێ دانی کۆرپەلە و لە خۆ دوور خستنەوەیان بەو هیوای لای هەر کەسێکی تر بن بێجگە لە خۆیان ژیانی باشتر دەبێت. کە ئەمشە ئاکامی نەبوونی پلانێکی ئابووری بەهێزە بۆ وڵاتێک، کە هەم هۆی سەرشۆڕییە بۆ ئەو حکوومەتەی کە لەسەر کارە و هەم





بۆ بنەماڵەکانیش، و هۆکارێکی تریش کە لێرە باسی بکەین لەش فرۆشیە و کارێکی دوور لە شەرەف و کەرامەتی مرۆڤایەتییە و کارێکی ناڵەبارە کە بووەتە هۆی نەبوونی ڕەحم و دڵێکی گەورە بۆ دایکایەتی و هەڵگرتنی باری بەر پەرسیارێتی لە ئاستی کۆرپەلەدا، کە دووبارە لێرەش هۆکاری لەشفرۆشی لە کۆمەڵگەی ئێراندا بەزۆری، بوونی سیغە یان عەقدی موقەتە کە لەلایان ئەخوندانی ئێرانەوە شتێکی ڕێگە پێدراوە و هەڵبژێردراوە وەک باس کرا زۆربەی ئەو کۆرپەلە فڕێدراوانە ڕک لەو شارانە بیندراون کە زیاترین سیغەی لێ دەکردرێ.

جێگای خۆیەتی باسێک لەسەر یاساکانی کۆماری ئیسلامی بکەین، بەپێی ماددەی ٦٣٣ی قانوونی سزای کۆماری ئیسلامی، کاتێک کەسێک منداڵێک یان کەسێکی کەمئەندام کە توانایی ئاگاداری لە خۆی نەبێ، لە شوێنێک بەجێی بهێڵێ و فرێی دا، سزاکەی شەش مانگ تا دوو ساڵ و پارەی نەغد لە سێ مێلۆن تا دووازدە میلۆن ڕیالی سزا بۆ دانراوە و لە کاتێکدا ئەگەر ئازار یان مەرگیشی توش بێ (کەسی فڕێدراو) ئەوە بە قەساس و دیە مەحکووم دەبێ.

ئەم یاسایە لەکاتێک دایە ڕۆژانە هەمووومان ڕووبەڕووی وێنە و ڤیدۆهایەکی تورە کۆمەڵایەتیەکان دەبینینەوە کە باس لەسەر فڕێدانی کۆرپەڵە دەکا کە نیشاندەری بێ لیاقەتی دەسەڵاتدارانی ئێرانی دەکات.

هەبوونی سیستەمی ئابووری پتەو و سیستەمێکی پەروەردە بەهێز دوو بناغە سەرەکین بۆ وڵاتێکی سەرکەوتوون کە بەداخەوە لە کۆماری ئیسلامیدا نییە و لە ئاکامدا هەر ڕەفتارێکی غەیرە مرۆیی لەو کۆمەڵگەیە دەوەشێتەوە. و ئەو دۆخە لەوانەیە بە قازانجی قاچاغچیانی ئەندامانی لەش بێ و زۆر لەو منداڵە فڕێدراوانە چارەنووسیان بکەوێتە دەستی ئەوان.

# یەکی ژوئەن، ئەو ڕۆژەی بۆ منداڵانە



شەهێن بایزیدپوور بەرپرسی ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



سەرەتا دەبێ بڵێم کە یەکی ژوئەن وەک ئەوەی زۆر جار بە هەڵە بە ڕۆژی جیهانی منداڵ ناوی دەبەن، ڕۆژێکی جیاوازە پێوەندی بە ڕۆژی منداڵانەوە نییە. هەڵبەت ئەوەی کە پێوەندی بە منداڵانەوە هەیە ڕاستە بەڵام دەبێ بزانین کە ٢٠ی نوامبر ڕۆژی جیهانی منداڵانە و ١ی ژوئەن زیاتر ڕۆژێکی فۆرمالیتە و نەریتییە ڕۆژێک نییە کە نەتەوە یەکگتووەکان دایبنابێ، بەڵکوو ٢٠ی نوامبر وەک ڕۆژی جیهانی منداڵان لەلایەن نەتەوە یەکگتووەکان دیاری کراوە.

مێژووی ١ی ژوئەنیش دەگرێتەوە بۆ ١٩٢٥ کە یەکێک بەناوی (دوکتور لێ ئۆناردۆ) لە کلیسا ڕۆژیک دیاری دەکات کە دەڵێن یەکەمین یەکشەممەی مانگی ژوئەن کە ١ی ژوئەن بوو لەو ڕۆژەدا داوا دەکا ڕێز لە منداڵ بگیرێت و جەژنیان بۆ بگیرێت دوای ماوەیەک ئەو ڕۆژە دیاری دەکرێ بەناوی (گوڵی ڕۆز).

دوای شەڕی جیهانی دووهەم منداڵانێک لەو بەینەدا لەبەین دەچن پادشای بریتانیا ئەو دەم ساڵی ١٩٥٢ ڕۆژێک دیاری دەکا دوای ئەوە نەتەوە یەکگرتووەکان لێدوانێک دەدا و یونیسف تەشکیل دەدرێ بەڵام ئەوە دەمێنیتەوە تا ساڵی ١٩٥٢ کە بڕیار دەدرێ بەیاننامەیەک بەناوی مافی منداڵ دیاری بکرێ ئەوە ناکرێ هەتا ١٩٨٧ یا ١٩٨٨ کە دوو دانە منداڵ و مێرمنداڵ کە لە دواناوەندی دەبن لە نیویورکی ئەمریکا نامەیەک دەنووسن بۆ نیویوک بەناوی ئەوەی داوای سوڵح دەکەن و حیسابی دەکەن ئەو نامەیە وا دەنووسن کە دەزانین باوک و دایکمان ئێمەیان خۆش دەوێ بەڵام ئایا دایک و باوکمان دەزانن چ دونیایەکیان پێکهێناوە ئەودەمیش کاتی شەڕی ساز و دونیای دوو قۆتبی و دوو جمسەریە ئەو منداڵانە دەنووسن.

ورده ورده لەساڵی ١٩٨٩دا نەتەوە یەکگرتووەکان ٢٠ی نوامبر دەکاتە ڕۆژی جیهانی منداڵ و مافی منداڵ لە ٢٠ نوامبردا ٥٢ خاڵی پێدایەوە بە تەواوی ئەندامەکانی کە دەنووسرێ و دەنێردرێ زاهیرەن ١٩٠ وڵات یا ١٤٠ وڵات ئێستا ئەندامن و جالب ئەوەیە تەنیا دوو وڵات ئەندامی نییە یەکێکیان ئەمریکا یەکێکیان سووماڵیە. ئێران لەساڵی ٧٢ پێوەست بە کۆنوانسیون بوو، بەڵام بەشەرتێک کە مۆغایرەتی لەگەڵ یاسای ئیسلام و موازعی شەرعی نەبێ کە هەر مافێکی یاسایی مرۆڤی بەداخەوە لەگەڵ قانوونی شەرعی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کێشەی هەیە.

بەحسەکە بەحسی ئەوە نییە ئەو ڕۆژە چە ڕۆژێکە بەحسەکە ئەوەیە کە ئەو ڕۆژە دیاری کراوە کە منداڵ لەو ڕۆژەدا ببیندرێ بەڵام ئایا ئەو ڕۆژە چەندە کاریگەری لەسەر باڕوودۆخی منداڵ داناوە بەدڵنیایەوە زۆری داناوە چونکە ئەگەر چاو لە ئاماری مەرگ ومیری منداڵ بکەین لە ماوەی ئەم چەند ساڵە کە بە نەبونی واکسینی سوورێژە، کەمئەندامی منداڵ و... هتد کە منداڵی پێدەمردن دەوڵەتەکان کە ناچار کران ئامارێکی زۆر لە مەرگ و میری منداڵ و کەمئەندام بوونیان کەم کەنەوە. بەڵام ئایا بە تەواوەتی بووەتە هۆی حەسانەوەی منداڵەکان.

ئێستا کە ئێمە وەک ناوەندی منداڵپارێزی منداڵمان هەیە و دەبینین منداڵەکەمان کێشەی هەیە بەڵام ئیجازەمان نییە بە بێ ئیزنیی دایک و باوکی قسەی لەگەڵ بکەین یان خۆدی نەتەوە یەکگرتووەکان یاسای بچووکتری داناوە کە دەستی ڕێکخراوەکانی مافی منداڵ و منداڵ پارێزییەکان دەبەستێ بۆ خزمەتی زیاتر. ناخۆشترین بەش ئەوەیە دەبێ لەسەر یاساکانی ئەو وڵاتەی کە تێیداین بۆ نموونە ئەگەر لە باشووری کوردستان و لە عێراق بین لەوێ ئەو یاسایانە تەدوین بووە ڕەچاو بکەین و دەبێ لەگەڵ منداڵەکان بەپێی ئەو



یاسا داڕێژراوانەی کە هەیە بجوولێینەوە نەک ئەوەی کە بەپێی ئەو یاسایانەی کە ئیدائالی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە یانی کۆمەڵێک یاسا و بەیاننامە دێتە خوارێ کە دەستی ئێمە دەبەسترێ.

شتێکی دیکە کە پێم خۆشە ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە ساڵانە هەزاران منداڵ لە برسان دەمرن یونسف لەساڵی ١٩٨٩دا ڕایگەیاند کە ئەگەر بەرابەر هەر منداڵێک تەنیا پێنج دولار تەرخان بکرێ ٩٠ لەسەدی منداڵان لەبرسێتی ڕزگاریان دەبێ. بوودجەی ٦ هەفتەی کەل و پەلی نیزامی زلهێزەکان ئەندازەی ساڵێک برسیەتی منداڵەکانە تەنیا شەش هەفتەیە و لەلایەکی دیکەوە بەردەوام ئەو منداڵە لە برسێتی و لەژێر گوشار دایە.

یەکێک لە یاساکان ئەوەیە کە هیچ منداڵێک نابێ بچێتە هیچ ئەرتشێکەوە هیچ گروهێکی نیزامی و ئۆسوولەن نابێ ببێتە کەرەستەی شەڕ لە حاڵێکدا ڕۆژبەڕۆژ هەزاران منداڵ لە ماڵەکەی خۆیاندا بوونەتە کەرەستەی شەڕ، شەڕێکی زۆر سیستماتیک، منداڵەکان ئێستا چیدەکەن؟ ئێستا کە کایە دەکەن شەڕ دەکەن زۆر ڕاحەت پیاو دەکوژن زۆر ڕاحەت خوێن دەڕێژن. هەڵەیەکی بچووک کە دەتوانێ بۆمبێکی هەستەیی وەکارکەوتوو بێ و دونیای ئێمە بشێوێنێ، جالبە ئەوە بزانین کە تەواویی بەرنامەکان ئەوانەن و هەمووی لەعەینی شەڕ دایە و چۆن دەتوانن ئەو منداڵە لەگەڵ ئەو باڕوودۆخە بگونجێنین.

ماوەیەک لەوەپێش موساحبەی کابرایەکی ئەمریکاییم دەخوێندەوە لێیان پرسی ئەگەر شەڕی جیهانی سێهەم دەست پێبکا بەچی شەڕ دەکەن گوتی: «سێسەد ملوێن ارتشم هەیە گوتیان تۆ چۆن ئیدعای وا ئەکەی گوتی سێسەد ملوێن منداڵ لەحاڵی حازر ئەو یارییە کامپیوتریانە دەکەن ئەو کایە ڕایانەیانە ئەوانە دەکرێن بە جەنگاوەرانی ئەوکات» و پێشتر تەواوی ئەو ئەسلحانە موجوودن یانی ئەو یاریانە لەلایەن ئەو کۆمپانیا ئەسلحە فرۆشیانە دروست دەکرێن و شەڕی جیهانی سێهەم دەست پێبکرێ تەواوی ئەو ئەسلحانە دێتە دنیا ڕاستی و ئێستا کە لە سوشیاڵمیدیادا منداڵ زوو ڕاحەت کەڵک لەو ئەسلحانە وەردەگرێ لە دنیای ڕاستیدا هەر بەوشێوەیە وا ئیستفادەی لێدەکا و لەپڕدا لە ماڵی خۆیانەوە منداڵەکان لەبن دەستی باوک و دایکیانەوە خەریکن دەبنە سەربازی زلهێزەکان.

من شەخسەن چەپی نیم و ناتوانم ببم بەڵام دنیای کاپیتالیزم هیچ کات ناهێڵی هیچ یاسایەکی مافی مرۆڤ بە تەواوەتی دابین بێ لە دنیادا تۆ هەر شوێنێک شوێن پەنجەی کاپیتالیزمی لێ بێ بە جوڕێک لەجوڕەکان خەریکن ئیستسماری. جۆرها مافیای منداڵ هەیە تەجارەتی منداڵ هەیە تەجارەتی فحشا هەیە ئەسڵەن مافیای پۆرنۆگرافی هەیە، کە زۆرتر کەڵکی سێکسی لە منداڵەکان دەگیرێ ئەوانە کێ دەیکا یانی بەڕاستی ئەگەر بۆ ئەو مافیایانە بگەڕێین بۆ نموونە ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کێیەن؟ گەورەترین سەرمایەدارانی ڕۆژهەڵتی نێوەڕاست کە سعوودیەکانن یەکێک لەوانن تورکیە یەکێک لەوانن کە ئەوان لە ئەو سەنعەتە بەردەوام دەبەن بەڵام ئەوەی کە بۆ منی ڕۆژهەڵاتی یا بۆ منی کورد گرینگە ئەوەیە لێرەدا بزانم ئەوەی کە نەتەنیا منداڵەکەی من بەردەوام ئەو مۆبایەلەی پێیە و ئەو شەڕە دەکا لە پەنامە و بەڵکوو لە کوردستانەکەم ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ کە دەڕواتە پێشێ بارودۆخ منداڵ بەرەو باروودۆخێکی خراپ دەروا پێش. تەجارەتی منداڵیش دەستی پێکردووە یانی ئێمە باڕوودۆخی منداڵانی ئێمە وەک کورد وەک ڕۆژهەڵاتی وەک تەواوی پارچەکانی دیکە باڕوودۆخی زۆر زۆر لەچاو منداڵێکی مەسەڵەن ئیتالیایی ئەمریکایی یا ئاڵمانی خراپتر دەبێ ئەگەرچی لە هیچ شوێنێکی دنیای سەرمایەداری من پێموانییە هیچ منداڵێک لە ڕفاهی تەواو دابێ لە حاڵی حازردا ئەگەر هەشبێ زۆر کەمە چۆنکە ئەگەر ڕفاهی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیش ببێ تووشی تەنیایی و تووشی گۆڕان بووە بە ڕۆباتێک کە لە خرمەت دونیایەک گەورەتر لەخۆی بەڵام لەگەڵ تەواوی ئەوانە ڕووبەڕوون.

ئەگەر من ئێستا وەک منداڵپارێزی کاربکەم لەگەڵ منداڵەکانی خۆم دەبینم گەورەترین سەرمایەشم هەیە بە جوورێک ئێستا کە دوو هاوڕێ قسەیان دەکرد زۆرم پێ سەیر بوو بەڵام کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان یا ئێران پتانسیلی زۆر بەهێزی هەیە کە دەتوانێ یەکێک لە سەرمایەکانی منداڵان کە بە پەروەردەیەکی دروست ئێمە مرۆڤانێکی دروست پەروەردە بکەین کە کۆمەڵگەکەمان بۆ دروست بکاتەوە یانی خۆشبین بین، بەڵام ئەوەی کە ئێستا لە دنیای ئەمڕۆدا تەنانەت دنیای سەرمایەداری ئێمە باسی دەکەین چۆنکە یاسای جیهانی منداڵ زیاتر لێرە لەبەرچاو دەگیرێ نەک خاوەرمیانە لەوێ جوڵانەوەهایەکی نائوسولیانە خەریکە دروست دەبێ لەلایەن منداڵەکانەوە کۆمەڵگەکانی ئەوان خەریکە ورد دەبنەوە.

کچێکی چواردە ساڵەی وەک پرێسا دەچێتە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕوو دەکاتە ترامپ و سەرۆککۆماری وڵاتان ئەوەی بەسەری دێ پێیان دەڵێ یانی ئەو جوڵە بچووکەی کە بەرەو دنیایەکی تازە دەڕواتە پێشێ. خۆی پتانسیلێکی گەورەیە بۆ دروست کردنی داهاتووەی کە ئەو هاوڕێیەم لە سەرەتایی قسەکانەوە باسی دەکرد بەڵام ئەوەندەی ئەو ڕۆژە جیهانیە مەسەلەن دوو جار لەساڵدایە من خۆم وەک منداڵپارێزی ڕۆژهەڵات جەژن دەگرم بۆ منداڵەکان کایەیان لەگەڵ دەکەم ئەو ڕۆژە پێیان دەڵێم هەر جلێک پێتان خۆشە لەبەری بکەن، هەرچێک پێتان خۆشە بیخۆن، هەرچێک پێتان خۆشە بێژن، بەڵام ئەوە بەداخەوە بەو واتایە نییە کە منداڵەکانمان ئیدی بەو دوو ڕۆژە دەتوانن بەقەولی کوردەواری ببنە شا و هیچ کێشەیەکیان نەمێنێ. زۆر زوو منداڵەکانمان لەهەموو بارێکەوە کەم و کۆرتیان هەیە بەداخەوە هەر منداڵێک لە جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لەدایک بێ لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە و گرفتی زۆر دیار ڕووبەڕوویە و هەڵسووکەوتی هەیە.

**وەک دیار و بەرچاوە لە مێژوودا بەردەوام ژنان لەلایەن دەوڵەت و نەریت و یاساوە چەوساونەتەوە و ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی ئێستا دنیا بەرەو پیشکەوتن و مودێرنیتە دەچێ و هەموو جیهان هەوڵی ئەوەیان هەیە ژنان و پیاوان هاورێ و هاوهەنگاوی پیاوان بێنە نێو کۆمەڵگە و بەشێک لە ئەرکەکانی کەسی خۆیان بگرنە دەست. بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستاش لە کوردستان، ئێران و زۆر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەوە کە هیچ مافی ئاسایی مرۆڤ بوون لە ژنان زەوت دەکرێ، زۆر جاریش بە بیانووگەلی وەک شەرەف و نامووس و داب و نەریتی بنەماڵە و...هتد دەکوژرێن و یان نەقوستان دەکرێن.**
**سبارەت بەو بابەتە دیمانەیەکمان لەگەڵ سێ هاورێ لە سێ شوێنی جیاواز کەسێک لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان، هاورێیەک لە نێوخۆ و مامۆستایەکی زانکۆی خەڵکی باشووری کوردستان پێک هێناوە و بۆچوونی هەر کامیانمان خستووەتە بەرچاوی خوێنەرانی گۆڤارەکەمان.**

# دیمانە





**بەشی دووهەم:**
**کۆمەڵناسێک لە ڕۆژهەڵاتەوە**

**بەشی یەکەم: شاروخ حەسەنزادە**
**بەرپرسی ناوەندی مافی مرۆڤ (چاونیوز):**

**بەشی سێهەم: د. محمد خدر مولود**
**مامۆستای زانکۆ**

**پ: بە چ هۆکارێک تا ڕادەیەک گۆڕانکاری لەسەر نەریت و شێوازی بیروبڕوای کۆمەلگە هاتۆتە ئاراوە ئێستاش پیاوسالاری هەڕەشەیەکە بۆ سەر ژنان لە کوردستان و ئێران؟**

و: لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەگشتی و لە وڵاتێکی وەک ئێران و کوردستان بەتایبەتی لەبەر چەندین هۆکاری وەک پرسی ئایین، ئابووری و گەشە و پێشکەوتنی نابەرامبەر و... ئێستاش بەجۆرێک لە جۆرەکان پیاوسالاری وەک نەریتێکی کەون ماویتەوە، هەڵبەت من پێم وایە خەباتی ژنان، بڵاو کردنەوەی ڕەوشەنگەری و چەمکە پێوەندیدارەکان بەم بابەتە توانیوێتی بە خێراییەکی باش کۆمەڵگە ڕوون بکاتەوە و ئیستا بە بەراورد بە ڕابردوو ڕوانین بۆ ڕەوشی ژنان گۆڕانی بەسەردا هاتوو و ئەم ڕەوتە بەرەو پێشتر دەتوانێ بچێ.

**پ: بەپێی توێژینەوەکانی ڕێژیمی ئێران لە شەڕی نێوان ئێراق و ئێران شەش هەزار و چوارسەد هەزار نەفەر کوژراو و کەمئەندامی ژن هەن و ئەوە بەدڵنیاییەوە لە کوردستانی باشووریش هەیە بۆچی ناوی یەک ژن لەسەر یەکێک لە کۆڵان و شەقامەکانی نە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نە باشووری کوردستان و نە تەنانەت ئێران نییە؟**

و: بۆ ئەم پرسیارە دەبێ هەڵوێستەیەک بگرین، سیمۆن دۆبووار دەڵێ «مرۆڤ وەک ژن لە دایک نابێ، بەڵکوو دەبێتە ژن» هیچ هۆکارێکی ژینگەناسی و دەروون ناسییانە نییە کە چارەنووسی ژن لە کۆمەڵگەدا دیاری بکا بە واتایەکی دیکە ئەو بیرمەندە باوەڕی بە جەوهەر و سرشتی تەوەری نییە. ئەوە ژینگەی کۆمەڵایەتییە چۆنیەتی ژیانی ژن و دەوری ئەو دیاری دەکا و ژن بەرهەم دێنێ. کەواتە یەک لە هۆکارەکان دەتوانێ ئەوە بێ کە ڕوانگەی کۆمەڵگە ڕوانگەیەکی سرشت یان خود تەوەرانەیە(ذات گرایانە)، جیا لەو شێوە ڕوانینە، ژن نەیتوانیوە ببێتە ژنێکی بەرپرس و خزمەت بە خود بکا، چەوساندنەوە و ئاسەمیلە کردنی لە هەموو ڕەهەندەکانەوە وای کردووە تەنانەت بۆی گرینگ نەبێ و پرسیاری بۆ نەخولقێت. هەڵبەت لە باشوور ئیستا شەقام و پەیکەری ژن بوونیان هەیە، نەک هەر ئەمە بەڵکوو ژن سەرۆکی پەرلەمانە و دەگەڵ هەموو کەموکوڕییەک کار لەسەر جێگە و پێگەی ڕاستەقینەی ژن دەکرێت.
لە ئێران ژن ئەرکی خۆی لە بەجێگەیاندنی خۆ قوربانی کردن بۆ باوەڕەکانی خۆی داوە بەڵام ئەوە دەستەڵاتی سیاسییە پێی نەزانیوە و لەبەر ئایدۆلۆژییەکەی بوێری ئەوەیان نییە ژن ببێ بە ناو! کەواتە بەراوردی نێوان ئێران و کوردستانی باشوور لەجێی خۆیدا نییە. لە باشوور گرنگی و بایەخی یاسایی هەیە ئەوەیکە بەشێک کۆمەڵگە هێشتا بەو ڕادەیە لە پێگەیشتن و تێگەیشتن نەگەیوە شتێکی دیکەیە، هەڵبەت لە ئێران بەپێچەوانەیە، یاسا بە پێوەرەکانی ئیسلام چاو لە ژن دەکا بەڵام بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگە بەپێچەوانەی یاسا سەپێندراوەکان بیر دەکاتەوە.



**پ: ئایا تندوتیژی و کوشتن ژنان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەتوانرێ بەڵگەیەک بێ لەسەر ئەوە کە ئێمە کۆمەڵگەیەکی تووڕەین؟**
**چۆن دەتوانین پێشی پێ بگرین؟**

و: ڕەوشی ژیان کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر چۆنیەتی بەرەورووبوونەوەی کێشە و گرفتەکانی ژیان هەیە. نەبوونی دادپەروەری، هەڵاواردن، ئابووری دارماو، بێکاری، بێ پووڵی و نەبوونی، هەژاری و... کۆمەڵگە بێ هیوا دەکا، بێ تەفاوەت بار دێنێ و تەنانەت تووڕە و تۆسن و ڕق ئەستوور! جیا لەلایەنی یاسایی و ڕوانینی ئایینی لە باسەکەمان کە بە هەندێک خوێندنەوە ڕێ بەم دیاردەیە دەدا، بەڵام دۆخی ژیان کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کولتوور هەیە. هەرچەند ئامارێکی تۆکمەم لەبەر دەست دا نییە بەڵام بەپێی زانیارییەکان و هەواڵەکانی ڕۆژ زۆربەی هەرە زۆری ئەو هاونیشتمانییانەی کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن یان لەلایەن هاوژینەکەیانەوە دەکوژرێن ئاستی ئاسایشی ژیانیان لە خوارەوەیە، یان ئەوە پێی دەگوترێ هێرشی کولتووری، بە نۆبەی خۆی کاریگەری لەسەر جۆری پێوەندییەکان داناوە و مەودای نێوان فەرهەنگی نەریتی و فەرهەنگی ڕۆژ زیاتر دەکا، ئەگە ئەمە چاودێری نەکرێ دۆخی ژن و تەنانەت بنەماڵە خراپتر دەبێ. ڕەنگبێ ئێمە تەنیا بتوانین بە نووسین و کۆڕ و کۆبوونەوە هەوڵ بدەین کۆمەڵگە وشیار بکەینەوە و کاریگەری لانیکەمی خۆمان هەبێ بەڵام ئەم پرۆسەیە دەبێ خەمی دەسەڵات بێ و بە ناساندنی کێشە و کەم و کورییەکان کاری جددی بۆ بکات.

**پ: بۆچی لەم کۆمەڵگەیانەدا ژنان ژێر دەستی پیاوانن و دەبێ بەردەوام وشیار بن لەو یاسایەی کە پیاو داڕێژەرێتی لانەدەن؟**

و: دەکرێ ئەم بابەتە زیاتر بە لایەنی ئۆلی، مێژوویی-ئوستوورەیی و تەنانەت فیزیۆلۆژی هەڵسەنگێنین. هەر لە کۆنەوە دوای ئەوەیکە مرۆڤ بۆ ژیانێکی نوێ داگەڕایە دەشتاییەکان فۆرمی ژیان و ڕۆڵی تاکەکان گۆڕانییان بەسەرداهات. لە ئۆل و ئایینە جۆربەجۆرەکان بەتایبەت ئۆلی گەلی ئیبراهیمی ژن لە قۆناغی پاقژی دەچێتە قۆناغی ناپاکی. لە ئایینی ئیسلام دا ژن وەک نیوە پیاو سەیر دەکرێ بۆ باسی نەفەقە، بەرخوێن، میرات و سەرپەرستی ئەمە بەجوانی بەرچاوە دەکەوێ یان جوولەکەکانی سەردەمی ئیسلام وەک نەریتی ئەوان چوار ژنییان بە حەلال زانیوە و لەم دیاردە کەڵکیان وەرگرتووە. ئاگۆستێنی پیرۆز ڕای وابووە: ژن ئاژەڵێکە نە ڕاوەستاویی هەیە و نە بەرگری. کاتێک خوا «حەوا» دەخوڵقێنێت ئەم خوڵقانە تەنیا بۆ ئەوەیکە «ئادەم» تەنیا نەبێ و پێی ڕابوێرێ! یان خواکان ئەگە بیانهەوێ تۆڵە لە پیاو بکەنەوە، ژن دەخوڵقێنن. فیساغورەس دەڵێ: ئەسڵێک هەیە کە دەڵێ تەکووزی و ڕووناکی پیاو خوڵقاندوویەتی و ڕەشایی و تاریکیش لەلایەن ژنەوە بووە. کاتێک پیاوەکان یاسا و ڕێسایان دەنووسینەوە هیچ بایەخێکیان بە ژن نەداوە، لەو کاتەوە ژن دەزێ ئیتر ناپاک دەبێ! یان لەسەرەوە بوونی پیاوان بەم شێوەیە باسی دەکرێ: پیاو هێمای دەغڵ و دان و بەپیت بوونی زەوییە. ژن زەوییە و پیاویش تۆوەکەی، ژن ئاوە و پیاو ئاگر. لە بواری فیزیۆلۆژیشەوە جەستە و توانایی ژن زۆر لە هی پیاو کەمترە و ئەمە لە سەردەمێکدا کە ئابووری و بژیوی ژیان بە دەست و بازوو وەدیهاتووە سرووشتییە ڕۆڵی ژن تێدا کەم ببیندرێ. ئەوە جیا لە باسی کۆمەڵناسی و دەروونناسیشە کە دەکرێ هەر بەم شێوەیە بیسەلمێنین کە، ژن لە باوەڕە کۆنەکانەوە هەتا تەنانەت ئێستا لە هەموو جیهان وەک بوونەوەرێکی جیا لە پیاو سەیری کراوە و دەکرێ و دەبێ بەردەوام لەژێر سەیتەرەی پیاوان دابن! ئەم ڕوانینە بەداخەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕەوشی ژنان دا هەبووە.

**پ: لەنێو یاسای کۆماری ئیسلامیدا لە خیانەت کردنی پیاو بەسەر ژندا تێدەپەڕن یان بە کەمترین حوکم سزا دەدرێن بەڵام ژنێک مەحکووم بە مردن و**

**بەردەبەران و لێدانی قامچی و... هتد دەبێ و زۆریش لە پیاوان بەپێی نەریت و یاسای ئیسلام ئیزنی ئەوەیان بەخۆیان داوە کە چەند هاوسەریان ببێ، ئایا ئەو یاسایە تا چەندە دژ بە یاسای مرۆڤایەتییە و عورف و نەریت تا چەندە کاردانەوەیان لەو یاسایەدا دەبێ؟**

و: وەک مێژوو باس دەکا شاژنی میسری کۆن(کیلۆپاترا) لەسەردەمی گرێوازەی «بتلمیووس» بانگەشەی ئەوەی کردووە ژن دەتوانێ چەند هاوسەری هەبێ و ئەوە ژنە هەڵدەبژێرێ چەند شوو بکا، ئەم یاسایە ئەگەرچی بە زۆرەملێ چەسپاوە بەڵام کاردانەوەی توندی پیاوانی بەدواداهاتووە، دەی کەوایە چۆن بۆ پیاو رەوا بووە ئەوە بۆ ژنیش ئەمە بە رەوا زانراوە، ئەگە پیاو ئەمەی پێ سەخت و دژوارە، بۆ ژنیش بەهەمان شێوەیە. ئەوەی لە ئایینەکاندا هاتووە مەخابن زوڵمێکە بە ئاشکرا لە ژن دەکرێ و دەچەوسێندرێتەوە. ئەو یاسایانە وەک باسم کرد لەلایەن پیاوەکانەوە نووسراون هەربۆیە چی بە قازانجی خۆیان بووە دایانڕشتووە و سەپاندوویانە. ئێستا بە هۆی ئەو تێگەیشتن و گەشەی بیری مرۆڤ بەتایبەتی لە وڵاتانی رۆژئاوایی پێگەی ژن لە ئاستێکی بەرز دایە و یاساکان پشتیوان لە مافی ژن دەکەن ئەوەش جگە لە باسە زانستییەکان نیشان دەری ئەوەیە کەمتر لە رێسا ئایینییەکان کەڵک وەرگیراوە.

**پ: بەڕای ئێوە دارشتنی یاسا لەسەر بنەمای ئیسلام هۆکارێک بۆ قەتلی ناموسی؟**

و: ناکرێ بە تەنیا ئایینی ئیسلام وەک هۆکار بۆ قەتڵە ناموسییەکان لەبەر چاو بگرین ئەو دیاردەیە لە وڵاتانی رۆژئاوایی یان ئەو وڵاتانەی ئایینی ئیسلامیی پەیرەو ناکەن، دەبیندرێ. رەنگبێ بڵێین لە وڵاتانی ئیسلامی زیاترە بەبەراورد بەو وڵاتانەی دیکە. ئەو عەقڵییەتی زاڵ بوون بەسەر ژن دا و وەک کۆیلە و کەرەسە چاو لێکردن لە ژن و خۆ بە خاوەندار زانینی هۆکارێکی دیکەیە ئەوە جگە لە باوەڕەکانی کۆمەڵگەیە کە ژن دەبێتە قوربانی ئەو کردەوە نەشیاوە.

**پ: بۆچی شوورای نیگەهبان لە ساڵی ١٣٨٢دا بە نیسبەت بە کۆنڤانسیونی بەرگری لە توندوتیژی دژ بە ژنان کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دایمەزراندووە و خستویەتییە بەردەست هەموو وڵاتان دژایەتی خۆی راگەیاند؟**

و: رێژیمی کۆماری ئیسلامی دژی مافەکانی هەموو بەها مرۆڤایەتییەکانە بەتایبەت دەوری ژن لە کۆمەڵگەدا. تەنانەت کۆنڤانسیۆنەکانی تایبەت بە سێدارە و مافەکانی مرۆڤیش وەک خۆی پەسند ناکات. بەڵام ئەم بەشە زیاتر بۆ ترس لە رۆڵی ژن دەگەڕێتەوە، دژبەرانی ئەو بیرۆکەیە دەڵێن: ئەمە بە دژی یاسا و رێساکانی شەرعی ئیسلامە و لەوە دەترسن بە پەسند کردنی ئەم کۆنڤانسیۆنە گوشارەکان بۆسەر ئەو وڵاتە زیاد بێ و وەک مەترسییەک بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانی دەزانن کە ژن و پیاو وەک یەک و بەرابەر بن!

**پ: چۆنە لە یاسای وڵاتانێک وەک پاکستان و هیندوستان، بەنگلادش، کوشتنی ژنان بە کوشتن نازانن و یاسا خۆی دژە ژنە و لە زۆر جێگاش دا یاسا خۆی حوکم بە کوشتنی ژنان ئەدا؟**

و: هەروەک بەری ئاماژەم پێکرد، ئەوە بۆ ئەو یاسا و رێسا کۆمەڵایەتییانە و سیاسییانە دەگەڕێتەوە، نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لەم بەشەدا هاوتەریب دەگەڵ ئایین رۆڵ دەبین. لە ئەفغانستان بەردباران کردنی ژنان لە سەردەمی دەستەڵاتی تالیبان زۆر زیاتر بوو هەتا دواتر حکومەتێکی بە رواڵەت لاینەگری رۆژئاوا هاتە سەرکار. یان لە سەردەمی دەستەڵاتی داعش ژن وەک کۆیلەکانی سەردەمی کۆن مامەڵەی پێدەکرا و دەفرۆشران و بازاریان هەبوو! ئەو وڵاتانەی ئایین بە توخی بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵە مەخابن ژن کوژی و چاوپۆشی کردن لە بکوژ زیاتر دەبیندرێ.

**پ: ساڵانە لە ئێران و کوردستان چەندین کوشتن و قەتڵ روو دەدا کە زۆریان بە بیانووی ناموسن و نە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا و نە لە هەرێمی کوردستاندا نەبیندراوە کە بکوژ بە تاوانی سزاکەی بگا ئەوە نەوەک مەحکووم نەکرێ بەڵکوو ئەو سزایەی شیاوی بکوژێکە وەری ناگرێ چونکە بیانووی کوشتنەکە بەرگری لە ناموس بووە. ئەوە چۆن باس دەکەن؟**

و: کاتێک دەستەڵاتێکی سیاسی دادەمەزرێ و یاسای بۆ دیاری دەکەن ئەگە ئەو وڵات و کیانە بە رواڵەت دێموکراتیش بێ، نووسەرانی یاسا و شارەزایانی ئەم بوارە ئاورێکی جددی لە نەریت و کولتووری کۆمەڵگە دەدەنەوە، ئێمە دەزانین بنچینەی یاسا لەم وڵاتانەدا ئایینە و کاربەدەست و بەرپرسانیش هەرنەبێ لەبەرچاوی خەڵک پێبەندی ئەم ئایینەن کەوابوو بە پێی عورفی کۆمەڵگە هەندێک دیاردە هەن ئەگەرچی مەترسیدار و نەشیا و قیزەونن بەڵام لەبەر خەڵکی رەشۆکی چاوی خۆیان دەنووقێنن یەک لەوان پرسی توندوتیژی دەگەڵ ژنە جا ئەو توندوتیژییە زۆر جار دەچێتە خانەی کوشتن بەناوی پاراستنی ناموس. لەو کۆمەڵگەیانەی جگە لە ئایین فۆرمی عەشیرە و تایفە و هۆز زاڵە، سرووشتییە روانین بە نیسبەت ژن روانینێکی دواکەوتوانەیە و نەک بە کارەسات نازانن بەڵکوو وەک شازانی سەیری دەکەن. ئەوە زیاتر دەبێ لە بەستێنی کۆمەڵ ناسانە و کولتووری کۆمەڵگە شرۆڤە بکرێ.

**پ: ئایا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەتوانێ لەکەی نەنگی توندوتیژی دژی ژنان بەهۆکاری رەگەزی لە داوێنی خۆی بسڕێتەوە و کۆتاییەک بێت بە جیاوازی رەگەزی و توندوتیژی سیستماتیک؟**

و: بەبەراورد بە سەد ساڵی رابردوو ژنان و پرسی بەرابەری ژن و پیاو و رەوتی مافەکانی ژنان گەشەی بەخۆوە بینیوە و دەسکەوتی باشی هەبووە بەتایبەت لە وڵاتانی رۆژئاوایی، ئەو رەوتە راناوەستێ و بەردەوام لە حاڵی گەشە و پێشکەوتن دایە هەر ئێستا ئێوە لە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان چەندین دەیەیە خەبات دەکەن بە دڵنیاییەوە کاریگەری خۆتان هەبووە و ئەگە لە دەستەڵات دابان ئەو کاریگەرییە زیاتریش دەبوو هەر وەک سەردەمی کورتی تەمەنی کۆمار کە کاری گەورە کرا. بەدڵنیاییەوە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کاری خۆی دەکا و بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی ژنانیش دەبێ چالاکتر بکرێن و بەرەبەرە ئەم مافانە دەبێ

خۆیان بن، ئەگەرچی پێم وایە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئەم کارە دژوارترە بەڵام ئاسۆی خەباتی ژنان ڕوون دەبینم.

**کۆتایی وڵامەکانی شاڕوخ حەسەنزادە**

**پ:بە چ هۆکارێک تا ڕادەیەک گۆڕانکاری لەسەر نەریت و شێوازی بیروبڕوای کۆمەڵگە هاتووەتە ئاراوە ئێستاش پیاوسالاری هەڕەشەیەکە بۆ سەر ژنان لە کوردستان و ئێران؟**

و: هۆکاری ئەوەی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕووی داوە، شەپۆلی قورس و زەبەلاحی بیروباوەڕ و شێوازی ژیانی دونیای مۆدێرنی ڕۆژاوایە کە بە تایبەت لە ڕێی تەکنۆلۆژیی نوێوە هەموو کەلێن و قوژبنی جیهانی داگرتووە و کەس لێی بەری نییە.
بەڵام ڕادە و ڕێژەکەی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە. لە کوردەواریشدا ئەو لافاوە ئاڵوگۆڕێکی زۆری پێکهێناوە و لە ڕاستیدا خێراییەکەی هەر دێت و زیاتر دەبێت. بە تایبەت بیروباوەڕی ئایینی زۆر لاواز کردووە و بەتایبەت لاوان زۆر زیاتر لە ژێر کاریگەرییەکەیدا بوون. بەڵام بێگومان لایەنی بەرانبەریش کە بەساڵاچووان نوێنەرایەتیی دەکەن خەریکی خۆڕاگری و بەرخودانن. ئەو بەرخۆدانە زۆر جار لە توندوتیژی دژی ژناندا زۆر بە زەقی دەبینرێت. ژنان چونکە ئەو بەهایانەی دونیای مۆدێرن باس لە مافەکانیان دەکات زۆریان پێ باشە، بەڵام لە باری کۆمەڵایەتییەوە هێشتا بەگشتی کۆمەڵگە ڕێگایەکی تەواوی بە هاتنەئارای ژنان ئەرکگرتنەئەستۆی ئەوانی نەداوە. ژنان زۆربەیان ناتوانن لە باری ماڵییەوە سەربەخۆ بن. بۆیە مەودا و لێکدژییەکی گەورە لە نێوان ماف و ئەرکدا پێکهاتووە و ژنانێکی زۆر بە هۆی ئەو هەستی موڵکایەتی و ناموسە کۆنەوە دەکەونە ژێر گوشار و توندوتیژییەوە. هەڵبەت ڕۆژبەڕۆژ ئەو لێکدژییە زیاتر دەبێتەوە و لایەنی نەریتی بەهۆی لافاوی زەبەلاحی بەها نوێییەکان زیاتر دادەڕووخێن و ئەو بەها نەریتییانە کەمی دێنن.

**پ: بەپێی توێژینەوەکانی ڕێژیمی ئێران لە شەڕی نێوان ئێراق و ئێران شەش هەزار و چوارسەد هەزار نەفەر کوژراو و کەمئەندامی ژن هەن و ئەوە بەدڵنیاییەوە لە کوردستانی باشووریش هەیە بۆچی ناوی یەک ژن لەسەر یەکێک لە کۆڵان و شەقامەکانی نە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نە باشووری کوردستان و نە تەنانەت ئێران نییە؟**

هۆکاری ئەوەی ناوی ژنان لە شەقام و کۆڵانەکان نەنراوە ئەوەیە کە هێشتا دەسەڵاتی کۆمەڵگە و پێکهاتەی دامەزراوە بڕیاردەرەکان لە لایەنگرانی نەریتی پیاوسالاری پێکهاتووە و تەنانەت خودی ژنانیش زۆرتر سەرقاڵی ئەوەن هەندێک جێی پێی خۆیان لە بنەماڵە و کۆمەڵگەدا بکەنەوە و کەمتر سەرنجیان داوەتە ئەو کارە هێمایی و نەمادینانە

**پ: ئایا تندوتیژی و کوشتن ژنان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەتوانرێ بەڵگەیەک بێ لەسەر ئەوە کە ئێمە کۆمەڵگەیەکی تورەین؟**
**چۆن دەتوانین پێشی پێ بگرین؟**

و: هەڵبەت توندوتیژی دژی ژنان تەنیا پێوەندیی بە توورەبوونی کۆمەڵگەوە نییە بەڵکوو هۆکاری ناموس پەرستی، سنووربەزاندنی خۆشەویستی و عەشق، پێڕابواردن و ئازاردانی پیاوانی نزیکی ئەو خاتوونانەی تووشی بەزاندنی ئەو سنوورانە دەبن لە لایەن کۆمەڵگەوە و .... .
بەڵام ڕێژەی زۆری شەڕوشووری شەقام و کۆڵانەکان و دۆسییەی زۆری دادگەکان نیشانی دەدات کە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی توورەیە و بێگومان لە ماوەی چل ساڵی ڕابردووشدا بەهۆی پێشێلکردنی هەموو جۆرە مافەکانی کۆمەڵگا لەلایەن دەسەڵاتی ئایینییەوەی خەڵک توورەتر و هەستیارتر بووەتەوە.
ئەوەی کە چۆن بتوانین پێشی پێ بگرین قسەی زۆر هەڵدەگرێ. بەڵام بەگشتی دەتوانم ئاماژە بە چەند خاڵ بکەم، وەک دەستەبەرکردنی ئازادیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بە تایبەت ئایینی لە کۆمەڵگەدا، تەشەکردن و هەڵچوونی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و پەرەپێدان بە کار و چالاکیی مەدەنی و ....

**پ: بۆچی لەم کۆمەڵگەیانەدا ژنان ژێر دەستی پیاوان و دەبێ بەردەوام وشیار بن لەو یاسایەی کە پیاو داڕێژەرێتی لانەدەن؟**

و: چونکە بە درێژایی هەزاران ساڵ پیاو خاوەن هێز و دەسەڵات بووە و توانای بەرگری لە بنەماڵە و هۆز و تایفەی لە بەرانبەر هێرشی دەرەکی بووە و... هەروەها لە ئایینی ئیسلامیشدا بە ڕاشکاوی ژن خراوەتە ژێر ڕکێفی پیاوەوە و تەنانەت وەک موڵک و ناموسی پیاو ڕەچاو کراوە و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و ئایینی و هەموو شتێک بە پیاو دراوە

**لەنێو یاسای کۆماری ئێسلامیدا لە خیانەت کردنی پیاو بەسەر ژندا تێدەپەڕن یان بە کەمترین حوکم سزا دەدرێن بەڵام ژنێک مەحکوم بە مردن و بەردەباران و لێدانی قامچی و... هتد دەبێ و زۆریش لە پیاوان بەپێی نەریت و یاسای ئیسلام ئیزنی ئەوەیان بەخۆیان داوە کە چەند هاوسەریان ببێ، ئایا ئەو یاسایە تا چەندە دژ بە یاسای مرۆڤایەتییە و عورف و نەریت تا چەندە کاردانەوەیان لەو یاسایەدا دەبێ؟**

ئەوەی کە ئایا ئەو یاسایە دژ بە یاسای مرۆڤایەتییە و عورف و نەریت چەندە کاردانەوە بووە، سەرەتا دەبێ بزانین مەبستمان لە یاسای مرۆڤایەتی چییە، ئەگەر مەبەست لەو ئەخلاقەی کە لە یاسای مافی مرۆڤ باسی لێ کراوە ئەو ئەخلاقانە و ئەو چەمکە ئەخلاقیانەی ئەوێ، ئەو پێوەرە ئەخلاقیەکان لەوێ دانیین بەدڵنیاییەوە دژێ ئەوە. دەشکرێ بڵێین خوێندنەوەکەمان لە یاسای مرۆڤایەتی یاساگەلێکە کە بەپێی عەقڵ و ئەزموونی مرۆڤ داندراوە و سەرچاوەکانی لە ئاسمان نییە لە ئەدیان دانییە و لە عەرزە و لە نێو خەڵک و کۆمەڵگە عەقڵی سەردەم و ئەزموونی بەشەرەکانە و دەسەڵمێنێ کە ئەو یاسایانە بەهەرحاڵ مەعقوڵ و مەنتقین و وەک ئەرزش دەیانناسین و بنەمای ئەوانە دەگەڕێتەوە سەر پێداویستی مرۆڤ یانی مرۆڤی سەردەم ئەوانە بە پێویست دەزانێ بۆیە بایخیان بۆ دادەنێ دەبێ بە بەها و دوایەش لە یاساکاندا ڕەنگدانەوەی دەبێ. دوای ئەو پێناسەکردنەی ئێستا با باسی ئەوە بکەین کە ئایا ئەو یاسایانەی کە لە کۆماری ئیسلامیشدا و لە ئایینی ئیسلام و لە نەریتدا هەن دژی ئەو یاسایانەن؟ بەڵێ بەدڵنیایەوە دژی ئەوەن چونکە لەگەڵ ئەو پێوەرانە نایخوێننەوە و هۆکارەکەشی ئەوەیە کە سەرچاوەکەی ئەوانە لە لە عەقڵ و

ئەزموونی مرۆڤ وەرنەگیراوە و لە ئاسمانەوە و لە ئەدیانەوە وەرگیراوە و بەجۆرێک لەگەڵ پێداویستی سەردەمی مرۆڤایەتی هاوئاهنگی نییە. ئەوەی کە عورف و نەریت جگە لە ئایین چەندە دەتوانن ڕەنگدانەوەیان لە یاسا دا هەبێ یەگجار زۆر دەتوانن کاردانەوەیان بێ چونکە بەهەرحاڵ وەکوو بایخ و بەها چاویان لێ دەکردرێ و دادەندرێن و زۆرینەی کۆمەڵگە و بە تایبەت چینی بەساڵاچوو زۆر حەزی لە نەریتەکانە و چوکە ئەوانیش مەعمولەن دەسەڵاتدارن و زۆرتر دەتوانن بیر و ڕایان لەنێو یاسا و ڕێسادا بئاخنن و جۆرێک ڕەنگدانەوەی بین و باوەڕی ئەوان بن یاسا و ڕێساکان و لێرەشدا بۆ ئەو بابەتانە بۆ بابەتی ئەوەی چەند ژنی ئەو جۆرە شتانە بەدڵنیاییەوە ئەو نەریتە کە لە کۆمەڵگەی کۆندا هەبووە بەساڵداچووەکان زۆر پێیان خۆشە بیپارێزن و لە نێو یاسا و ڕێسا دا ڕەنگدانەوەی ببێ و جۆرێک بیر و ڕای خۆیان داسەپێنن بەسەر هەموو کۆمەڵگە بەڵام هەرچی کات بەرەو پێشەوە دەڕوا چونکە چینی تازە دەبێتە خاوەن دەسەڵات لەنێۆ یاسا و ڕێسادا و لەنێو کۆمەڵگەدا وتەنانەت لە پەروەردە کردنی منداڵ و لە زۆر شتی دیکەشدا ئەو بیروڕایەدەتوانێ وردەوردە کەمڕەنگ کرێتەوە و بیروباوەڕی مۆدێرنی سەردەم زۆر زیاتر ڕەنگدانەوەی ببێ.

**پ: بەڕای ئێوە دارشتنی  یاسا لەسەر بنەمای ئیسلام هۆکارێک بۆ قەتلی ناموسی؟**

بێگومان داڕشتنی یاسا لەسەر بنەمای ئیسلام بەتەواوی ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ قەتڵی نامووسی. بەڵام دەکرێ خوێندنەوەی جیاوازیش لە ئیسلام بکرێت و تۆزێک لەو مەودایە کەم بکرێتەوە.

**پ: بۆچی شووڕای نیگەهبان لە ساڵی ١٣٨٢دا بە نیسبەت کۆنڤانسیونی بەرگری لە توندوتیژی دژ بە ژنان کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دایمەزرانووە و خستویەتییە بەردەست هەموو وڵاتان دژایەتی خۆی ڕاگەیاند؟**

بێگومان شووڕای نیگابان پشتیوانی لە خوێندنەوەی توندئاژۆی ئایینیی شیعی دەکات و ئەو بنەمایانە دژی بەهاکانی ئایینیی خۆی دەبینێ. بۆیە دژی هەڵوێست دەگرێ و گرتوویە.

**پ: چۆنە لە یاسای وڵاتانێک وەک پاکستان و هیندوستان، بەنگلادش، کوشتنی ژنان بە کوشتن نازانن و یاسا خۆی دژە ژنە و لە زۆر جێگاش دا یاسا خۆی حوکم بە کوشتنی ژنان ئەدا؟**

لە ڕاستیدا هۆکارەکە هەر ئەوەیە کە بنەمای یاساکانیان ئایین و نەریتە و کۆمەڵگاکانیان هێشتا زۆر لەگەڵ بەها مۆدێڕنەکان ڕانەهاتووە

**پ: ساڵانە لە ئێران و کوردستان چەندین کوشتن و قەتڵ ڕوو دەدا کە زۆریان بە بیانووی نامووسن و نە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا و نە لە هەرێمی کوردستاندا نەبیندراوە کە بکوژ بە تاوانی سزاکەی بگا ئەوە نەوەک مەحکووم نەکرێ بەڵکوو ئەو سزایەی شیاوی بکوژێکە وەری ناگرێ چونکە بیانووی کوشتنەکە بەرگری لە نامووس بووە. ئەوە چۆن باس دەکەن؟**

نامووس وەک چەمکێکی پیرۆز دانراوە و وەک مافی پیاو ناسراوە کە بەرگری لە ژنانی بنەماڵەی خۆی بکات کە بەبێ ئیزنی ئەو پێوەندییان لەگەڵ پیاوانی دەرەوە نەبێ. کەوابوو پیاوان زۆرجار تەنانەت بەپێچەوانەی خواستی خۆیان لەلایەن کۆمەڵگاوە هان دەدرێن ئەو کاردانەوە توندوتیژانەیان سەبارەت بە دایک و خوشک و کچ و هاوسەریان هەبێت

**پ: ئایا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەتوانێ لکەی نەنگی توندوتیژی دژی ژنان بەهۆکاری ڕەگەزی لە داوێنی خۆی بسرێتەوە و کۆتاییەک بێت بە جیاوازی ڕەگەزی و تندوتیژی سستماتیک؟**

هەڵبەت بێگومان دەتوانێ بەڵام کات دەخایێنێت و دەوری ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە مەدەنییەکانیش دەتوانێ لەو بوارەدا زۆر بەرچاو بێت لە کەمکردنەوەی ئەو کاتەدا. بەر لە هەموو شتێک دەبێ یاساکان پێداچوونەوەیان بەسەردا بکرێت و دواتریش بیروباوەڕی کۆمەڵگە لەو بابەتەدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێنرێت و ژن وەک موڵک، شەرەف یان نامووسی کەس پێناسە نەکرێت. هەڵبەت بێگومان دونیای تەکنۆلۆژیش زۆر یارمەتیدەرە.

## کۆتایی وڵامەکانی کۆمەڵناسێک لە ڕۆژهەڵاتەوە

**پ: بە چ هۆکارێک تا ڕادەیەک گۆڕانکاری لەسەر نەریت و شێوازی بیروبڕوای کۆمەلگە هاتۆتە ئاراوە ئێستاش پیاوسالاری هەڕەشەیەکە بۆ سەر ژنان لە کوردستان و ئێران؟**

و: ئەوەندەی ئاگام لێی بێ تائێستا هیچ گۆڕانکارییەک لەسەر شێوازی بیروباوەڕی کۆمەڵگا لە بەرامبەر گشت پرسەکانی ژنان نەهاتۆتە ئاراوە بۆیە ژنان هەمیشە لەژێر گەڕەشەدان . دیارە ژنانی کوردیش لە ئێران دووجار  دەکەونە ژێر هەڕەشە و چەوسانە .

**پ: بەپێی توێژینەوەکانی ڕێژیمی ئێران لە شەڕی نێوان ئێراق و ئێران شەش هەزار و چوارسەد هەزار نەفەر کوژراو و کەمئەندامی ژن هەن و ئەوە بەدڵنیاییەوە لە کوردستانی باشووریش هەیە بۆچی ناوی یەک ژن لەسەر یەکێک لە کۆڵان و شەقامەکانی نە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نە باشووری کوردستان  و نە تەنانەت ئێران نییە؟**

و: پرسیارێکی بە جێیە . حەقوایە بەرپرسانی باشوور ئەمە بە بایەخەوە وەرگرن . خۆێندنەوەیەکی وردتر بۆ قوربانییەکانی ئەو شەڕە نەگریسە بکەن کە کورد تێیدا سوتەمەنی بوو . خۆ گەر بەرپرسانی ئێران  بایەخیان  بەوپرسەنەداوە ئەوەدیارە بەدەستی ئەنقەستە و نایانەوێ ناو و ناسنامەی ئافرەتی کورد لەبەر چاو و  لەنێو هزرو خەیاڵی تاک و کۆی کۆمەڵگا بێ .

**پ: ئایا تندوتیژی و کوشتن ژنان لە کۆمەلگەی ئێمەدا دەتوانرێ بەڵگەیەک بێ لەسەر ئەوە کە ئێمە کۆمەلگەیەکی توڕەین؟**
**چۆن دەتوانین پێشی پێ بگرین؟**

بەڵێ مانای وایە نەک هەر کۆمەلگایەکی تووڕەین ، بەڵکو تووڕەو توندو توش و جێی سەبرێمان سوتاوە و زووبریار



دەدەین . پێش گرتن بە هۆشیاری و ڕێنمایی و خستنە رووی ئەرک و ڕۆڵی کارای ژنان و ئافرەتان دەبێ . لەمەدا دەبێ میدیاو ناوەندەکانی خوێندن و سەکۆی ناوەندەکانی رۆشنبیری و مینبەری مزگەوتەکان ڕۆڵی کارا بگێڕن و بێ دەنگ و دەستەوەستان نەبن

**پ: بۆچی لەم کۆمەڵگەیانەدا ژنان ژێر دەستی پیاوانن و دەبێ بەردەوام وشیار بن لەو یاسایەی کە پیاو داڕێژەرێتی لانەدەن؟**

و: لەوانەیە بنەماکانی یاسا جا هەر چۆنێک داڕێژرابێ هۆکارێک بێ ، بەڵام یاسایەکی تایبەت و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و رۆشنبیری یاسای و سزای تاوان و تاوانکاری لەوانەیە کاریگەرییان ئەرێنی بێ .

**پ: بەڕای ئێوە دارشتنی یاسا لەسەر بنەمای ئیسلام هۆکارێک بۆ قەتلی ناموسی؟**

و: یاسای هەر وڵاتێک ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیە و ئەو وڵاتەیە . بۆیە دەبێتە دەستەبژێرانی کۆمەڵ بەدڵنیاییەوە ئەگە یاسای وڵاتێک کە لەڕووی ئایینەوە نووووسراوە وەک ئەو ڕفتار دەکا بەڵام زیاتر لەو یاسایانە لە کۆمەڵگەدا ئەوە نەریتە کە دەبێتە هۆی کوشتنی نابووسی و ئایین مۆرکی تەئیدی بۆ لێدەدا.

**پ: سالانە لە ئێران و کوردستان چەندین کوشتن و قەتڵ ڕوو دەدا کە زۆریان بە بیانووی ناموسن و نە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا و نە لە هەرێمی کوردستاندا نەبیندراوە کە بکوژ بە تاوانی سزاکەی بگا ئەوە نەوەک مەحکووم نەکرێ بەڵکوو ئەو سزایەی شیاوی بکوژێکە وەری ناگرێ چونکە بیانووی کوشتنەکە بەرگری لە ناموس بووە. ئەوە چۆن باس دەکەن؟**

و: ئێران خۆی حەزی لێیە خەڵک خەریکی گرفت و کێشە جۆر بەجۆرەکانی خۆی بێ و هەردەمم دەردە کۆمەڵایەتییەکان لە برەو دابن وبەتایبەتیش لە رۆژهەڵات . پرسی ناموسیش ئاگراویترین پرسە ، لە کاتێکدا حەق وانیە تاکی کورد یا باشتر بڵێن پیاوی کوردی داگیرکراو ژێر دەستەی پیاوی فارس و عەرەب و تورک کورت بین و بیر تەسک بێ و ئافرەتی هاوژین و خوشک و دایک و خۆشەویستی هەر لە ڕوانگەی نامۆسەوە ببینێ .

**پ: ئایا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەتوانێ لکەی نەنگی توندوتیژی دژی ژنان بەهۆکاری ڕەگەزی لە داوێنی خۆی بسرێتەوە و کۆتاییەک بێت بە جیاوازی ڕەگەزی و تندوتیژی سستماتیک؟**

لەوانەیە رێژەی توندوتیژی دژی رەگەزو ژنان لەکۆمەلگایەک بۆ کۆمەلگایەک لەهەڵبەزو دابەزین دابێ . بەڵام بنبڕکردنی بە شێوەیەکی سیستەماتیک کاتێکی دەوێت و هزرو بیری پێشکەوتوویی تێگەیشتووشی دەوێت . چونکە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ئاست مافەکانی ئافرەتان هێشتا شەرمەزارە و وەک پێویست نییە



# جیاوازی ژنان و پیاوان له پێوەندیدا

ڕامیار سەرحەدی
ماستەری دەروونناسی
بالینی

ئەگەر بە شێوەی زانستی بڕوانینە پرسی جیاوازی ژن و پیاو، دەبێ چاو لەو توێژینەوانە بکەین کە لە مەڕ ئەو مژارە ئەنجام دراون، بە پێی لێکۆڵینەوەکان ژنان ڕاست مێشکن، واتە بەشی ڕاستی مێشکیان زاڵە و لە پێوەندی و بەکارهێنانی وشە و زمان و دەربڕینی هەستەکان سەرکەوتووترن و پیاوان بەشی چەپی مێشکی زاڵە واتە لە بیرکاری و هۆ و بەرهۆ و هۆشی فەزایی سەرکەوتووترن.

هەر وەها دەرکەوتووە کە بەشی لیمبیکی مێشکی ژنان کە شوێنی هەستەکانە گەورەترە و بەو بۆنەوە هۆشی ئاخاوتەیی ئەوان زاڵترە، ڕەنگە هەر بەو هۆکارە بێت کە ئەگەر مێردی خانمێک نەخۆش کەوێت ژنەکەی تووشی دڵەڕاوکێ ئەبێت و زیاتر چاودێری مێردەکەی ئەکات و بە پێچەوانەوە ئەگەر ژنەکە نەخۆش کەوێ ڕەنگە مێردەکەی بەو ئەندازە تووشی قەلەق نەبێ کە ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازییە لە دوو ڕەگەزدا هەیە و ژنان لە پەروەردە و چاودێری دا لێهاتووترن. ژنان لە هەڵاواردنی ڕەنگەکاندا چالاکترن. ئەو جیاوازیە بنەڕەتیانە بووەتە هۆی ئەوە کە ژنان زیاتر بەرگەی ئێش بگرن و بەشی پاراستنی لەشیان لەبەر دەڵاندنی هۆرمۆنی ستڕۆژن بەهێزترە و زیاتر تەمەن دەکەن، لەبەر ئەوەی خانەی چێژ و بۆنیان زێدەترە هەستی چێژاییان سەرکەوتووترە و بە پێچەوانەوە لەبەر لیکاوی زیاتر ڕزینی ددانیان زیاتر و کەمایەسی ئاسنی لەش بووەتە هۆی ئەوەی زەختی خوێنیان بەردەوام کەمتر بێ. «هێلێن گاردنێر» دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر سەلماندی بە پێچەوانەی ئەوەی کە باو بوو،

> ” بە پێی لێکۆڵینەوەکان ژنان ڕاست مێشکن، واتە بەشی ڕاستی مێشکیان زاڵە و لە پێوەندی و بەکارهێنانی وشە و زمان و دەربڕینی هەستەکان سەرکەوتووترن و پیاوان بەشی چەپی مێشکی زاڵە واتە لە بیرکاری و هۆ و بەرهۆ و هۆشی فەزایی سەرکەوتووترن “

ژنان مێشکیان بچووک تر نییە بەڵکوو بە شێوەی ڕێژەیی دەبێ ئەندازەی مێشکی مرۆڤ لە چاو قەبارەی مرۆڤ ڕەچاو بگیرێت کە ئەگەر وابێ هیچ جیاوازیەک لە ئەندازەی مێشکی ژن و پیاودا نییە. دیارە ئەم وتانەی سەرەوە بەو مانا نییە کە پیاوان هەستیان کەمترە بەڵکوو واتای ئەوەیە کە شێوازی دەربڕینی هەستەکانیان جیاوازە، واتە هەستەکان لە بەر دەمی ژنانەویە و لە پشت سەری پیاواندا، بە زمانێکی تر دەربڕینی هەست لە پیاوان دا لەبەر هەست



بە دەسەڵات و پیاهەڵدان دەکار دەکرێ. تەنانەت توێژینەوەیەکی نوێ باس لەوە دەکات کە پیاوان لەبەر ئەوەی کەسێکی وایان نییە پاڵی پێوە دەن زیاتر پێویستییان بە پاڵپشتی سۆزدارانەیە.

ئەمانە پیشان ئەدا کە ژن ئەگەر بیهەوێ ئەتوانێ زۆر بە باشی لە هەستەکان تێ بگات و ئەگەر کەڵکی لێوەرناگرێ لەبەر ڕق و قینێکە کە پێی وایە لەو پێوەندیەدا تووشی بووە و ترس و لاوازییەک لەو پێوەندییە دەبینێ کە وای لێدەکات نەتوانێ لە هەستی بەرانبەرەکەی تێبگات.

لێکۆڵینەوەیەک لە وڵاتی ئەمریکا سەبارەت بەو خێزانانە کە پتر لە بیست ساڵ سەقامگیربوونی خایاندبوو کرا و دەرکەوت یەکەم هۆکاری مانەوەی خانمەکان لە خێزاندا

> ” دەرکەوت یەکەم هۆکاری مانەوەی خانمەکان لە خێزاندا نەک سەروەت و سامان، شوێنی ژیان، پیشە و منداڵ بەڵکوو ئەوە بوو کە ئەو ژنانە هاورێیەکی کۆک و دەسەبرایان بووە کە توانیویانە لەگەڵی قسە بکەن و هەستی خۆیان دەربڕن “




> ‟ ژن پێی خۆشە مێردەکەی پاڵپشتی بێت، پیاو پێی خۆشە پاڵەوانی ژیانی ژنەکەی بێت ‟

نەک سەروەت و سامان، شوێنی ژیان، پیشە و منداڵ بەڵکوو ئەوە بوو کە ئەو ژنانە هاورێیەکی کۆک و دەسەبرایان بووە کە توانیویانە لەگەڵی قسە بکەن و هەستی خۆیان دەربڕن.

بەو پێیە ئەگەر ئێمە بین ئەو جیاوازیانەی نێوان ژن و پیاو لە پێوەندی دا دەستنیشان بکەین، دەتوانین بە شێوەی خوارەوە قسەی لێ بکەین:

ژنان زیاتر پێویستیان بەوەیە کە پێیان بگوترێ خوشم ئەوێی، پیاوان پیان وایە یەک جار بیلێن بۆ هەموو تەمەن بەسە!

ژنان کە ببینن مێردەکەیان لەگەڵ منداڵەکەیان کایە دەکات ئێرەیی ئەبات، پیاو ئەگەر هەر ئەو دیمەنە بۆ خانمەکەی ببینێ دڵخۆش ئەبێ!

پیاوێک ئەگەر ببینێ ژنەکەی ڕوو بە خەندەیە دڵخۆش ئەبێ کە شوکر ژنەکەی سەر و دڵ خۆشە، ژن ئەگەر هەر ئەو دیمەنە ببینێ ئەکەوێتە بیرێکی قووڵەوە کە چی ڕووی داوە ئەم پیاوە دەمی بە پێکەنینە!

ژن پێی خۆشە مێردەکەی پاڵپشتی بێت، پیاو پێی خۆشە پاڵەوانی ژیانی ژنەکەی بێت.

پیاو گشت بینە واتە هەمەکی و ئامانجی شتەکان ئەبینێ بەڵام ژن پاژەکی بینە و گرینگی بە شتە گچکەکان ئەدات. بۆ نموونە پیاوێک بۆی گرینگ نییە بە جلێکی نەشیاوەوە عەلاگەیەک بباتە لای تەنەکە خۆڵەکەی بەر درکە، بەڵام ژنێک هەتا ڕێک و پۆشتە نەبێ دەرگا لە دراوسێکەیان کە داوای شتێکی ناو مەتبەخ دەکات ناکاتەوە!

پیاو گرینگی بە ڕوانین ئەدات و ژن زیاتر بە بیستن هەست وەر ئەگرێ، هەر بەو بۆنەوەیە کە ئەگەر پیاوێک چاوی لە چاوی بەرانبەرەکەی نەبوو ڕەنگە بە جوانی گوێ بیستیشی نەبووبێ!

پیاوان ڕێک و ڕاست قسەی خۆیان ئەکەن، ژنان پێچ و خولێکی تێ ئەخەن!

> ‟ مێشکی پیاو هەگبە هەگبەیە و هەر قوتوویەک جێی هەستێکی تایبەتییە ‟

مێشکی پیاو هەگبە هەگبەیە و هەر قوتوویەک جێی هەستێکی تایبەتییە، هەر بەو بۆنەوە ڕەنگە پیاوێک بۆی هەیە خاوەن قەرز ڕێی پێ بگرێ، بەڵام کە چووە ماڵەوە قوتووی ڕوانینی کێبەرکێیەکی تۆپی پێ یان سێکسی بکرێتەوە و ئەمە پێوەندی بە قوتوی قەرزەکەیەوە نییە!، بە پێچەوانەوە مێشکی ژنان تەل بەندییە و هەموو شتێک پێکەوە پێوەندییان هەیە و هەتا کێشەیەک کە مێشکی گیرۆدە کردووە چارەسەر نەکرێ بیر لە شتی دیکە ناکاتەوە...

دیارە جگە لەم نمونانە زۆر شتی دیکە هەن کە جیاوازی ژن و پیاو پیشان ئەدات، بە تایبەت لە پێوەندی دا کە مژاری ئەم وتارە بوو، دەنا دەکرێ باسی زۆر لایەنی دیکەش بکرێ.

ئەوەی کە مەبەستی ئەم وتارەیە ئەوەیە کە ئێمە بەو جیاوازییانە بزانین و بیانناسین، ڕەنگە ئەم شتانەی کە باسی کرا زۆر ساکار و سانایی ڕچاو بکرێن، بەڵام لێهاتوویی لە ژیانی هاوبەشدا پەیوەستە بەم شتە بچووکانەوە، مرۆڤەکان هێدی هێدی لە یەکتری سارد دەبنەوە و دوور دەکەونەوە، کاتێک دێت کە دەبینن هیچ گرینگی بە کەسی بەرانبەری خۆیان نادەن. ئەوەی ئەبێتە هۆی سەقامگیر بوونی ژیانی هاوبەش، ناسینی ئەو جیاوازیانەن کە لە بنەڕەتەوە لە هەر دوو ڕەگەزدا دەبیندرێن و چۆنیەتی مامەڵە کردن و هاوسەنگی دانان لە نێوان لە جیاوازیانەدا، بەو هیوایە ئەم وتارە دەلاقەیەک بێت بۆ ناسینی زیاتری خۆمان و کەم کردنەوەی کێشەکان لە پێوەندی دا.

# دەسکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی دوای (٤٣) ساڵ دەسەڵاتداری



شەهرام سوبحانی




ڕێژیمی خۆمەینی لە سەرەتایی گەیشتن بە دەسەڵات لەساڵی(٥٧) و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، سێبەریی نەهامەتییان بەسەر خاک و ئاوی ئەم وڵاتەدا کێشا سێبەرێک کە دوای ڕووخانی ئەم ڕێژیمەش بە دەیان ساڵ پێویستە بۆ دەرکەوتنی ڕووناکی دووبارە لەم خاکە، بە فریودانی خەڵک توانیان دەسەڵاتی ئێران بە دەستەوە بگرن و زیاتر لە(٤)دەیە بە خوێنمژی و زڵم و زۆر و چەوسانەوەی خەڵک و هەژاری و بێکاری و کوشتن و سێدارە دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچەکە توانیویانە لە دەسەڵات دا بمێنەوە.

ڕێژیمێک کە بۆ مانەوەی خۆی و داموو دەزگا حوکمییەکانی خۆی لە هەموو شتێک کەڵک وەردەگرێ بۆ قوربانی کردنی ئەم سیستەمە تا نیزامێکی بێ پڕەنسیپی ویلایەتی فەقیهـ لە دەسەڵات دا بمێنێتەوە ڕێژیمێک کە بە دروشمی جۆراوجۆر و بەڵێنی پڕ و پووچ هەوڵی دا تا خۆی بگەینێتە لووتکەی دەسەڵات، دوای گەیشتن بە دەسەڵات بە میلیتاریزەکردنی هەموو ئۆرگانەکانی خۆی بە سیاسەتی کۆنترۆڵی خەڵک لە ژێر چەتری ڕەشی خۆیدا خەڵکی لە هەژاری و بێکاری و نەهامەتییکانی ژیان دا هێشتەوە تا خەڵک لە ڕووی ناچارییەوە دان بە بوونی ئەم سیستەمە دا بنێ و

مەشروعییەتێک بە ئەم نیزامە بدا خەڵک گەر هەژار بێ کاتی نامێنێ بۆ بیرکردنەوە و سەرکەوتن، دەوڵەتی فاسد زامنی مانەوەی لە هەژار کردنی خەڵکدا دەبینێ ئەم سیاسەتەیان پەرە پێ دا تا باشتر بتوانن بەسەر خەڵکدا حوکم بکەن و بەم شێوە توانیان خەڵک لە ژێر چەتری سیاسیی خۆیاندا بهێڵنەوە کاتێک زانیان کە خەڵکی ئێران بریتییە لە چەند نەتەوەی جۆراوجۆر هەوڵیان دا پەراوێزی و دوژمنی بۆ گەلانی ئێران دروست بکەن تا خۆیان بە باشی بتوانن سامانی ئەم خاکە بە تالان بەرن، ئەم ڕێژیمە بە فریودانی خەڵک بۆ مانەوەی خۆیان هەزاران کەسیان لە ڕیزەکانی شەڕدا کرد بە قوربانی تا سیستمی ڕەش و کۆنەپەرەستی ئاخۆندەکان ڕیشە بکوتێ خەڵک ئەو نیزامە بە هی خۆی بزانێ و بە شێوە تەمەنیان زیاتربێ.

وڵاتی ئێران کە یەکێک لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهانە لەڕووی نەوت و گاز و سەرچاوە سروشتییەکانەوە یەک لەسەدی دانیشتوانی دنیا پێک دێنێ و یەک لەسەدی سامانی دنیا لەم خاکە دایە بە پێی ئەم ڕێژەیە خەڵکی ئێران دەبوو لە باشترین و خۆشترین ژیان دا بژین و لە ڕیزی خۆش بژیوترین وڵاتانی دنیا بهاتباینە ئەژمار بەڵام بە پێچەوانەوە خەڵک ناتوانن پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانیش دابین کەن ڕۆژ بە ڕۆژ سفرەی خەڵک کەم ڕەنگ و کەم ڕەنگتر ئەبێ و خەڵک توانایی کڕینیان نییە و پیاوان شەرمەزاری ماڵ و منداڵیان بوونە نەهامەتییەکانی ئەم سیستەمە هێندە زۆرە کە هەرکامیان دەبێ بە دەیان لاپەڕی بۆ بنووسی بێکاری، هەژاری، کوشتن، ئێعدام، ئەشکەنجە، پەرەسەندنی ڕێژەی مادده هۆشبەرەکان، گرانی، کۆڵبەری، ئاوارەبوونی خەڵک لە وڵاتانی دنیا وەکوو پەنابەر، نەبوونی مافی ژنان، حیجابی زۆرەملی، دەرکردنی هەزاران فتوای بێ بنەما،ئێعتیاد، تەلاق، خۆکوژی، پێشێلکردنی مافی نەتەوەکانی ئێران و ناردنی تێرۆریزم بۆ دنیا و پشتگیری لە مێلیشیا تێرۆریستەکانی خۆی و.

ڕێژیمی خۆمەینی ڕێژیمێکی دیکتاتۆرو خوێنمژە کە هیچ قازانجێکی بۆ خەڵک نییە و لە سامانی ئەم خاکە کەڵک وەردەگرن بۆ کردەوە قیزەونەکانی خۆیان جێگایی خۆشحاڵییە کە ڕۆژ بە دوای ڕۆژ بۆ خەڵک باشتر دەردەکەوێ کە ئەم ڕێژیمە سامانی خەڵکی ئێران تەرخانی وڵاتانی ناوچەکە دەکا (لۆبنان، سوریە، فەلەستین، عێراق) بەڵام ئەوەیی لێرە جێگایی دڵخۆشییە ئەوەیە کە ئەم نیزامە هیچ مەشروعیەتێکی سیاسیی لەنێو خەڵک دا نەماوە بۆ زانیاری زیاتر دەتوانین چاو لە ڕێژەی دەنگدانەکانی ئەمساڵ و چەن ساڵی ڕابردوو بکەین کە خەڵک بەبەشداری نەکردنیان (نا) یەکی تووندیان بە دەسەڵاتدارانی تاران گوتووە کە چیتر کاتی مانەوەتان نەماوە ئەگەر دەوڵەتێک مەشروعییەتی سیاسیی خۆی لەدەست بدا ئەوا ڕووخانی حەتمییە ڕۆژ بە دوای ڕۆژ خەڵک دژ بەم سیستمە خۆپیشاندان دەکەن و دروشمی جۆراوجۆر بەکار دێنن ئەم کارە واتای ئەوەیە کە خەڵک لە ماهییەتی ئەم ڕێژیمە ئاگادارە و ئەم ڕێژیمەش وردەوردە وەکوو هەموو ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی مێژوو دەبێ سێبەری ڕەشی خۆیی لەم خاکە هەڵگرێ.

بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی دەبێ خەڵکی ئێران بە هەموو چین و توێژەکانەوە یەک گرتوو بن و پشت بە یەکتری ببستن تاسێبەری شوومی ئەم ئاخۆندانە لەم خاکە تەفروتوونا بێ. هیچ میللەتێک لە دنیا بە ئازادی ناگات کە یەک گرتوو نەبێ ئەمە بە واتای ئەوەیە کە یەک گرتوو بوون ڕەمزی سەرکەوتنی خەڵکی ئێرانە و هەروەها ڕێکخستن و هەماهەنگی نێوان حیزبەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی بۆ بەرو پێش بردنی ئەم پڕۆسە لە قۆناغی هەستیاری ئێستادا گرینگ ترین هەنگاوە تا ببین بە ئاڵترناتیو و هەموویان پێکەوە بەرەو ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیکدا هەنگاو بنێین سازکردنەوەی ئێران و بەرەو پێشبردنی ئەم وڵاتە بەتەنیا زەحمەتە، تەنیا بە هاوکاری و هەماهەنگی نێوان ئەم حیزبانە ئەم ئامانجە دەستەبەر دەکرێ.

تەوارەکانی نێو بەندیخانە

# باسێک لە خۆڕاگرییەکەنی زارا محەممەدی

ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

زارا محەممەدی لە دایک بووی١٩٩٠ لە گوندی»سەراوڵە«ی شاری دێوڵان سەر بە پارێزگای»سنە«یە، ئەو مامۆستایە ماستەری جوغرافیای سیاسی لە زانکۆی سنە وەرگرتووە و زیاتر لە ١٠ساڵ لە شاری سنە و گوندەکانی دەوروبەر زمانی کوردی فێری خەڵک کردووە، زارا محەممەدی ژیانی هاوژینی لەگەڵ سەیوان ئیبراهیمی پێکهێنا کە ئەویش ئەندامی ئەنجومەنی نۆژینە.

زارا محەممەدی ئەندامی بەڕێوبەری ئەنجومەنی فەرهەنگی کۆمەلایەتی نۆژینە کە بۆ یەکەم جار ڕۆژی پێنجشەممە ٢ی جۆزەردانی١٣٩٨ی هەتاوی لە ماڵەکەی خۆی دەستبەسەر و ڕۆژی دووشەممە١١ی سەرماوەزی هەمان ساڵ بە دانانی بارمتەی قورس بە شێوەی کاتی هەتا ڕاگەیاندنی ئاکامی کۆتایی دۆسیەکەی ئازاد کرا، دواتر لە ڕێکەوتی٢٧ی ڕێبەندانی ساڵی١٣٩٨ لە لقی ١ی دادگای شۆڕشی سنە بە سەرۆکایەتی دادوەر سەعیدی بە تۆمەتی پێکهێنانی گرووپ و دەستە دژی ئاسایشی نیشتمانی ئێران حوکمی١٠ساڵ بەندکرانی بەسەردا سەپابوو.

دەرچوونی حوکمی١٠ساڵ بەندکران بە تۆمەتی پێکهێنانی گرووپ لە کاتێکدا کە زارا محەممەدی تەنیا ئەندامی ئەنجومەنی نۆژین بوو و دادگای ئەو ئەنجومەنەی لە هەموو تۆمەتەکان بێبەری کردبوو.

پاش ماوەیەک و دوایی نارەزایەتی دەربرین بە سزای ١٠ساڵ بەندکرانی زارا محەممەدی لەلایەن لقی٤ی دادگای پێداچوونەوە لە ڕێبەندانی١٣٩٩ی هەتاوی بۆ سزای ٥ساڵ بەندکران لە بەندیخانەی سنە کەم کرایەوە.

زارا محەممەدی ڕۆژی شەممە١٨ی بەفرانباری١٤٠٠ی هەتاوی بە مەبەستی تێپەراندنی حوکمی٥ساڵ بەندکارانەکەی ڕەوانەی بەندیخانەی سنە کرا.

شایانی باسە گیرانی زارا محەممەدی و ئەو حوکمە ٥ساڵ بەندکرانەکەی لەلایەن دادگای داگیرکەری ئێرانەوە بوو بە هۆی دەربرینی نارەزایەتییەکی زۆری خەڵک لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان و بووە بە هێمای خوێندنی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەو پاڵپشتییەی کە لە زارا محەممەدی لە بەردەم بەندیخانەی سنە کرا دڵگەرمتری دەکا لە بەردەوام بوون لە چالاکییەکانی.

زارا محەممەدی ئێستا ناوێکە کە تێکەڵ بووە بە زمانی دایک، پێنج ساڵ بەندکرانی بەسەر دا سەپێندراوە تەنیا بە تۆمەتی ئەوەی ویستوویەتی هاوزمانەکانی فێری زمانی دایکیان بکات، هۆکارێک کە لە دەستووری ئێراندا ڕێگە پێدراوە و دانی پێدانراوە.

زارا محەممەدی لە کاتی پاڵپشتی گەرمی خەڵک لە بەردەم بەندیخانەی دیت و پێش چوونە ژوورەوە گوتی: «ئەو پاڵپشتییە نەک تەنیا بۆ من، بەڵکوو پشتگەرمییە بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگەدا تێدەکۆشن و دەزانن خەڵکەکەیان بە ئەمەگن، بەو ڕێز و خۆشەویستییەی کە نواندتان دڵنیا بن، چرکە بە چرکە ئەو کاتانەی لە زیندان بم باوەرمەندتر دەبم و هەروەها شێعرێکی مامۆستا قانعی گوتەوە کە دەڵێ: «قوڕ بەسەر ئەو دووژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە».

زارا محەممەدی لە درێژەی قسەکانیدا جەختیکردەوە لە بیر و باوەرەکەی و بەردەوام بوون لەسەری و گوتی: «من بەردەوام گوتوومە ئەو کەسەی کە بەند دەکرێت و دەخرێتە زیندان، کە دەچێتە ئەوێ، بە دڵنیاییەوە سەت لە سەت دڵنیاتر دەبێتەوە کە چی کردووە و باوەرمەندتر دەبێت بە کارەکانی و بیروباوەڕەکانی.

سەپاندنی ئەو سزایە کە بەسەر زارا محەممەدی سەپێندراوە ئەو ڕاستییە دەسەڵمێنێ کە کۆماری ئیسلامی ئێران وەک چوار دەیەی ڕابردوو لەسەر سیاسەتی زەبروزەنگ و کپ کردنی دەنگی دژبەران و ڕەخنەگرانی ئەو دەسەڵاتە شوومە، بەتایبەت چالاکانی مەدەنی نەتەوەیی زۆر لێکراوی کورد بەردەوامە.

لەلایەکی دیکەش بەرەنگاربوونەوەی «سیاسەتی ڕیگری لە پەروەردە و خوێندن بە زمانی کوردی» لەلایەن مامۆستایان و فێرکارانی خۆبەخشی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بووە بە ڕەهەندێکی دیاری خەباتی شوناسخوازانە لەو بەشەی کوردستان و ترسێکی گەورەی خستووەتە نیو دڵی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە لە ماوەی چل ساڵ دەسەڵاتی شوومی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، چالاکانی سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان لە پێناوی پاراستنی زمان و کولتور و ناسنامەی نەتەوەکەمان، تێچووی قورسیان داوە. بە دەیان کەس لە مامۆستایانی زمانی کوردی، چالاکانی مەدەنی بوارەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ، ژینگەپارێزی و داکۆکی لە مافەکانی ژنان، کەوتونەتە بەر لێپێچینەوە و، زیندانی درێژماوەیان بە سەردا سەپاندوون.

# ژنێکی مەند
# بە وێنەی ئاوی زەریا



نەسرین یوسفزادە

فریدریش هیگڵ دەڵێ: «تەنیا بە مەترسی خستنە سەر ژیانە کە ئازادی دەستەبەر دەبێ. مرۆڤ کە ژیانی نەخاتە مەترسییەوە بێشک وەک کەسێک دەناسرێتەوە، بەڵام ئەو کەسە ڕاستی ئەو ناسینە بە ئاگاهییەکی سەربەخۆ بەدەست دەهێنێ».

کاتێک بە نێو شەقامەکانی دێموکراتدا تێدەپەڕین زۆر لەو کچ و ژنانە دەبینین کە هەر تەنیا خۆیان لە ژیاندا غەمباری لەدەستدانی هاوسەر و هاوژینەکەیان نین و شاهیدی دەستەوئەژنۆیی و بێ نازی دایکیشیان بوون. ئەوان بوونە کچە شەهید و دایکیان بوو بە ژنە شەهید و ئەوە دووبارە بۆوە ئەوان بوونە ژنە شەهید کچەکانیان بوونە کچە شەهید و ژیان هەر هەیە و بەردەوام چەرخی سپڵە و بێبەزەیی زەمانە دەسووڕێ و لەو هەمووە بێدادییە شەرم ناکا.

لە ئەم ژمارەیەی گۆڤاری «ژنان»دا، باس لە کچە شەهیدێکی دیکە دەکەین، کچە شەهیدێک کە خۆی بوو بە دایکی سێ کچە شەهید و غەمی قورسی لەدەستدانی باوکی لەگەڵ غەمی لەدەستدانی خۆشەویست و هاوڕێ و هاودەمی ژیانی تێکەڵ کرد و ڕۆژانە جارێک سەر بە سینگی دایکە دڵ بریندارەکەیەوە دەنێ و جارێکیش سەری دەخاتە سەر شانی کچۆڵە لە خۆی نەرم و نیانترەکانی و کوڵی دڵی هەڵدەڕێژێ و لە ناخی دڵەوە بۆ خۆی و بۆ کچەکانی دەگری.

بارانی ئەو فرمێسکە لە هیچ وەرزێکدا ویشک نابێ، تەنانەت ئەگەر چلەی هاوین و مانگی خەرمانی خەرمانانی ئاوربارانی کوردستانیش بێ، تەنانەت ئەگەر وەرزی بارانیش نەبێ ئەوە ئاسمانە بە کوڵ بۆ ژنە شەهید و کچە شەهیدەکانی خەرمانانی خوێن و ئاگری قەڵای دێموکرات فرمێسکی هەتاهەتایی دەکاتە باران و هەڵیدەوەرێنێ.

باسی «کەژاڵ خاتوونی عەزیزی» دەکەین، کەژاڵ عەزیزی یان بە قەولی نزیکانی مامۆستا کەژاڵ، مامۆستای ساڵەکانی پێشووی شۆڕش و خۆڕاگری و مامۆستای وانەی منداڵانی ئەم سەردەمەی ماڵی گەورەی دێموکرات. مامۆستا کەژاڵ کچی کاک «سەید سەلام عەزیزی» و هاوژینی شەهیدی خەرمانان «ئیبراهیم ئیبراهیمی» (زێوەیی)یە.

باوکی پێش شۆڕشی گەلانی ئێران، لە بۆکان سەرۆکی دادگا بوو، ئەو یاساناسێکی ئاگا و خەڵک خۆشەویست و تێکۆشەر بوو کە شەڕکردن بۆ گەلەکەی لە دژی ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی پێ باشتر بوو لە مانەوە و سەردانەواندن و بوون بە کۆیلە و بووکەڵە لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمەدا، بۆیە ژیان لە چیا بەرزەکانی کوردستانی لە ژیانی نێو شار پێ سەربڵیندانەتر و باشتر بوو. وەک باسی سەر زارانە و ئێستاش بەڕێزەوە باسی دەکرێ ناوی «کاک سەید سەلام عەزیزی» بە کەسێکی بەدیسپلین و بەڕەوشت لە نێو هاوڕێ، بنەماڵە و دۆستانی دێ و لە مێژووی پڕ لە سەروەری دێموکراتدا تۆمار کراوە و بۆ داهاتوو و ئەوانەی پێویستە لەسەر ئەو کەسایەتییە بەرزە بزانن دەبێ بڵێم کە خاوەنی ڕێزێکی تایبەت بووە لە نێو هاوڕێ و هاوسەنگەرانی و هەمووکات چ بە کردەوە و چ بە ئەخلاق وانەبێژی ژیان بووە بۆ ئەوانەی لەگەڵی ژیاون. هەر بۆیەش سەیر نابێ کە کچەکەی بە ئەخلاق و کردەوە بووبێ بە میراتگری ئەو باوکە بلیمەتە. کاک سەید سەلام عەزیزی ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی، لە کاتێکدا کە ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کۆچی دوایی کرد. ئەو کورد بوون و کوردایەتی جا چ بە چەک و چ بە قەڵەم بۆ میراتگرانی بەجێهێشت کە یەک لەوان کچی مەند و ئارامی خاتوو کەژاڵ بوو.

کەژال خانمی کچی لە هەموو سەختی و ئاوارەیی دایک و باوکیدا بەشدار بوو. کاتێک کە باوکی لەدەستدا، تازە یەک-دوو ساڵ بوو لە گەڵ ئیبراهیم زێوەیی ژیانی هاوبەشی پێک هێنابوو و کچێکیان بە ناوی «ژینۆ» بەواتای هیوابەخشی ژیان لەدایکببوو و بەو هیوایەی کە ژیانی خۆی و ژینۆ پڕاوپڕ بێ لە هیوا شەو و ڕۆژی دەکردوە.

زۆر جار ژیانێکی خۆشگوزەران لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەرگایەک بۆ مرۆڤەکان دەکاتەوە کەژاڵ خانم بە چەندین جاری ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا کە ژیانی پڕ لە تەنگ و چەڵەمەی نێو حیزب بەجێ بهێڵێ و بەرەو بەهەشتی هەندەران کۆچ بکا بەڵام ئەو بوو کە بەشانازییەوە لەگەڵ هاوڕێکانی مایەوە و لە ناخی دڵەوە دەستی کرد بە خزمەت بە کوڕ و کچەکانی دێموکرات و ئەلف و بێی کوردی کردە مەشقی ژیانیان.

کەژاڵ خانم خوێندنی باڵای تەواو کردبوو بەڵام ئەویش وەک باوکی خزمەت بە گەلەکەی لە ڕیزەکانی خەباتی پێ باشتر بوو لە ژیانێکی ئاسوودە لە وڵاتێکدا کە وڵاتی خۆی نەبوو بۆیە بە سەربەرزی لەنێو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا مایەوە و بەردەوام بوو لە ئەنجامدانی ئەرکی پیرۆزی مامۆستایەتی.

ئاکامی ژیانی پڕ لە ئەوینی خاتوو کەژاڵ و کاک برایم سێ کچی نەرم و نیان و پڕ لە وزە و خۆشەویستی و ژیان بوو. سێ کچ بە ناوەکانی ژینۆ و ژینا و ژیوار کە هەرکاتێک ناویان دەبەن هیوای ژیانیان پتر بێ.

کاک برایم زێوەیی دیپلۆماتکاری دێموکرات پێشمەرگەیەکی ئەمەگناس و بە دیسپلین و ئاگا، ڕاستگۆ و خۆڕاگر بوو، ئەو



لە سەردەشت دیپلۆمی تەجروبی تەواو کردبوو و کاتێک کە چەوسانەوەی گەلەکەی دەبینێ تاقەت ناهێنێ و بڕیار دەدا لە نێو ڕیزەکانی شۆڕشدا درێژەی بە خەبات و تێکۆشان بدا. پلەکانی پێشمەرگایەتی یەک لە دوای یەک بڕی و لە کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتدا بە ئەندامی ڕێبەریی حیزب هەڵبژێردرا و کاتێک کە هاوڕێ لەگەڵ سوورخەڵاتەکانی خەرمانانی قەڵا بوو بە قوربانی مووشەکبارانی کۆماری ئیسلامی و ئیبراهیموار کەوتە نێو ئاگری نیمروودی زەمانەوە و ناو یادی بۆ هەتاهەتایە مایەوە، بەرپرسی بەشی پیوەندییەکانی هەولێر بوو.

ئێستا کە چەندین ساڵە  کە کاک سەید سەلام کوڕی هاوڕێ و بنەماڵەکەی بەجێهێشتووە پێنج ساڵە ماڵی ئیبراهیم زێوەیی بێجگە لە دەنگی میوان دەنگی هیچ پیاوێکی لێ نایە، پێنج ساڵە کە کەس بۆ ئەوەی پیاوی ماڵ بێتەوە چاوەڕاون نییە، هەموو لەو کاتانەدا دەستەوئەژنۆ دادەنیشن و فرمێسک لە چاوانیاندا قەتیس دەمێنێ و هەر کامیان لەبەر خاتری ئەوی تر هەوڵ دەدا خۆی خۆڕاگرتر بنوێنێ.

کەژاڵ خانم و خاتوو سەیدزادەی دایکی، و کچە نەرم و نیانەکانی هەموو ڕۆژێ دایکانە و کچانە بۆ مەزارگەی پیرۆزی شەهیدان دەچن و دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک بۆ باوکی خۆیان و باوکی کچەکانیان هەڵدەوەرێنن و بەکوڵ دەگرین.

## (چرۆی غەزەڵ)

**دوو لیۆی پڕ لەحەسرەتم بەدەم بریسک و ژانەوە**

**دەیان کەڕەت هەنیسک ئەدا بەدەس خەمی ژیانەوە**

**گەڵا گەڵایی شیعری گەش بەزەردی کەوتە سەرزەوی**

**بەهەستی ناسک دەمێ ، غەزاڵ بڵێ پیانەوە**

**لەشۆرەکاتی شیعری من چرۆیە هاتە پێکەنین**

**بەعیشوە هاتە سەیری باخ، بەدەم بزەی بەیانەوە**

**بە بۆ بەرامی یادی تۆ کە دێتە باخی دڵمەوە**

**دەپشکوێ چرۆی غەزەڵ بە ڕەنگ و بۆی ژنانەوە**

**ئۆمێدی هەڵفرین ئەکا لەداوی مێحنەتی ژیان**

**پەپوولە دڵ شکاوەکە لە نێو دڵی نیانەوە**

یان فاتمی



# کورتەیەک لە ژیانی ئەدەبیی
# فروزان فەزلی، شاعیر و نووسەر و چەند هۆنراوەی

ئامادەکردنی:تریفەفاتیحی

فروزان فەزلی، شاعیرو نوسەر
لە ڕەزبەری ساڵی ١٣٤٨ هەتاوی لە شاری بانەی سەربەرز چاوی بەدونیا هەڵێناوە.
هەر لە منداڵیەوە هۆگری خوێندنەوەی شیعرو گوێگرتن لە چیرۆک بووە،لایەلایەکانی سەردەمی منداڵی بەزەینیەوە لکاوەو گاریگەری زۆری هەبووە لەسەری ، ئارامی پێبەخشیوە .
تاقۆناغی سێهەمی ناوەندی لەبانە دەرسی خوێندووە بەڵام دواتر بەهۆی شەڕی نێوان ئیران و عێراق ئاوارە دەبن و لەشاری کەرەج دەگیرسێنەوەو لەوێ درێژە بەخوێندن دەدا.
بەهۆی ئەوەی کە خولیای وێژە بووە لە ڕشتەی «فەرهەنگ و ئەدەب «دەست بەخوێندن دەکا و بڕوانامەی دیپلۆم وەردەگرێ.
دوای ماوەیەک دابڕان لە خوێندن لەساڵی ١٣٩٠ هەتاوی بڕیار دەدا کە درێژە بەخوێندن بدا،لە ئازموونی زانستگای ئازادی سنە قۆناغی «وێژەی فارسی»قەبوڵ دەبێ و بڕوانامەی ماستەر لەم زانستگەیە بەدەست دێنێ.
فروزان خانمی شاعیر و هەست ناسک و پەنجە ڕەنگین جیا لەوەی کە هەست و خەیاڵی بەزمانی شیعر دردەبڕێ هاوکات لە بەشی هونەری منداڵانیش دا چالاکەو چەندین بەرهەمی چاپکراوی هەیە و هەروەها لە هونەری دەستی وەک نیگار کێشی، قاڵی چنین و گوڵسازی و خەیاتی ماموستایەکی کارامەیەو چەندین ساڵ لە بنکە فنی و حرفەییەکاندا وانەی دەستی ،دەرس داوە.

ئەو خاتوونە بەهرەمەندە سێ بەرهەمی بەشێوەی شیعری منداڵان چاپ و بڵاوکردۆتەوە ە کە بریتین لە
١. جوجەڵە ڕەشە
٢. کێبرکێ
٣. تۆپەڵە
هەروەها دیوانی شیعری خۆی بەنێوی
«دیوانی فروزان فەزلی «چاپ و بڵاو کردۆتەوە
کە هەم زمانی فارسی و هەم زمانی کوردی لە خۆ دەگرێت،
بە کوتەی خۆی شیعری «سارۆ بیرە»پێشوازی چاکی لێکراوە و لە زۆربەی کاناڵە ڕاگەیەندنەکاندا بڵاو بۆتەوەو ڕەنگدانەوەی زۆری هەبووە.
ئێستاکەش چەند کتێبی بەزمانی کوردی بەنێوەکانی
«کەبابی قاز» .و «پەنیرەکەی من لە کوێیە»وەرگێراوە کە ئامادەی چاپن.
خاتوو فەزلی ماوەیێکی زۆریش بەنوسینی شیعر و بابەت ،هاوکاریرۆژنامەی»ڕۆژانی «کردووە.
خاتوو فروزان فەزڵی یەکێک لە ژنە چالاک و ئەدیبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە بە نوسینی شیعر و بابەتی منداڵان خزمەتێکی گەورە بە ئەدەبیات و زمانی کوردی دەکا و ئیستا دانیشتووی شاری سنەیە



## سەد پارە

**ئەی وەتەن سەد پارەیە جەرگم لە بۆت**
**تۆ شەمی پەروانە سووتاوە لە بۆت**
**چەندە بێکەس بووی نەبوو فریاد ڕەست**
**بۆ هەموو دۆستی، کوا دۆست و کەست؟**
**ئەی وەتەن چەندە غەریب و بێکەسی**
**داخەکەم، بۆ خەڵکی خۆت خار و خەسی**
**خاکی تۆ نادەم بە سەد دوڕری یەمانی**
**ئەی وەتەن**
**نابەکار دوو چاوی کوێر، لاڵ بێ زمانی**
**ئەی وەتەن**



به کوێدا بەسەر جەستەی سووتاو و بێ بارانەکەی من دا
تێپەڕی؟
ئەوە کێ بوو جانتای پڕکرد لە ئێسک و پرۆسکی ئەم
کووژراوانەی بیابانی ڕوومەت سووتاوی ڕووحم ؟
من
نیشتمانە تووک کراوەکەی دۆزەخی خودام،
لە تۆفانەکەی نوحیش قومەناویکم بۆ نەما،
من جەستەی  قوربانی «ئیسماعیل» و ڕووحە بێ
ئۆقرەکەی « ئیبراهیم»م
ساڵەهای ساڵ مەگیرانیم لەترپەی هەنگاوی باران و
گرمەی ماچی هەورە تریشقە و
نزای سێبەری هەور،
ڕاژاندنی کۆرپەی شلکە ڕێواس و
مەمکی کارگی یەک شەوە کرد
حەزم لە ئەوین و سرتەی شەنگە بێری و شۆرەلاوی
هەوارچی بوو،
ئێستا ئەوە کێ بوو بەسەر بیل بیلەی چاوی منی قوربانیدا
تێپەڕی ؟
بڕوام بە ڕێگای ئاسمانە ماتەکەی بان سەرم نییە!
ئەبێ لەکۆێستانەوە هاتبێت ،
ئەگینا چۆن هەناسەکەی
ڕووح و جەستە ئاش دەکاتەوە؟
چۆن کەوی بە ئەعرەتەی هەسپە شێ ڕنوو ئەپسێنێ ؟
چیا بەچۆک دادێنێ؟
کاروان دەشێوێنێ؟
چۆن ئاو یاغی دەکات
تاڤگە پڕبە گەرووی دەگوڕڕێنێ؟
گابەرد دەلەقێنێ؟
ئەبێ شەنگە سواری کۆێستان و
سکڵی داربەڕووی سووتاو و
زۆزانچی هەواربێ،
ئەبێ ئاشنای برینی فیشەک و
سووتاوی ئاگری بەتینی ئەشکەوت و
ژانی بەئێشی نێچیر بێ
ئەگینا کێیە بتوانێ قەڵافەتی خامە ببزوێنێ
کاتێ ئەگوڕێنێ؛
ئێرە نیشتمانە نیشتمان.

قادر ڕەسوڵ قات

لە شەوی ساڵێکی ڕەش
فرمێسکی منو چاوی خودا
هێدی و هێور
نم نم ئەڕژا بەسەر شەو دا

دواهەمین ساتی ماڵاوایی
شێعر لە سینگم هەڵ ئەقوڵا
وشە لە زارم دیل ئەکرا
بیرەوەری لە چاوم ئەتکا

ئاااخ کە یادت ناچێ لە یاد
ئەی کە یادت بیانوی شێعرەکانم
لە بیرت دێ؟لە پاییزی ساڵێکی تەڕ
لە ژێر گەڵا ڕێژانی ئاسمانێکی پڕ تەم

نامەت بە باران بۆ ناردم
دێڕ بە دێڕی شێعرێ شێت بوو
وەڵامم تە نیا بۆ تۆ
وشە بە وشە فرمێسک بوو

ساتە کانی چاوەڕوانی
حەزو تاسەیان وەراندم
دوا ڕۆشتنت هەموو وەرزێک
خەزانێک بوو ژینی هەژاندم...

پەریا سەعیدزادە (فۆژان)



# بەشداریی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە چالاکیی ئێریتریەکان لە نورویژ

ڕۆژی سێشەممە ٢٤ مانگی مای ٢٠٢٢ هەئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، بەشداری چالاکی کولتووری ئێریتریەکانی جێگر لە نوروێژیان کرد. بەرنامەکە تایبەت بوو بە ڕۆژی سەربەخۆیی ئێریتریەکان کە ٣٥ ساڵ پێش سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتبوو و ببوونە خاوەن ئاڵا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان. ژۆمارەیەکی بەرچاوی ئەوان لە کۆمۆنی لیلستروۆم دەژین.

سەرەتای بەرنامەکە بە خێرهاتنی بەشدارانیان بە زمانی نوروێژی و ئێریتریی کرا. بەرنامەکە بە سرودی نەتەوەیی ئێریتریەکان و ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی شەهیدانیان درێژی پێدرا.

لەو بەرنامەیە کە شەوئاهەنگێکی شاد بەڕێوە چوو، ژوماریەکی بەرچاو لە لاوان و ژنان و پیاوان بە هەڵپەرکێ و سەمای خۆیان و پەزیرایی بە خواردنی خۆیان بەرنامەکەیان زۆرتر ڕازاندەوە.

کوردەکان و نوروێژیەکان بۆ ئەم بەرنامەیە بانگێشت کرابوون.

گەڵیک باس و پرسیار لەسەر کولتوری کورد و ئێریتری هاتە بەرباس و گفتگۆ و لەسەر کولتووری کورد و نوروێژی و ئێریتری باسی وردیان لە سەرکرا و ئاشنایەتی ئەم سێ نەتەوەیە زیاتر کرا.

بەرنامەکە هەتا دەرنگانێک لە شەو درێژەی کێشا.

هیواداریین ئێمەش وەک گەلانی بە سەربەستی و ئازادی گەیشتوو ببینە خاوەن کیان و نیشتمانی خۆمان و سرودی نەتەوەیی خۆمان «ئەی رەقیب» و «خوایە وەتەن ئاوا کەی» بلێینەوە.



**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان – نورویژ ٢٥ مانگی مای ٢٠٢٢**

## ڕۆزا ساڵح کچێکی کورد کە لە مێژووی شاری گلاسکۆی سکاتلەند ناوی تۆمار کرا




ئەو کچە کوردە یەکەمین پەنابەرە کە وەک ئەندامی شوڕای شاری گلاسکۆ هەڵبژێردراوە.

٢٠ساڵ پێش ئێستا ڕۆزا ساڵح لەگەڵ بنەماڵەکەی بەرەو ئورووپا کۆچیان کرد و دواتر بوونە ئەندامی یەکێک لە حیزبەکانی دژبەری ڕێژیمی ئێران و ئێستا ڕۆزا بووە بە شووڕای شاری گلاسکۆ.

ڕۆزا لە بابەت سەرکەوتنەکەیدا لە هەڵبژاردنی شاردا گوتی: بڕوا ناکەم کە من ٢٠ ساڵ پێش بۆ ئەو شارەم کۆچ کردووە و ئێستا شووڕای ئەو شارەم. سپاسی بنەماڵە و دانیشتوانی ئەو شارە دەکەم.

ئەو هەروەها گوتی: بۆ بەرەو پێشبردنی شار ئەوپەڕی هەوڵی خۆم دەدەم وەک ئەندامێکی کۆچەری شووڕای شار هەوڵ لە چاکسازی ژیانی پەنابران لە سکاتلەند دەدەم چون دەستپێکی ژیانی تازە بۆ پەنابەران کەمێک دژوارە.

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا!





ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢١/٥/ ٢٠٢٢، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی دەرەوەی وڵات، بە مەبەستی پێکهێنان و ڕێکخستنی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا و بە دەستپێشخەری کۆمیتەی حیزب لەو وڵاتە، کۆبوونەوەیەکی بە بەشداری بەڕێزان خاتوو مەحبوبە ڕەحیمی بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و خاتوو لەتیفە جەباری بەرپرسی تەشکیلاتی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات و هەروەها بەڕێزان ئەدیسۆن فەرامەرزی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب و کاوە مودەڕسی بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی حیزب لە بریتانیا و بەشێک لە ژنانی دانیشتووی ئەو وڵاتە، بە شێوەی ئۆنلاین بەڕێوە برد.

سەرەتای کۆبوونەوە بە ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد و دواتر بەڕێز ئەدیسۆن فەرامەرزی وێڕای سپاس و بەخێرهاتنی ئامادەبووان، وتارێکی لەسەر گرینگی ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا بە تایبەت لە بریتانیا و گرینگی هەبوونی ڕێکخراوەکانی یەکیەتیی ژنان لە دەرەوەی وڵات و ئەرکەکانی پێشکەش کرد.

دواتر بەڕێز خاتوو مەحبووبە ڕەحیمی بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات باسێکی لەسەر شێوازی کاری یەکیەتیی ژنان و ئەرکەکانیان لە دەرەوەی وڵات و چۆنیەتی ڕێکخستنی ئەندامانی بۆ ئامادەبووان شی کردەوە.

پاشان خاتوو لەتیفە جەباری باسێکی گرینگی سەبارەت بە ڕۆڵی ژنان و کاریگەری ژنانی پێشەنگ لە کۆمەڵگەی ئەوڕۆدا پێشکەش کرد و بە ئاماژەدان بەوەی کە بێ بەشداری چالاکانەی ژنان کۆمەڵگە ناتوانێ گەشە بکات، پێویستیی بەشداری ژنانی لە بەڕێوەبەری و دەسەڵاتدا بە گرینگ زانی و یەکیەتیی ژنانی وەک ناوەندێک بۆ خۆپێگەیاندنی ژنان ناوبرد.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەدا بەڕێز کاوە مودەڕسی بابەتە گرینگەکانی تەشکیلاتی ڕێکخراوە ئێنسانی و مرۆڤدۆستەکانی خستە بەر باس و هیوای هاوکاری و سەرکەوتنی بۆ کۆبوونەوە خواست.

پاشان لە لایەن بەشداربووانەوە هەندێک پرسیار و پێشنیار ئاڕاستەی کۆبوونەوە کرا کە لە لایەن بەڕێزان مەحبووبە ڕەحیمی و لەتیفە جەباری‌یەوە بە وردی وەڵامی پرسیاری بەشداربووان درایەوە و پێشنیار و تێبینیەکان بە هێند وەرگیران.

لە بەشی کۆتایی کۆبوونەوەدا دەستەیەکی بەڕێوەبەری پێکهاتوو لە سێ ئەندامی ئەسڵی و دوو ئەندامی جێگر، بۆ بەڕێوە بردنی ئەرکەکان هەڵبژێردران و بەم شێوە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا بە فەرمی دەستی بە کار و چالاکی کرد.

کۆبوونەوە پاش دوو کاتژمێر و بە داوای سەرکەوتن بۆ کۆمیتەی نوێ کۆتایی پێهات.



## ڕێکخراوی "Faith frontiers INC" سەردانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانیان کرد

سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ١٧ی بانەمەڕی ١٤٠١ی هەتاوی هەیئەتێکی ڕێکخراوی "Faith frontiers INC" بەسەرپەرەستی بەڕێز "Grady James Pickett" سەردانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتیان کرد و لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرییەوە پێشوازیان لێکرا.

لەو دیدارەدا باسێک لە مافەکانی مرۆڤ بەتایبەت مافی ژنان لە ئێران بە بەراوەرد بە مافە گشتی و جیهانییەکان کرا و هەروەها مێژووی دوور و درێژی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان لە پێناو وەدەستهێنانی مافەکانی ژنان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەوەرێکی دیکەی باسەکە بوو.

# بەڕێوەچوونی بەرنامەیەکی کولتووریی لەژێر ناوی فیستیڤاڵی کولتووری۲۰۱۳



ڕێکەوتی ۲۷ و۲۸ ی مانگی مەی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان-نورویژ، بەشداری لە فیستیڤاڵی کولتووری ۲۰۱۳ کرد، کە هەموو ساڵێ لە ڕێکەوتی ۲۷و۲۸ مانگی مەیدا لە شاروچکەی شەتن بەرێوە دەچێ .

سەرەتای بەرنامەکە تیمێکی موسیقای میللی بەرنامەکەیان کردەوە .

دواتر ڕێزدار (یۆرگن ویک)شارەداری لێلستروم وێرایی بەخێر هاتنی بەشداران چەند خۆلێک لەسەر پرۆگرامی ئەو ڕۆژە و مەبەست لەو چالاکیە بۆ بەشداران قسەی کرد. چالاکیەک بۆ گشت لایەک بە تایبەتی لاوان.

هەموو ساڵێک یەکیەتی ژنان بۆ زیاتر ناساندنی کولتوری کوردی بەشداری ئەم چالاکیە دەکا ئەمساڵیش هەروەکوو ساڵانی رابردو وێرای ڕێکخراوەکانی تر لە کاتژمێر ۱۰ی سەرلەبەیانی هەتاکوو کاتژمێر ٤ی دوانیوەرۆ بە چالاکی و ئاڵای کوردستان و نورویژ بەشداری ئەو فستیواڵە بوون، کە دوو رۆژی خایاند.

جێی باسە خاتوو(نینا لانگفلت) بەرپرسی هەموو ڕێکخراوەکان لەگەڵ زۆرینەی هاوکارانی دەستخۆشی لە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانیان کرد دووپاتی کردەوە کە یەکیەتیی ژنان زۆر ماندونەناسانە کار دەکات.

بەڵێنیان دوپاتکردەوەکە بەردەوام پشتیوانی لە یەکیەتیی ژنان دیموکرات بکەن لە هەموو کار و چالاکیەکانیدا و ئاماژەیان کرد کە ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان

چالاکیەکانی ڕۆژبەڕۆژ باشتر باشتر دەبێت و جێگەی دەست خۆشی و ڕێزلێنانە.

**یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان. نۆرویژ**

# بەڕیوەچوونی خولێکی ڕێنووسی زمانی کوردی لە شاری شنۆ



ناوەندی زانستپەروەریی بۆ ژیان، لە شاری شنۆ خولێکی فێرکاریی لە فێرگەی زمانی کوردیی ئەو ناوەندە بەڕێوە برد.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژی دووشەممە ۳۰ی جۆزەردانی ۱٤۰۱ی هەتاوی، بە بەشداری ۱۲ کەس لە فێرخوازانی ڕێنووسی زمانی کوردی و تاقیکاریی کۆتایی ڕێنووسی سەرەتایی و زاراوەی سۆرانی لە فێرگەی زمانی کوردیی ناوەندی زانستپەروەریی بۆ ژیان لە شاری شنۆ بە ڕێوە چوو کە تەمەنی بەشداربووان لە نێوان ۱۵بۆ٤۰ ساڵ بوون و لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا لەلایان مامۆستای وانەبێژەوە «ئاسیا ئاسریس» فێرکرابوون.

ناوەندی زانستپەروەریی بۆ ژیان، وەک دامەزراوەیەکی چەند مەبەستە بە شێوەیەکی چالاکانە لە بواری زمان، ڕووناکبیری، کولتووری و کتێبخانەیی چالاکانە کار دەکا و لە مانگی بانەمەڕ تا مانگی جۆزەردان پێشانگای کتێبی بەشێوەیەکی چالاکانە بەرێوە بردووە و بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدا کە کەلتوور و نەریتی نەتەوەیی کورد پارێزراو بێ.

## بەڕیوەچوونی گەورەترین پێشانگای کتێبی پارێزگای ورمێ لە شاری شنۆ



لەسەر ئاستی پاریزگای ورمێ گەورەترین پێشانگای کتێب لە شاری شنۆ، لە لایەن ناوەندی «زانستپەروەریی بۆ ژیان» لە ڕۆژانی ڕابردوودا بەڕیوە دەچێ.
بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژی یەکشەممە٢٥ی بانەمەڕی ١٤٠١ی هەتاوی، ڕۆژی دووشەممە ٢٦ی بانەمەڕی ١٤٠١ی هەتاوی، ناوەندی زانستپەروەریی بۆ ژیان لە شاری شنۆ، گەورەترین پێشانگای زانستپەروەریی لەسەر ئاستی پارێزگای ورمێ بەڕێوە دەبا و لەماوەی ڕۆژانی ٢٧ی بانەمەڕ تا ٢٥ی جۆرەدان دەخایەنێ و زیاتر لە پێنج هەزار کتێب لەخۆ دەگرێ.
لەو پێشانگایە کە بڕیارە ٢٧ی بانەمەڕ بەڕێوە بچێ، زیاتر لە پێنج هەزار کتێب لە بوارەکانی؛ کۆمەڵناسی، دەروونناسی، مێژوویی، زمانەوەانی، سیاسی و...هتد، بە دوو زمانی کوردی و فارسی پێشکەش بە بەشداربوانی پێشانگاکە دەکرێ و هەروەها ناوەندی زانستپەروەری، وەکوو ناوەندێکی «چەند مەبەستە» لەسەر ئاستی شارەکانی پارێزگای ورمێ چالاکیی فێرکاریی زمانەوانی بەڕیوەدەبا و لە ماوەی دەستبەکاربوونی خۆی، چالاکانە لەبواری زمانەوانی، وێژە و کولتووری کوردییدا خزمەتی بەرچاوی کردووە.

**شاناز عەلی دەبێتە یەکەم خانمە ناوبژیوان لە مێژووی خول و پاڵەوانێتییەکانی کوردستان یارییەکی پیاوان بەڕێوەبات وەکو نێوبژیوانی چوارەم بۆ بەڕێوەبردنی یاریی کۆتایی جامی کوردستان دەستنیشانکراوە**
**(لە پێگەی هەواڵەکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە)**




## بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی ساڵانەی کۆمیتەی «لینشۆپینگ»ی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید!

ڕۆژی شەممە ٧ی مای ٢٠٢٢ی زایینی، کۆمیتەی «لینشۆپینگ»ی یەکیەتیی ژنان، کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی، لە هاوینە هەواری «ڤیدینگ خۆ» بەڕێوە برد.
سەرەتای کۆنفرانس بە ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. پاشان لەلایەن خاتوو «نەسرین محەممەدی» بەرپرسی کۆمیتە بەخێر هاتنی بەشداربووان کرا و کۆنفرانس کارەکانی خۆی دەستپێکرد.
لە بەشی یەکەمی کاری کۆنفرانسدا ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی کۆمیتە لەلایەن خاتوو «کەژاڵ ئەحمەدی» و ڕاپۆرتی بەشی دارایی لەلایەن خاتوو «نەسرین محەممەدی»یەوە پێشکەش کرا و دواتر کەوتە بەرباس و پاش دەربڕینی ڕاو بۆچوون و ڕەخنە و پێشنیاری ئەندامان، ڕاپۆرتی هەر دوو بەش پەسند کران.
لەبەشی دووهەمی کاری کۆنفرانسدا، دەستەیەکی بەڕێوەبەری نوێ، پێکهاتوو لە ٥ ئەندامی ئەسڵی و ٢ ئەندامی جێگر بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی کۆمیتە هەڵبژێردران.
پاش تەواوبوونی کاری کۆنفرانس، ئەندامان و بنەماڵەکانیان پاش خواردنی نانی نیوەڕۆ، بە شایی و هەڵپەڕکێ درێژەیان بە گەشتەکەیان دا و تا درەنگانی ئێوارێ کاتێکی خۆشیان پێکەوە بەسەر برد.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان– سوید**





# خالید عەزیزی: لە خەباتی نەتەوایەتیی کورددا بێ گرینگیدان بە ڕۆڵی ژنان، مێژووی کورد ناتەواوە



کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزب، کۆبوونەوەیەکی سیاسیی تەشکیلاتیی بۆ بەشێک لە ئەندامانی ژنی نێو ڕیزەکانی حیزب، لە یەکێک لە بنکەکانی دەفتەری سیاسیی، پێک هێنا.

ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی بانەمەڕی ١٤٠١ی هەتاوی، بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڕێز "خالید عەزیزی". کۆبوونەوەیەکی سیاسیی تەشکیلاتی بۆ بەشێک لە ژنانی ئەندامی حیزب لە لایەن کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبەوە بەڕێوەچوو.

سەرەتای کۆبوونەوەکە کە بە چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادوبیرەوەریی شەهیدانی حیزب و گەل دەستپێکرد، بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب، چەند وتەیەکی لە پێوەندی لە گەڵ ڕۆڵی ژنان لە حیزب و بەرزنرخاندنی خەباتیان هاوشانی پیاوان و هەروەها بەشداریی بەرچاوی ژنان لە خەباتی مافخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کرد.

بەڕێز عەزیزی لەم پێوەندییەدا وتی: ژنان لە هەموو دۆخێکدا لە ڕیزی پێشەوەی خەباتدا بوونە و حیزبی دێموکرات هەمووکات لە خەباتی خۆیدا گرینگیی بە ڕۆڵی ژنان لە ڕیزەکانی خۆی داوە.

سکرتێری حیزب لە درێژەی وتەکانیدا وتی: لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا ژنان بەشداریی و ڕۆڵێکی بەرچاوتر لە ڕابردوویان لە نێو کۆمەڵگە و بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستاندا هەیە، ژنان لە نێو ڕێکخراو و ئەنجوومەنەکانی زمانەوانی، ژینگەپارێزی، شاخەوانی و بە گشتی مەدەنیدا ڕۆڵی پێشەنگایەتی دەگێڕن.

هەر ئێستا ئەوە ژنان و کچانی کوردستانن کە لە ڕیزی کاروانی داکۆکیکاری لە زمانی کوردی و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییدا چالاکن و نرخ دەدەن و لە سیاچاڵەکانی ڕێژمدا تووشی ئازار و ئەشکەنجەن.


لە ڕیزی نارەزایەتیی مامۆستایانی قوتابخانەکاندا کە ئەمڕۆژانە بەردەوامە، مامۆستایانی ژن لە پێشەوەی هەموانەوەن، بۆیە ژنانی کوردستان شانبەشانی پیاوان لە خەباتی نەتەوەی کورددا ڕۆڵێکی گرینگییان هەیە و بێ گرینگیدان بە ڕۆڵی ژنان، مێژووی کورد ناتەواوە.


بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشی کۆتایی قسەکانیدا یەکرێزیی نێوماڵی کورد و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانی بە پێویست زانی و لەم پێوەندییەدا، کۆمەڵێک ئەرکی بۆ ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزب شیکردەوە.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا، کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب ڕێزنامەی پێشکەش بەو کەسانە کرد کە زیاتر لە ٢٠، ٢٥، و ٣٠ ساڵی لە ڕیزەکانی حیزبدا ڕابردووی تەشکیلاتییان هەیە.

لە کۆتا بەشی ڕێوڕەسمەکەدا ڕێزنامەی تایبەت لە لایەن بەڕێزان مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێری حیزب، خاتوو عیسمەت نستانی، کادری حیزب لە کۆمیسیۆنی تەشکیلات و هەروەها کاک حەسەن خۆشکەلام، بەرپرسی بەشی ئاشکرای تەشکیلاتی حیزب لە کۆمیسیۆنی تەشکیلات، پێشکەش بە ئەندامانی حیزب کرا.

# ژنئەستێرەکانی ڕێبازی ئەوین و وەفا





## سێیەمین بەرهەمی خاتوو «فەوزیە بەشارەت «شاعیر ونووسەری بیجاڕی بە زمانی کوردی گەڕووسی پەردەی لەسەر لادرا

ڕۆمانی (سەمای چارەنووس) بەزاراوەی کوردی گەڕووسی ڕۆژی دووشەممە ٢٣ی جۆزەردان پەردەی لەسەر لادرا. شایانی باسە خاتوو فەوزیە بەشارەتی یەک لەو ژنە نووسەر و چالاکانەی بیجاڕە کە بە زاراوەی گەڕووسی دەنووسێ و ئەوە سێهەمین بەرهەمی چاپ کراوی خاتوو بەشاڕەتیەکە چاپ و بڵاو دەبێتەوە.

# کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان له ناوچەی ئوستڤۆڵد

یەکیەتی ژنان لە کۆمیتە ناوچەی ئوسڤۆڵد پێنجەمین کۆنفرانسی خۆی بە بشداری زۆربەی ئەندام، لەژێر چاوەدیری هیئەتی کۆمیتەی وەڵاتی یەکیەتی ژنان بەرێوە چوو.

رۆژی شەممە ٢٠٢٢/٥/٧ پێجمین کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنان لە ناوچەی ئوستڤۆڵد بەرێوە چوو.

سەرەتای کۆنفرانس بە سرودی ئەی رەقیب و چەند ساتێک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە روحی پاکی شەهیدان، کۆنفرانس ساعەت :١٢ دەستی بەکارەکانی خۆی کرد.

راپۆرتی کار و چالاکی لەنیوان دوو کۆنفرانس لە لایان خاتوو شلێر رەسوڵی ئەندام کۆمیتە پێشکەش کرا، لە دواتر پەیامی پیرۆزبای کۆمیتە ناوچەی ئوستڤۆڵدی حدک لەلایان کاک رێژوان مەحموودپور خوێندرایەوە.

بەدوای پێشکەشکردنی راپۆرتی کارو چالاکی بەرێوەبەران رابردوو، دەرگای پرسیار پێشنیار بەرووی ئەندامانداکرایەو، کە بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی بەشدار کۆنفرانس لێکدانەوە و خوێندنەوەیان لەسەر راپۆرت کرد.

لە درێژەی کاری کۆنفرانسدا باسێکی تێرو و تەسەل لەلایان نەمام زەریفنام بەرپرسی کۆمیتەی وەڵات پێشکەش کرا، خاتوو نەمام پێشەکەی سپاس و پێزانینی بۆ کارو چالاکی مابینی دوو کۆنفرانسی کردو، رێزو حورمەتی لە توانا و ئیبتکاری بەرێوەبەرانی کۆمیتە ناوچە کرد، کە دڵسۆزانە و شێلگێرانە توانیویانە ئەرکە پێسپێردراوەکانیان راپەرێنن، هەروەها پێوەند و چۆنیەتی شێوازی کار لەنیوان کۆمیتەی وەڵات و کۆمیتە ناوچەکان و ئەرکەکان شی کردەوە، وەڵامی ئەو پرسیارانەشی دایەوە، کە رووی لە بەرێزیان بوو.

دواتر بەرپرسی بەشی تەشکیلات خاتوو حەڵیمە ئیسماعیلی باسێکی تەشکیلاتی پێشکەشی بەشدارانی کۆنفرانس کرد.

دوای چەند ساعەت کاری بەردەوامی کۆنفرانس و رێز گرتن لە هیئەتی بەرێوەی رابردووی کۆمیتە ناوچە، دەرگای کۆنفرانس بەرووی ئەندامان کرایەوە تا خۆیان بەربژێر بکەن بۆ هیەئیتی بەرێوەبەری.

دوای هەڵبژاردنێکی ئازاد بەشێوەیەکی تەواو دێموکراتانە ٥ هاورێ وەک دەستەی بەرێوەبەری ئەرکی بەرێوەبەری لەلایان کۆنفرانس پێان سپێردرا.








**یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی ئوستڤۆڵد**

# کۆمەڵەچیرۆکی «تاوانی پیرۆز» چاپ و بڵاو کرایەوە



کۆمەڵەچیرۆکی "تاوانی پیرۆز"، نوێترین بەرهەمی "بێهزاد قادری" چیرۆکنووس و رۆژنامەوانی خەڵکی مەریوان، لەلایەن وەشانخانەی "٤٩ کتێب" لە ئورووپا چاپ و بڵاو کرایەوە.

ئەم کتێبە سێهەمین کۆمەڵەچیرۆکی "بێهزاد قادری"یە و دووهەمین بەرهەمی ناوبراوە کە لە ئورووپا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

چیرۆکەکانی ئەم کتێبە کارەساتگەلێک لەخۆ دەگرن کە بەسەر کورددا هاتوون، هەروەها خەباتی کورد دژ بە داگیرکەر و تۆڵەسەندنەوەی کوردانێکی بەهەڵوێست لە چیرۆکەکاندا رەنگی داوەتەوە.

ساڵی ٩٦ی هەتاوی کۆمەڵەچیرۆکی "نێچیری وەرزەکان" و ساڵی ٩٧ی هەتاوی کۆمەڵەچیرۆکی «شاوەتی جنۆکە» لەلایەن ئەم نووسەرەوە لە مەریوان چاپ و بڵاو کرایەوە کە چاپی دووەمی «شاوەتی جنۆکە» بانەمەڕی ئەمساڵ لە ئورووپا چاپ و بڵاو کرایەوە.

# ڕێز لە خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانی شەهید سۆهەیلا قادری گیرا



دوای نیوڕۆی ڕۆژی شەممە ٤ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی، ڕێکخراوی ڕاگەیاندن و وشیاری ژنان لە ساڵیادی دامەزانی ڕێکخراوەکەیدا، ڕێزی لە ژمارەیەک لە ژنانی تێکۆشەر و دیاری خەباتی یەکسانیخوازی و نەتەوەیی لە شاری سلێمانی، گرت کە شەهید سۆهەیلا قادری یەک لەوان بوو.

شەهید سۆهەیلا قادری و شەهید نەسرین حەداد دوو سکرتێری یەک لە دوای یەکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کە تا دوایین هەناسە لە بوارەکانی یەکسانیخوازی و نەتەوەیی تێکۆشان، لە ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی لە قەڵای دێموکرات وێڕای ژومارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەی حیزب لە پەلاماری موشەکی کۆماری ئیسلامیدا شەهید بوون.

## مەدالیای زێڕ و برۆنز: خانمە تیرهاوێژەکانی ئێران لە جامی جیهانی



تیمی میللی تیرهاوێژی ئێران پاڵەوانی جامی جیهانی ٢٠٢٢ی بێرزیلیان لە ماددەی دەمانچە بەدەست هێنا، هەروەها تەقەکردنی ژنانی نەتەوەیی ئێران لە ماددەی تفەنگدا برۆنزی بردەوە هەڵبژاردەی تیرهاوێژی ژنانی ئێران جامی جیهانی ٢٠٢٢ی دەمانچەی بردەوە
دوابەدوای جامی جیهانی تیرهاوێژی ساڵی ٢٠٢٢ کە لەلایەن بێرزیلەوە میوانداری دەکرێ ژنانی ئێرانی سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەست هێنا لەماددە تیمی دەمانچەی بادیدا تیمی تیرهاوێژی ژنان نازناوی پاڵەوانی جیهانی وەدەست هێنا.
ئەم سەرکەوتنە دەستکەوتێکی بێهاوتای وەرزشی ژنانی ئێرانە.
هەڵبژاردەی ژنانی ئێران دوای سەرکەوتن لەخولی یەکەم و هەروەها لەخولی دووهەم لەیارییەکانی تیپی دەمانچەی بادیدا بەئەنجامی کۆتایی بەرامبەر هەڵبژاردەی ژنانی تایلەند ١٦ بەسەر ١٢ سەرکەوت و مەدالیای زێڕی بەدەست هێنا هەڵبژاردەی ژنانی ئەڵمان و بێرزیلیش لەپلەکانی سێهەم و چوارەمدا ڕاوەستان.
جێگای ئاماژەیە، کە لە سەرەتای مۆندیالی بەڕازیلدا هەڵبژاردەی تیرهاوێژی پیاوانی ئێران لەمادده دەمانچەی بادیدا زیویان بردەوە تیمی تفەنگی توشبووی ژنانی ئێران و هەروەها تیمی میکسی دەمانچەی وڵاتیش برۆنزی بردەوە.
پێشبڕکێکانی جامی جیهانی تیرهاوێژی ٢٠٢٢ کە لە ٢٢ تا ٣٠ی خاکەلێوەوە بە میوانداری شاری ڕیۆدوژانیرۆ بەڕێوەدەچێت زیاتر لە ١٨٠ وەرزشکار لە ٢٨ وڵاتەوە هەیە.

## وەرگرتنی بڕوانامەی پارێزەری کچە کوردێک لە ئوسترالیا




شیوا سۆهرابی کچی کامران سۆهرابی پێشمەرگەی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئوستراليا و خاتوو مەحبووبە ڕەحیمی بەرپرسی یەکیەتیی ژنان لە دەرەوەی وڵاتە ئەو بڕوانامەی پارێزەری وەرگرت و لەلایەن قازی دادگای باڵای شاری بریزبێن لەوحی پارێزەریان پێشکەش کرد.
شایانی باسە شیوا لە ساڵی ١٩٩٥ لەنێو بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە قەڵاسەیدەی سەر بە شاری ڕانیەی باشوری کوردستان لەدایک بووە.
لە تەمەنێکی کەم وێڕای بنەماڵەکەی ڕوو لە هەندەران دەکات و دەگاتە ئوستراليا.
قۆناغی زانکۆ لە وڵاتی ئوستراليا و لە نۆڕوێژ کۆتایی پێ دێنێت.
دوایی ٦ ساڵ خوێندن و ماندوو بوون توانی بڕوانامەی پارێزەری وەرگرێت.
باوکی شیوا بەشێکی تەمەنی لەنێو حیزبدا تەرخان کرد و باپیری شیوا واتە فەتاح سۆهرابی لە حیزبی دێموکراتدا شەهید بووە.
ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی خۆی بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنەی پێشکەش بە خاتوو شیوا و بنەماڵەی سۆهرابی دەکا و هیوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ خاتوو شیوا و هەموو منداڵانی نێو شۆڕش لە نێو و درەوەی وڵات بە ئاوات دەخوازێ.

# بەشی پەروەردەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، کۆبوونەوەیەکی بۆ بەرپرسان و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵاتی یەکیەتیی ژنان، پێک هێنا

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/١٥ی زایینی بەشی پەروەردەی کومیتەی دەرەوەی وڵات، کۆبوونەوەیەکی بۆ بەڕێز کاک «کەماڵ حەسەنپوور» ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و چالاکی سیاسی، بە شێوەی ئۆنلاین بۆ بەرپرسان و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری کومیتەکانی نۆروێژ، سوئید، فینلاند، ئاڵمان، سویس و ئوتریش پێک هێنا.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان بەتایبەت دوو ڕێبەری شەهید «سوهەیلا قادری» و «نەسرین حەداد» دەستی پێکرد.
پاشان خاتوو «بەهار هەمزەنژاد» بەرپرسی بەشی پەروەردە بەخێرهاتنی بەشداربووان و بەتایبەت کاک «کەماڵ حەسەنپوور»ی کرد و ئاماژەی بە باسەکانی کۆبوونەوە کرد و بەرچاوڕوونی دایە بەشداربووان.
پاشان کاک کەماڵ باسێکی لە مێژووی کۆمەڵەی خۆبەخش لە وڵاتی سوئید کرد و پاشان باسێکی تێر و تەسەلی لە سەر چۆنییەتی بەڕێوەبردنی کاری ڕێکخراوەیی و شێوەی کاری ئۆرگانی لە دەرەوەی وڵات کرد و بە وردی یاساکانی دامەزراندنی ڕێکخراو و کۆمەڵە مەدەنییەکانی بۆ بەشداربووان شی کردەوە. بەڕێزیان لە باسەکەیدا ئاماژەی بە گرینگی هەبوونی ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان لە دەرەوەی وڵات و کاریگەرییە ئەرێنییەکانی لەسەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە تاراوگەدا کرد. ناوبراو هەروەها باسی لەسەر گرینگی تێکۆشان لە ڕێکخراوەکاندا کرد و گوتی: کار کردن و ئەرک وەئەستۆگرتن دەبێتە هۆیەک بۆ بەرەوپێش چوونی تاکەکان



لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتییدا و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ژنان دەبێ بە باوەڕ بەخۆبوونێکی زیاترەوە و بوێرانە بێنە مەیدان و ئەرک و بەرپرسیارەتی بگرنە ئەستۆ.
شایەنی باسە کە بەشداربووان چالاکانە بەشداری باسەکانیان کرد و لەلایەن بەڕێز «حەسەنپوور»ەوە بە وردی وەڵامی پرسیارەکان درایەوە.

# بردنەوەی خەڵاتی نۆبێلی ئێران لەلایەن خوێندکارێکی کوردەوە



خوێندکارێکی خەڵکی بۆکان خەڵاتی نۆبێلی ئێرانی بەدەستهێنا.

«پەریسا موجاوێر» خوێندکاری دوکتورای ئەندازیاریی میکانیکی زانکۆی ورمێ، خەڵاتی زانستیی «ئەلبۆرز»ی بەدەستهێنا خەڵاتی زانستیی ئەلبۆرز بە خەڵاتی نۆبێلی ئێران ناسراوە.
بردنەوەی خەڵاتی ئەکادیمی دامەزراوەی نیشتمانی بژاردەکانی ئێران لە ساڵی ١٣٩٨، سوود وەرگرتن لە خەڵاتی زانستیی خوێندکارانی بەتوانای ئێرانیی دامەزراوەی نیشتمانیی بژاردە لە ساڵی ١٣٩٩، و هەروەها بڵاوکردنەوەی دەیان وتاری(ئای.ئێس.ئای) و زانستیی-توێژینەوەیی بەشێکە لە پاشخانی زانستیی و توێژینەوەیی خاتوو «پەریسا مۆجاوێر» .

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



سەر لەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ٢٩ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

کۆبوونەوەکە بە ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەری شەهیدان دەستی پێکرد.

سەرەتای کۆبوونەوەکە خاتوو مۆژگان عەلیپوور سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کورتەباسێکی لەسەر پرسی ژن لە جیهان پێشکەش کرد کە تێیدا ئاماژەی بە بەڕۆژڤ بوونی پرسی ژنان کرد و گوتی، ئێستاکە ئێتر باس و خواستی ژنان و مافەکانیان لەجیهانی ئەمڕۆ پرسێکی لاوەکی نییە و وڵاتان لە کێبڕکێی پێگەیاندن و تێکەڵکردنی ژنان بە ڕەوتەکانی کۆمەڵگەن و ڕادەی بەشداری ژن لە کاروباری وڵاتدا ئاستی پێشکەتوویی ئەو وڵاتە دیاری دەکا، بەڵام لە وڵاتانی ئیسلامی وەک ئێران ئێستاش ئەو نەزمە جیهانییە پەیڕەو ناکرێ و ژنان لەوێ بە یاسا پێش بە بەرەوپێشچوونیان دەگیردرێ و سەرەڕای ئەوەش بزووتنەوەی ژنان لە ئێران بەرچاوە و خواستەکانیان بەڕۆژ و بەردەوامە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای زەبر وزەنگی چەند قات لەسەر خەڵک و لەو نێوانەشدا ژنان، نارەزایەتییەکان و داواکارییەکانیان بۆ مافەکانیان هەروا ڕوو لە زیادبوونە کە ژنانیش پشکی شێریان بەرکەوتووە و ڕێژەی زیندانیانی سیاسی ژن لە هەڵکشاندایە.

خاتوو مۆژگان لە درێژەدا گوتی کە ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا بۆ مافی یەکسانی تێناکۆشن، مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئەدەبی و کولتووری لە خواستەکان و لە تێکۆشانیشیان ڕەنگی داوەتەوە و لە ڕەوتی بەرەوچوونی کۆمەڵگەکەیان خۆ بە بەرپرسیار دەزانن.

خاتوو مۆژگان لە کۆتایی قسەکانی ئاماژی بەوە کرد کە یەکیەتیی ژنان لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەوڵی زۆری داوە تا بتوانێ ئەو ئامانجانە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات یەکدەست و کاناڵیزە بکا کە بەخۆشییەوە تا ئاستێکی باش تێیدا سەرکەوتووە بووە کە ئەوەش جێی خۆشحاڵییە و بناغەی جێگیرکردنی مافە و ئازادییەکانی ژنان لە داهاتوو بنیات دەنێ.

پاشان خاتوو مەحبووبە ڕەحیمی بەرپرسی گشتی کومیتەکانی یەکیەتیی ژنان لە دەرەوەی وڵات، ڕاپۆتێکی پوختی لەسەر کاروچالاکی بەشە جۆروجۆرەکانی کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنان لە دەرەوەی وڵات پێشکەش کرد. دواتر لە پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەی ئینترناسیونال سوسیالیستدا گوتی: پێوەندی ئێمە وەکوو ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بە دوو شێوە بەرنامەڕێژی بۆکراوە، بە حوکمی ئەوە ڕێکخراوەکەمان ئەندامی ئینترناسیۆنال سوسیالیستی ژنانە بە پێی توانامان لە کۆڕ و کۆونەوەکانی ساڵانەدا بەشداری بکەین زانیاریەکانی خۆمان کە پێوەندی بە پرسی ژن و بزوتنەوە ژنانی کوردەوە هەیە بیکەین بە راپۆرت و بیگەێنین بە شوێنی پەیوەندار و زۆر گرینگە کە ئێمە بتوانین وەک ئەندامی ئینترناسیۆناڵ سوسیالیست گیروگرفت و کێشەکانی ژنان بەگشتی و ژنی کورد بەتایبەتی چڕتر بکەینەوە وەک پرسێکی گرینگ ناساندنیان بە دونیای دەرەوە کاری بۆ بکەین.

تەوەری سێهەمی کۆبوونەوەکە کۆی ئەو باس و بابەتانە لەلایەن ئەندامانی بەڕێوەبەری تاوتوێکراو و هەریەک لە ئەندامانی بەشدار راوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە تەوەری باسەکە دەربڕی.

لەتەوەری کۆتایی باسی کۆبوونەوەکەهەرکام لە ئەندامانی بەڕێوەبەری ڕاپۆرتی کاروالاچاکی خۆیان هێنایە بەرباس و بە پلان دارشتن بیرو را گۆرینەوە پلانی کار و چالاکی وەرزی داهاتوویان دارشت .

شایانی باسە کە کۆبوونەوەکە پاش چەند کاتژمێر لە تاوتوێی باسەکان کۆتایی بەکارکانی خۆی هێنا.

## سەرکەوتنی تیمی میللی باڵەی ژنانی ئێران بەسەر تیمی دووهەمی قارەمانی سێربێستان



تیمی میللی باڵەی ژنانی ئێران لە یەکەمین یاری دۆستانەی خۆیاندا لە سێربێستان، توانییان شکست بە تیمی دووهەمی قارمانی خولی نایابی ئەو وڵاتە بێنن.

# بەڕێوەچوونی فستیوالێکی ناساندی کولتووری نەتەوەکان لە نۆروێژ

هەموو ساڵیک لە ڕۆژی ٢١،مەی دا بەپێی بەرنامەی شارەداری لێلسترۆم لە ناوەندی شار واتە بازاری لیلسترۆم، هەموو جۆرە ڕێکخراوەکانی مەدەنی لەوێ فیستیواڵێک بەڕێوە دەبن بۆ ئەوەی کارو چالاکی خۆیان بناسێنن .

لە بەرنامەی ئەمساڵیشدا لە سەرەتادا، بەرێوەبەری بەرنامە لەگەڵ سلاو و حورمەت نۆاندن بەرێز شارداری لێلسترۆمی ناساند، دوایی «یۆرگن ویک» شاردار وێرای بەخێرهاتنی هەموو لایەک چەند خۆلێک لەسەر ئەم ڕۆژە و چالاکی ئەم ڕێکخراوە مەدەنیانە بابەتێکی پێشکەش بە ئامادە بووان کرد.

هەر ڕێکخراوەیک بووفی خۆی هەبوو و بەوێنە و باسکردن خۆیان دەناساند.

لەم فیستیواڵەدا نەتەوەکانی، کورد و پاکستانی چالاکیان هەبوو.

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بۆ زیاتر ناساندنی نەتەوەی کورد لە نێو هاوڵاتیانی نۆروێژی دا هەموو ساڵێک بەشداری ئەم فیستیواڵە دەکا و ئەمساڵیش بەشدار بوون.

ڕێکخراوەی یەکیەتی ژنان، هەموو سالێک ،لە نۆروێژ بە ئالای سەرفرازی کوردستان و زۆر جار بە خواردنی کوردی و جل و بەرگی ڕازاوەی کوردی بەشداری دەکا.

جێی ئاماژەیە هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە بەشدار بوون ژمارەیان(٥٦) ڕێکخراو بوو.

شایانی باسە فستیواڵەکە تا کاتژمێر ٤ی داوی نیوەرۆ بە خواردنی کوردی مێوانداری نورویژیەکان و لایەنەکانی دیکەی خایاند و بەرێز کاک کەریم ئاللە وەیسی وەلامی پرسیاری نورویژیەکانی کە سەبارەت بە خواردن و کەڵتوری کوردی بووە، دایەوە.



**یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی نۆروێژ**

# تێنسی ژنانی ئێران: لە درەوشانەوەی مشکاتی زارا سەفی بۆ نەبوونی شوێنی ڕاهێنان




تێنسی ژنانی ئێران: لە درەوشانەوەی مشکاتی زەهرا سەفی بۆ نەبوونی شوێنی ڕاهێنان

تێنسی ئافرەتانی ئێران لەم چەند مانگەی دواییدا لەگەڵ بەشداریکردنی سەرکەوتووانەی مشکاتی زەهرا سەفی لەخولەکانی پێشەنگی نێودەوڵەتیدا سەرنجی ڕاکێشاوە لەگەڵ ئەوەشدا فیدراسیۆنی تێنسی ئێران زەمینەی ڕاهێنانی بۆ یاریزانانی تێنسی ژنان نییە. ئەنجامدانی ڕاهێنانی تۆپی پێی نەتەوەیی ژنان لە ئێران ڕووبەڕووی کێشە گەورەکان دەبێتەوە

نمایشە سەرکەوتووەکەی مشکاتی زەهرا سەفی لە مەیدانی تێنسی جیهان یەکێکە لە دەستکەوتە دیارەکانی وەرزشی ئێران لەم چەند مانگەی دواییدا یاریزانی تێنسی ئێرانی تەمەن ١٧ ساڵ کە لەپلەی ٧٤ی ڕیزبەندی لاوانی تێنسی جیهانە،

هەڵبژاردەی تێنسی ژنانی ئێران لەم ڕۆژانەدا ئامادەکاریی دەکا بۆ بەشداریکردن لە یارییە ئاسیاییەکانی هانگژوو بەڵام مەشق و ڕاهێنانی نەتەوەیی ئافرەتانی ئێران تووشی گرفتی گەورە بووە فیدراسیۆنی تێنسی ئێران ڕایگەیاندووە کە ناتوانێ شوێنێک بۆ تەمرینی ژنانە وەرزشوانەکان دیاری بکا.

## چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبی «ڕەگەزی لاواز» لە نووسینی «ئۆریانا فالاّچی» وەرگێڕانی نەسرین یوسفزادە




نەسرین یوسفزادە کادری حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەندامی ڕاوێژکاری یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بەرپرسی گۆڤاری «ژنان» پێشتر دوو بەرهەمی دیکەی بە دوو زمانی کوردی و فارسی بە ناوەکانی «ماجرای یک عشق» و «کۆلانەکەمان» چاپ کراون کە هەردووکیان ڕۆمان بوون.
ئێستا ئەو بەرهەمەی کە لە قەڵەمی ئەو خاتوونە چاپ کراوە وەرگێڕانی کتێب یان بەدواداچوونی ئۆریانا فالاّچی «جنس ضعیف» ڕەگەزی لاوازە.
بەو هیوایەی کە قەڵەمی خاتوو نەسرین یوسفزادە هەر پڕ برشت و پایەدار بێ و ئەو بەرهەمە تازەیەشیان بە دڵی هۆگرانی کتێب بێ.

# سەرکەوتنی تیمی باسکەی کچانی سنە بۆ خولی نایابی ئێران



تیمی باسکەی کچانی سنە لە دواهەمین یاریی کێبڕکێیەکانی سەرکەوتن بۆ خولی نایابی باسکەی ئێران، سەرکەوتنی بەدەست هێنا و چووە خولی نایابی باسکەی کچانی ئێرانەوە.
ڕۆژی یەکشەممە، ٢٨ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی، دواهەمین یاریی کێبڕکێیەکانی خولی سەرکەوتنی تیمەکانی باسکەی کچانی ئێران بۆ خولی نایاب، لەنێوان تیمی باسکەی کچانی سنە و تیمی باسکەی کچانی مەشهەد، کاتژمێر ٨ی سەرلەئێواریّ و لە یاریگەی باسکەی ئازادیی شاری سنە بەڕێوەچوو کە تیمی کچانی سنە بە وەدەستهێنانی ٦٥ خاڵ لە بەرانبەر ٦٣ خاڵی تیمی کچانی مەشهەد و بە مەودای ٢ خاڵ توانی سەرکەوتن وەدەست بهێنێت و بڕواتە خولی نایابی باسکەی کچانی ئێرانەوە.
شایانی باسە کە تیمی باسکەی کچانی سنە لەلایەن ڕێژیمەوە هیچ پێداویستییەکی وەرزشییان بۆ دابین نەکراوە و لەلایەن خواردنگەی «کەبابیی شەیدا»ی شاری سنەوە سپۆنسەری دەکرێت و بەم هۆکارەشەوە ناوی ئەو خواردنگەیە وەکوو نازناوی تیمەکە دیاری کراوە.

## شێرەکچێکی کوردستانی دەبێتە پاڵەوانی بازدان لە بڵیندایی

مائیدە موتەهەری کچێکی بلیمەتە کە لە هەڵاتندا لە کوردستان براوەیە توانی لە کێبەرکێکاندا لە بازدان لە بڵینداییش ببێتە پاڵەوانی ئێران.



## ژنێکی ئێرانی دەبێتە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی فوتسالی ژنانی عێراق

ماڵپەری عەرەبی کۆری بە وتەی سەرۆکی لیژنەی ژنانی فیدراسیۆنی تۆپی پێی عێراق دەڵێ «شەهناز یاری» ڕاهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی فوتسالی ئێران بەم نزیکانە سەرۆکایەتی هەڵبژاردەی ئەو وڵاتە دەکات.



# ئامادەکاریی ژنە شاخەوانێکی کورد بۆ سەرکەوتن بەسەر شاخی ئێڤێرێستدا

ژنە شاخەوانێکی کورد و خەڵکی خوراسان ئامادەکاری بۆ سەرکەوتن بەسەر شاخی ئێڤێرێستدا دەکات.
ژنە شاخەوانێکی کورد و خەڵکی خۆراسان بە ناوی «ئەفسانە حێسامیفەرد»، ئامادەکاری بۆ سەرکەوتن بەسەر شاخی ئێڤێرێستدا دەکات و سەرلەبەیانیی ڕۆژی چوارشەممە، ١٧ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی، ڕایگەیاندووە؛ بۆ ڕاهێنان و خۆئامادەکردن، دەچێتە شاخی دەماوەند لە نزیک شاری تاران و لە ڕاهێنانێکی یەک حەوتوویدا بەسەر شاخی دەماوەندا سەر دەکەوێت.
ناوبراو لەسەر گەشتەکەی بۆ شاخی ئێڤێرێست ڕایگەیاندووە؛ ئەم گەشتە شاخەوانییە ٤٥ ڕۆژ تاکوو دوو مانگ دەخایەنێت بۆ ئەوەی کە بەسەر ئەو شاخەدا سەر بکەوێت.
جێی ئاماژەیە کە شاخی ئێڤێرێست ٨٨٤٧ میتر بەرزە و بەرزترین شاخی جیهانە لە ئاستی دەریادا کە لەنێوان



وڵاتانی چین و نیپاڵدا هەڵکەوتووە و ئەفسانە حێسامیفەرد یەکەمین ژنە شاخەوانی کورد لە خۆراسانە کە ئامادەکاری بۆ سەرکەوتن بەسەر شاخی ئێڤێرێستدا دەکات.

# سەرکەوتنی کچە کوردێک لە بەسکتباڵی بەڕۆمی نورویژ

خاتوو شیبا حاج ئەحمەدی کچە کوردی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تیمی بەستکتباڵی «بەرۆم» لە کێبەرکێی فینالی ئەمساڵ وێرای هاورێیانی لە تیمی بەستکباڵی «برگن» لە تیمێکی بەهێز و بەناوبانگ بە ناوی «ئولکرین ئێگلاسی بەرگنی» بردوە و تیمی «بەرۆم» بوو بە یەکەمی ئەمساڵی ژنانی بەسکتباڵی نورویژ .
خاتوو شیبا لە بنەماڵەیکی کوردپەورە و چالاکە و ئەندامی یەکیەتیی لاوانی ڕۆژهەڵات بووە، ئەم خاتوونە وێرای براکەی شاهین لە ٧ ساڵەیەوە لە شاری شێتن دەستیان بە وەرزشی بەسکتباڵ کردوە.
شیباحاجی ئەحمەدی لە قوتابخانەی وەرزشی دەخوێنێت و دووای تەواو کردنی خویندن وەک ماموستای وەرزش و راهێنەر لە «ئۆسلۆ گاملە بیین ئوسلۆپەشونالّ» ڕاهێنان بە کچان دەکا.
ناوبراو لە تیمی کچانی بەرۆم وەک کچێکی دیار و وەرزشکارێکی بەتوانایە و هەروەها وەک ماموستای بەستکتباڵ ڕاهێنان بە کچانی شتن دەکا.
لە لایەن ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی خاتوو شیبا حاجی ئەحمەدی دەکەین و هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ بە ئاوات دەخوازین.



# ژیوار فەرج زادە، کەم تەمەن ترین دەرهێنەری کورد، فیلمێکی کاندیدای فیستیڤاڵی کاندایە




ژیوار فەرەج زادە لە روی تەمەنەوە دەتوانین بلێین بچوکترین دەرهێنەری سینەمایی کوردە، بەڵام فیلمەکانی لە فیستیڤاڵە جیهانییەکان پێشوازی گەورەی لێدەکرێت و فیلمێکیشی کاندید کرا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی سینەمایی فیستیڤاڵی کانادا.

# سەرکەوتنی خانمە کوردێک لە بواری زانست وتیکنۆلۆژی

دوکتور بەهارەک سوڵتانیان خەڵات بۆ ژنانی لە بواری AI= artificial intelligence زیرەکی دەسکرد، لە ئەمریکای باکور وەردەگریَ. بەهارەک خانم دوکتورای لە بواری AI لە فنلاند وەرگرتووە و ماوەی ١٠ ساڵێکە لە ئەمریکا کار دەکا و بەرپرسی لێکۆڵینەوەی زانستیە لە یەکێک لەو دامەزراوە تیکنۆلۆژیانە و لە سیلیکان والی نزیک سانفرانسیسکۆ، ناوەندی سەرەکی تیکنۆلۆژی ئەمریکا، کار دەکا. شایانی باسە دوکتور بەهارەک خەڵکی شاری مهابادە و لە بنەماڵەی بەڕێز و نیشتمان پەروەری سوڵتانیانە.

ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنان دێموکراتی کوردستان سەرکەوتنی ژنانی کورد لە سەراسەری جیهاندا بەرز دەنرخێنیَ و هەر وها پیروزبایی بە خاتوو بەهارەک سوڵتانیان دەڵیَ و ئاواتی سەر کەوتنی زیاتری بۆ بە ئاوات دەخوازیَ.


Baharak (Becky) Soltanian,... • 1st
Vice President of Research and Development at Sanborn
9h •

I am very excited to share that I've been nominated for Women in Artificial Intelligence Awards North America 2022 powered by Get Cities. This award is a prestigious recognition and a vital platform in building the credibility and exposure for women in AI across Canada, USA & Mexico.
Join me on May 13 at 4 pm EST for the virtual awards ceremony and celebrate AI innovators across North America.
Register today: https://lnkd.in/gZZg-yuU
#WaiAwardsNA #womeninai

@women-in-ai-canada @women-in-ai-usa @women-in-ai-mexico @womeninai @getcities



170
19 comments • 2 shares



## خاتوونی تکواندۆکاری مەریوانی، میداڵی برۆنزی ئۆلەمپیکی وەدەست هێنا

«نۆسەی بە شابازی «خاتوونی تکواندۆکاری مەریوانی توانی میداڵی برۆنزی ئۆلەمپیکی هاوینانەی کەڕەکانی جیهانی لە وڵاتی بێرزیل وەدەست بهێنیَ .



## یاسمین فەهیمی وەک سەرۆکی گەورەترین یەکیەتیی بازرگانی ئەڵمان هەڵبژێردرا ئەو سیاسەتمەدارە تەمەن ٥۴ ساڵە زیاتر لە ٩٠ لە سەدی دەنگەکانی بەدەستهێنا ئەو یەکەم ژنە کە سەرۆکی یەکیەتیی بازرگانی ئەڵمانە.

# بەشداریی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان لە ناساندنی کتێبی «دیداری قاسملوو لە گێڕانەوەی زارەکیدا»

دوانیوەڕۆی ١٨ی خاکەلێوە کۆڕێک بۆ ناساندنی کتێبی «دیداری قاسملوو لە گێڕانەوەی زارەکیدا» لەماڵی ڕەوشنبیرانی کۆیە بڕێووەچوو.

کە هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەشداری ئەم کۆڕە بوون.

سەرەتای کۆڕەکە بە ساتێک وەستان بۆ ڕوحی شەهیدان دەستی پێکرد و پاشان خاتوو ئاسکە حەسەنزادە پێشکێشکاری کۆڕەکە باسێکی لەسەر کەسایەتی نووسەر و بیوگرافییەکی لەسەر کارەکان و کتێبەکانیان پێشکەش بە ئامادە بووان کرد.

لە بەشی دوایی کۆڕەکەدا، «د. هوشمەند عەلی مەحموود» نووسەری کتێبەکە باسێکی لەسەر ناوەرۆکی کتێبەکە و چۆنییەتی نووسین و ئەو بیرەی کە لە پشت نووسینی کتێبەکە بووەی کرد و لەگەڵ بەداخ بوونی بۆ لەدەستدانی چوار کەسایەتی کە ڕۆڵیان لە نووسینی کتێبەکەدابووە دەستخۆشی لە ئەو کەسانە کرد کە ئێستا لە ژیاندماون.

«د. هوشمەند» لە بەشێکی باسەکەیدا باسی لە چۆنییەتی نووسینی مێژووی زارەکی کرد و گوتی کە ئەو شێوە مێژوو نووسینە گرینگە و دەبێ سەرنجی پێ بدرێ.

کۆڕەکە بە بۆچوونی بەشداربووان لەسەر



کتێبەکە و پێشکێشکردن و واژۆ کردنی کتێبەکە لەلایەن نووسەرەوە کۆتایی هات.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی پەردەلادان لەسەر کتێبی «خەونی پرتەقاڵی» لە شاری مەریوان



بە بەشداریی کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەدەبدۆستان و شاعیران و نووسەرانی کوردستان ڕێوڕەسمی پەردەلادان لەسەر کتێبی «خەونی پرتەقاڵی» بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمی پەردەلادان لەسەر کتێبی «خەونی پرتەقاڵی» لە نووسینی نووسەری نیشتیمانیی کورد مامۆستا عوسمان شێرزاد (ک.د.ئازاد) لە شاری مەریوان بەڕێوە چوو.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٠ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی، لە شاری مەریوان ڕێوڕەسمی پەردەلادان لەسەر کتێبی شێعری «خەونی پرتەقاڵی» لە نووسینی مامۆستا عوسمان شێرزاد بە بەشداریی زیاتر لە دووسەد کەس لە ئەدەبدۆستان و شاعێران و نووسەرانی کوردستان لە شاری مەریوان بەڕێوە چوو.

# کۆچی‌دوایی بەڕێز عەلی ڕەحیمی، کەسایەتیی نیشتمانپەروەری شاری بانە



بە پێی هەواڵی گەیشتوو ڕۆژی پێنجشەم ٨ی بانەمەڕی ١٤٠١ی هەتاوی بەڕێز عەلی ڕەحیمی برا گەورەی خاتوو مەحبوبە ڕەحیمی بەرپرسی گشتی کومیتەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات، بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە لە شاری بانە کۆچی دوایی کرد.

لەلایەن ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ، وێڕای خەم و پەژارەی خۆمان بۆ کۆچی‌دوایی کاک علی ڕەحیمی، پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی خاتوو مەحبوبە ڕەحیمی و بنەماڵە و کەسوکاری ناوبراو دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.

# کۆچی‌دوایی خوشکی شەهیدێکی حیزبی دێموکرات لە گوندی نییەر



بەدیعە مینبەری، خوشکی شەهید کەریم مینبەری لە ئاوایی «نییەر»ی سەر بە ناوچەی سنە بەهۆی جەڵتەی مێشکەوە ماڵاوایی لە ژیان کرد.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، خاتوو بەدیعە مینبەری، خوشکی شەهید کەریم مینبەری، ناسراو بە «کەریم پیرباخی» شەهیدی حیزبی دێموراتی کوردستان، بەهۆی جەڵتەی مێشکەوە لە ئاوایی نیەر سەر بە پارێگای سنە ماڵاوایی لە ژیان کرد و لەنێو ئاپۆرای خەڵکی نیشتمانپەروەری ناوچەکەدا ئەسپەردەی خاکی پیرۆزی کوردستان کرا.

خاتوو بەدیعە مینبەری جگە لەوەی خوشکی شەهید کەریم پیرباخی، پێشمەرگە و فەرماندەی قارەمانی هێزی بێستوون بوو، پووری شەهید ڕێبوار و ئامۆزای شەهید ڕەحیم مینبەرییە و لەنێو بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و خاوەن شەهیدی ڕێبازی پیرۆزی حیزبی دێموکرات پەروەردە کرا و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی نییەر و گوندەکانی دەوروبەر و ناوچەکە لە بەخاکسپاردن و کۆڕی هاوخەمی بنەمالەیاندا بەشدارییان کرد و دڵسۆزانە بە خاکی پیرۆزی کوردستانیان ئەسپەردە کرد.

ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، بەبۆنەی کۆچی‌دوایی خاتوو بەدیعە مینبەری، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزیان و سەرجەم خەڵکی شۆڕشگێڕی گوندی نییەر دەکا و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێ.

# کۆچی دوایی خاتوونێکی نیشتمان پەروەر و دایکی دوو شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ڕۆژی یەکشەممەڕێکەوتی ٠٥/٠٦/٢٠٢٢ زایینی دایە «مریەمی ڕۆستەمپوور» هاوسەری پێشمەرگەی سەردەمی کۆماری کوردستان، کۆچکردوو مام عەزیز عەزیزی و دایکی شەهیدانی فەرماندە حەمەعەزیز عەزیزی و ڕەسوڵ عەزیزی، لەتەمەنی ٨٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

دایە مەریەم ساڵی ١٣١٧ی هەتاوی لەگوندی بێورانی خوارێی سەردەشت چاوی بەژیان هەڵێناوە.

ژیانی دایە مەریەم وەکوو هەموو منداڵانی سەردەمی خۆی بێبەشی و ڕەنج و کوێرەوەری بووە و شانبەشانی ئەندامانی بنەماڵە تێکەڵی کار و زەحمەتی ڕۆژانە بووە.

کاتێک لەگەڵ مام عەزیز ژیانی هاوسەری پێکدێنن، بناغەی بنەماڵەیەک دادەڕێژن کە نەک هەر بۆ گوندەکەی خۆیان، بەڵکوو بۆ هەموو ناوچەی سەردەشت دەبێتە جێگای شانازی و لێ فێربوون.

ئەوان دەبنە خاوەنی کوڕان و کچانێک کە گەل شانازییان پێوە دەکات.

دایە مەریەم نەک هەر کوڕەکانی بوونە پارێزەرانی کوردستان، بەڵکوو بۆ خۆی و تەواوی بنەماڵەکەیان چوونە سەنگەری بەرگری لەمافەرەواکانی گەلی کورد.

ئەگەر کوڕە نەبەز و چاونەترسەکانی لەسەنگەری پاراستنی مافی ڕەوای گەلی کوردا سەرقاڵی خەبات و تێکۆشان بوون، دایە مەریەمیش لەسەنگەری پشتی جەبهە، سەرقاڵی تەیار کردنی خواردن و خۆراکی ڕۆڵەکانی بوو.

سەرەڕای ئەوەش دایە مریەم وەک هەموو ژنێکی کورد، هەستی بە بێبەشی و ماف خوراوی ژنان کردبوو و هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە بە کردەوە هەنگاو هەڵبگرێ و وەک ئەندامی یەکیەتیی ژنان لەو بنکەی کە تێدا نیشتەجێ بوون سازمان درا و چالاکانە لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بەشداری دەکرد.

لەدرێژەی ئەو خەبات و تێکۆشانە بێوچانەدا، بەداخەوە دایە مەریەم قوربانی زۆر بەنرخ و گرانبەهای دا و دوو لە کوڕە ئازا و بەجەرگەکانی، کە هەردووکیان لە فەرماندە چاونەترس و خۆشەویستەکانی حیزب بوون، بەناوەکانی حەمە عەزیز و ڕەسوڵ شەهید بوون و برینێکی سارێژ نەبوویان



خستە سەرجەگی دایە مەریەم و تەواوی خزم و کەسانی.


بەوحاڵەش تۆزقاڵێک لە ئیرادەی پۆڵایینی دایە مەریەم و مام عەزیز کەم نەبووەوە و بیری نیشتیمان پەروەری و هیوا بە ڕزگاری ڕۆژ بە ڕۆژ لەدڵی ئەواندا زیاتر دەبوو، ئەوان هەموو پێشمەرگەکانیان وەکو ڕۆڵەکانی خۆیان تەماشا دەکردن.

لەوچەند ساڵەدا کە دایە مەریەم لەوڵاتی سوئێد دەژیا، تەواوی هۆش و زەینی لە کوردستان و لای پێشمەرگەکان بوو، ئاوات و ئارەزووی ئەوە بوو بە ئازادی بگەڕێتەوە کوردستان و گڵکۆی شەهیدەکان بگرێتە باوەش.

بەداخەوە ماوەی ٤ ساڵ بوو تووشی نەخۆشی شەلەلی ببوو و لەپێ کەوتبوو، تا سەرئەنجام ڕۆژی ٥/٦/٢٠٢٢ بۆ هەمیشە ماڵاوایی یەکجاری لەئاوات و ئامجەکانی کرد.

لەلایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی بنەماڵەی بەڕێزی عەزیزی دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.

## بەداخەوە گەورە نووسەر و وەرگێڕی کورد مامۆستا عەزیز گەردی لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد




دوکتور عەزیز گەردی خاوەنی زیاتر لە ٢٠٠ کتێبی نووسراو و وەرگێڕانە، زمانزان و ئەدەبناسێکی گەورەی کورد بوو، جگە لە زمانی کوردی شەش زمانی دیکەی بە باشی زانیوە.

یەکێک لە بەناوبانگترین وەرگێڕانەکانی مامۆستا عەزیز گەردی (داغستانی من)ی ڕەسوڵی حەمزاتۆڤ ـە، بەهۆی سەلیقە و زمانزانی مامۆستا گەردییەوە خوێنەر هەست ناکات وەرگێڕانە.

مامۆستا عەزیز ئەحمەد گەردی ١٩٤٧ لە بەحرکە، هەولێر، لەدایک بووە. دەرچووی بەشی زمانی فەڕەنسی بوو لە زانکۆی بەغدا، دواتر لە ساڵانی ١٩٩٤ و ١٩٩٩ بڕوانامەکانی ماستەر و دکتۆرای بەدەست هێناوە. بەداخەوە ئەمڕۆ ڕێکەوتی ١٦ی جۆزردانی ٢٧٢٢ی کوردی لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

# کۆچی‌دوایی پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان



مەعسوومە و بنەماڵەی کۆچکردوو دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٦ی جۆزەردانی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٠٢٢/٦/٦ی زایینی بە داخەوە هاوڕێی فیداکار و دڵسۆزی حیزب و پێشمەرگەی گەل و نیشتمان، کاک محەممەد خوداپەنا هەروەها هاوسەری ئەندامی لە مێژینەی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان خاتوو «مەعسومە عەباسی» کە ماوەیەکی زۆر بوو بە دەست نەخۆشییەوە گیرۆدە ببوو، ماڵاوایی لە کۆڕی هاوڕێ و هاوسەنگەران و ئازیزان و خۆشەویستانی کرد.
ساڵی١٣٥٨ی هەتاوی چەکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان و دەبێتە پێشمەرگە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا و بۆ هاتنە دی ویست و ئامانجەکانی گەلەکەی تا دوا هەناسەکانی ژیانی لە سەر باوەڕەکانی و ڕێبازی پیرۆزی شەهیدان وەفادار مایەوە.
لەلایەن ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خاتوو

# فستیواڵی وەرزشی لەلایەن ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوەندی وەرزشی لاوانی کۆیە بەڕێوە چوو



لە ڕێکەوتی٢٠٢٢/٥/٢٩دا ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ناوەندی وەرزش و لاوانی کۆیە و ڕێکخراوەی TDH ئیتالی چالاکی وەرزشیمان بەڕێوە برد کە پێک هاتبوو لە یارییەکانی گۆرەپان و مەیدان بۆ تەمەنی ١٣ ساڵ بەرەو خوار کە ژمارەیان نزیکەی ١٥٠ منداڵ بوو بە سەر پێنج گروپ دابەش کرابوون کە بریتی بوون لە تیمی ئازادی یەک ئازادی دوو زەوی سپی ئامیریە کۆیە و بە بەشداری کردنی ١٥ نێوبژیوان بۆ چاوەدێری کردنی یاریەکان، یاریەکان بریتی بوون لە:

- ڕاکردنی ماوە کورت
- ڕاکردنی ماوە درێژ
- ڕاکردنی پۆستە - بەربد
- هەڵدانی تۆپ
- بازدان لە شوێنی خۆیان
- پەت ڕاکێشان
- ڕاکردن لە ناو گونیە

لە کۆتاییدا مداڵیا وخەڵاتمان بەسەر منداڵەکان و تیپە سەرکەوتووەکان دابەش کرد.

# WOMEN

DEMOCRATIC WOMEN
UNION OF KURDISTAN

*June 2022*

